3

باپیرە نوور فێرمان دەکات

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

محمد پاکسو

3

باپیرە نوور فێرمان دەکات

محمد پاکسو

بسم الله الرحمن الرحیم

ناوی کتێب: باپیرە نوور فێرمان دەکات
بەرگی سێیەم
نووسەر: محمد پاکسو
وەرگێڕ: دۆستی عوسمان
پێداچوونەوە : بەفراو جەمال
چاپ: یەکەم — ٢٠١٥

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١٥١١)ی ساڵی ٢٠١٤ ی پێ دراوە

ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا
بنکەی سەرەکی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا – سلێمانی / شەقامی پیرەمێرد
0770 358 7100 - 0750 106 9589 - 0748 013 4669 ara.m@hotmail.com

©سەرجەم مافەکانی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا
بەپێی ڕێکەوتنی فەرمی نێوان ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا و دەزگای بەرهەمهێن و نووسەوە، ناوەندەکە ڕێگە نادات بە لەچاپدانەوە و کۆپی کردن یاخود دابەزاندنی لە سایت و تۆڕە کۆمەلایەتییەکان، یاخود خستنە سەرشێوازی دەنگ بۆ میدیاکان بەهەر شێوازێك بێت. سەرپێچیکاریش تووشی سزای یاسایی دەبێت.

حیکمەتی شوانێتی

کەڵەشێر و دایکایەتی مریشك

"کەڵەشێر کاتێك خۆراکێك دەدۆزێتەوە، تەنانەت گەر خۆشی برسی بێت، سەرەتا مریشکەکان بانگ دەکات و، ئەوان پێش خۆی دەخات. مریشکیش هەمیشە دەڵێی شوانی جووجەڵەکانی خۆیەتی و، گیانی خۆی دەکاتە قوربانییان و، بۆ پاراستنیان تەنانەت لە سەگیش سڵ ناکاتەوە.. گەر بەچکەکانی تێربن، زۆر گوێ ناداتە برسییەتی خۆی. کەواتە ئەوان هێندە چێژ لەو خزمەتە دەبینن کە سەرەڕای نارەحەتی و برسێتی و ئازاری مەرگ هەر ئەو خزمەتە هەڵدەبژێرن و، بگرە پێشیان خۆشە".

ئێوەش کەڵەشێرتان بینیوە، ئەها چوار پێنج مریشکی لەدەورە و لەدەوروبەری کولانەکەیان دەگەڕێن.



کەڵەشـێری ئێسکسـووك و پۆپنـە بەرز، سنگی دەرپەڕانـدووە و، کلکیشـی قیـــت کردووەتـــەوە و، بەفیزێکـــەوە بەناویاندا دەگەڕێت.

لەهەمان کاتدا سەرێ بەلای ڕاسـتدا و ســەرێ بــەلای چــەپدا بــادەدات و، هەمیشە چاودێری دەوروبەرەکەی دەکات.

ئەگەر یەکێك دەستێکی لێ بەرز بکاتـەوە و کششـەی لـێ بکـات، یەکسەر بەدەنگە بەرزەکەی دەست دەکات بە قووقەقوق.

جگە لەوەش هەردەم چاوی لەسەر زەوییەکەیە... ئەگەر دەنکـە گەنمێك یاخود کرمێکی بەرچاو بکەوێت، یەکسەر بۆخـۆی حەپەلوشـی ناکات، بەڵکو بە زمـانێکی تایبـەت بـەخۆی مریشـکەکانی دەوروبـەری بـانگ دەکـات و خـۆی دەکشـێتەوە و فـەرموو لـەوان دەکـات. ئەمـە لەکاتێکدا کە خۆشی برسییە..

- خۆ خۆی زیاتر پێویستی بەو دەنکە گەنمەیە تـا مریشـکەکان، ئەگەر بیشیخوات کەس پێی ناڵێـت: "ئـەرێ ئـەم دەنکـە گەنمـەت بـۆ خـوارد؟". تـۆ بڵێـی هـۆی چـی بێـت وا بـەم شـێوەیە هەڵسـوکەوت دەکات؟!

- یەکەم: کەڵەشێر لەم ڕەفتارەی چێژێکی گەورە دەبینێت و، ئەمە کەیفێکی خۆشە بۆ ئەو، واتە ئەو زیاتر حەزی لە نانپێدانە تا نانخواردن.

دووەم: خۆ کەڵەشێر هەر لەخۆیەوە کار ناکات، بەڵکو بەناوی زاتێکەوە دەجوڵێتەوە.. واتە بەناوی ئەو زاتەی کە لە بنەڕەتەوە لە هێلکەیەکەوە بەم دۆخەی گەیاندووە و ئەم ئەرکەی پێ سپاردووە..

واتە؛ کەڵەشێر بێ ئەوەی خۆی عەقڵی پێ بشکێت بەم شێوەیە ڕەفتار دەکات، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لە ژێر فەرمانی پەروەردگاردا کار دەکات، چونکە کەڵەشێر توانای بیرکردنەوەی نییە لە ئەنجامدانی ئەم کارانەدا.

لە سایەی سۆز و بەزەیی خودادا ئەم ئەرکە بە خۆشەویستی و جۆش و خرۆشەوە بەجێ دەهێنێت.

* * *

دایکەمریشکیش هیچی لە کەڵەشێر کەمتر نییە.

ئەوەتا لەو ساتەوە کە جووجەڵەکانی هێلکەکانیان دەتروکێنن، ئەم دەکەوێتە دوایان و چاوی لەسەریان لانابات.

هەر لەگەڵ شتێکی سادەشی دۆزیەوە دەستدەکات بە گارەگار و، جووجەڵەکانی بانگ دەکات و، تێریان دەکات.. تەنانەت سەرەتا برسییەتی خۆی لەبیر نییە و، هەوڵی تێرکردنی ئەوان دەدات.



دایکەمریشکی خرپن هەر بەم شێوەیە جووجەڵەکانی بەخێو دەکات، تا قۆناغێك کە پێیان دەگەیەنێت و چیتر پێویستیان بەم نامێنێت.

هەر کە جووجەڵەکان گەورە بوون و توانیان خۆراکی خۆیان دابین بکەن، ئیتر ئەرکی دایکەمیشك تەواو دەبێت.

ڕەنگە گەر دواتر بیانبینێت هەر نەشیانناسێت، واتە نەك هەر ئەوەی گەر شتێکی دۆزییەوە بۆخۆی دەیخوات، بەڵکو ڕەنگە شتێکیش بەدەم جووجەڵەکانییەوە ببینێت، دەنووکیان لێ بگرێت و لێیان بسێنێت، چونکە ئەوان گەورە بوون و چیتر یەکتر ناناسنەوە.

ئاخر خۆ ماوەی دایکایەتی مریشك سنووردارە و، وەك مرۆڤ بەردەوام نییە.

* * *

دایکەمریشک لە پاراستنی جووجەڵەکانیدا فیداکارییەکی کەموێنە دەنوێنێت، چونکە لە هەموو مەترسییەکان دەیانپارێزێت.

ئەگەر سەگێك یان پشیلەیەك شاڵاو بۆ بێچووەکانی بهێنێت، ئەوا دایکەمریشك بێ ئەوەی لە بێتوانایی و لاوازیی خۆی بڕوانێت و، سڵ لە بەهێزیی و دڕندەیی ئەوان بکاتەوە یەکسەر هێرشیان دەکاتەسەر.

تەنانەت هەندێ جار گیانی خۆشی دەکاتە قوربانی لەپێناو سەلامەتیی جووجەڵەکانیدا.

لە ڕاستیدا زۆرکەس مریشکیان بینیوە کە بەرهەڵستی سەگی کردووە و، لەبەر جووجەڵەکانی خۆی داوە بەکوشت.

من لە منداڵیدا مریشکم بینیوە کە چەند مەترێك خۆی هەڵداوە و دارلاسیکی[1] لەدەست خۆم و هاوڕێکانم فڕاندووە، تا بەرد نەگرینە جووجەڵەکانی و ئازاریان نەدەین.

– چی وا لە مریشك دەکات گیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە و، سڵ لە هیچ نەکاتەوە و، لەپێناو ڕزگاکردنی جووجەڵەکانیدا بەسەگ و پشیلەدا هەڵبشاخێت؟

– (هەستی دایکایەتی)یە..

١– دارلاسیك یا دالاسیك: جۆرە یارییەکی منداڵانەیە، کە بەردی پێ دەگیردرێتە شت.

- بەڵام ئەگەر ئەمە تەنها هەستی دایکایەتیی بووایە، نەدەبوو لەدوای گەورەبوونی بێچووەکانیشی هەر بەم شێوەیە بوایە؟!

بەو پێیەی کە ئەم کارەی بەردەوام نییە، ئەوا مریشکیش وەك کەڵەشێر هەر لە خۆیەوە کار ناکات.

بەڵکو بەناوی ئەو زاتەوە کاردەکات کە ئەو ئەرکی دایکایەتییەی پێ سپاردووە.. خۆی برسی دەکات بۆ ئەوەی جووجەڵەکانی تێر بن، هەروەها لەپێناو پاراستنیاندا هیچ مەترسییەك بۆ سەر گیانی خۆی لەبەرچاو ناگرێت[1].

١- لە (بریسکەی حەڤدەیەم)ەوە وەرگیراوە.

پەیوەندی چاوی مێشوولە بە کۆمەڵەی خۆرەوە چیە؟

"هەمان ئەو بەدیهێنەرەی چاوی مێشوولەی بەدیهێناوە خۆر و ئەستێرەکانیشی بەدیهێناوە، هەروەها هەر ئەو زاتەی میکانیزمی کاری گەدەی کێچی ڕێکخستووە و وەگەڕی خستووە، سیستمی کاری گەلەئەستێرەکانیشی ڕێکخستووە".

واتە: چاوی مێشوولە کاری وەستایی کێ بێت، خۆریش هەر دەستکردی ئەوە.

کێ گەدەی کێچی ڕێکخستبێت، هەر ئەویش جووڵەی ئەستێرەکانی ڕێك خستووە.

مێشوولە زیندەوەرێکی زۆر بچووکە، دەی دیارە کە چاوەکانیشی زۆر لە خۆی بچووکترن و، ئێمە ناتوانین بەچاوی خۆمان باش بیانبینین.

تا ئەم ساتەمان کەسانێکی زۆر کەم چاوی مێشوولەیان لا گرنگ بووە و، زۆرینەی خەڵکی هەر بەخەیاڵیشیاندا نایەت.

- بۆچی؟

- چونکە جێی بایەخ نییە لایان.. ئەڵێن: ئاخر مێشوولە خۆی چییە، تا لە چاوی بپرسین.

بەڵام کۆمەڵەی خۆر، لە کۆمەڵە هەسارەیەکی زەبەلاح پێك هاتووە، کە ژمارەیان نۆ هەسارەیە و (لەم زەوییەی خۆمان و، عەتارد و، زوهرە و، مەریخ و، موشتەری و ، زوحەل و، ئۆرانۆس و، نیپتۆن و، پلۆتۆ) پێك هاتووە.



بۆ نموونە، تەنها هەسارەی موشتەری (٣١٨) جار لە زەوی خۆمان گەورەترە! جا ئیتر بیر لە گەورە و فراوانیی کۆمەڵەی خۆر بکەنەوە.

- باشە ئەی مێشوولە بەراورد دەکرێت بە خۆر، یان هەسارەکان؟

- ناکرێت ئەو دووانە بەیەك بەراورد بکرێن، چونکە هەرگیز وەك یەك نین و، ناکرێنە دووتای یەك تەرازوو. بەڵام مێشوولەش لەجێ و ڕێگەی خۆیدا پلەوپایەیەکی هەیە....

* * *

ڕاستە کۆمەڵەی خۆر ئەم هەموو هەسارە و مانگەی تێدایە، بەڵام خۆ مێشوولەش لەو کەمترنابێت، کەواتە با تەماشایەکی چاوی مێشوولە بکەین:

چاوی مێشوولە، شانەیەکە کە لە هەزارەها وردە چاو پێکهاتوون، هەر وردە چاوێکیش لە شێوەی شەش لادایە و، هاوینەی خۆی هەیە و، خاوەنی شانەیەکی ناسکە کە لە خانە قوچەکییەکان پێك هاتووە.

خانە ڕەنگینەکانیش دەوری دیوی دەرەوەی چاوەکەیان داوە.. لەدیوی ناوەوەش چینی تۆڕەی تێدایە.

بەڕاستی ئەم پێکهاتەیەی چاوی مێشوولە زۆر سەنجڕاکێش و سەرسوڕهێنەرە!

چ ڕێکوپێکییەکی ناوازە و، چ نەخشەسازییەکی ورد و بێ وێنەیە!

هەزاران وردەچاو، دەبنە مایەی ئەوەی مێشوولەکە یەك وێنە ببینێت.

دەزانم ئێستە هەست دەکەن تێگەیشتن لەم پێکهاتەیەی چاوی مێشوولە کەمێك ئاڵۆزە، بەڵام ئێوە لە تایبەتمەندییەکانی بڕوانن.. هەروەها لەگەڵ ئەوەی بە ڕووکەش سادە دەردەکەوێت، بەڵام ئێوە

سـەرنجی نـاوەڕۆك و نـاوەوەی بـدەن.. بـا هەسـت بكـەن هـیچ سوودێكیشی بۆ ئێوە نییە، بەڵام هەوڵ بدەن لە هونەرەكەی بڕوانن.

* * *

نیشتنەوەی مێشوولەیەك بەدەستتەوە و، مژینی خوێنەكـەت بـێ ئەوەی هەستی پێ بكەیت و، فڕینی بەرلەوەی بیگریت، خۆی بۆخـۆی كارێكی زۆر سەرنجڕاكێشی دیكەی مێشوولەیە.

كەواتـە مێشـوولە چـەند تایبەتمەندییـەكی زۆر سەرسـوڕهێنەری هەیە كە تەنانەت لە زەوی و خۆر و موشتەریشدا نییە.

لەپێش هەموو شتێكەوە مێشوولە ژیانی هەیە، ڕۆحی هەیە، بۆیە تام دەكات و، دەبینێت و، بۆن دەكات و، هەست بەشتەكان دەكـات و، دەخوات و دەخواتەوە....

چەندین تایبەتمەندی زۆر لەمانەش نـاوازەتر و لەژمارەنـەهاتووی هەیە.

كەواتـە لـەم ڕووەوە مێشـوولە نـەك لـەدوای كۆمەڵـەی خـۆرەوە نییە، بـەڵكو ئەگـەر لەپێشـییەوە نـەبێت، ئـەوا بێگومـان هـیچ نـەبێت هاوشانیەتی..

بـەڵام كۆمەڵـەی خـۆر و مێشـوولەش وەك هـەموو بوونـەوەرێك، چەند خاڵێكی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە:

سەرەتا: بەدیهێنەرەکەیان یەکە، واتە ئەو زاتەی لە نەبوونەوە هێناونییەتە بوون بۆ ئەم جیهانە و خاوەنیانە، زاتێکی تاك و تەنها و بێ هاوەڵە.

بەدیهێنەر و ڕێکخەری یاسا و ڕێساکانی مێشوولە و کۆمەڵەی خۆریش یەکێکە و، هەمان ڕێکوپێکییان هەیە، بۆیە هیچکامیان لە ڕێساکانیان لانادەن و، سەربەخۆ لەخۆیانەوە کارناکەن.

هەر ئەو زاتەی گەدە و خواردن و خواردنەوە و ژیانی مێشوولەی ڕێکخستووە، ڕێساکانی کۆمەڵەی خۆریشی ڕێکخستووە.

هەردووکیان لە هەمان سەرچاوەوە فەرمان وەردەگرن و، ملکەچی دەبن.

هیچکامیان بێسەروبەر و بێ ئامانج نین و، لەخۆیانەوە کار ناکەن، چونکە ناتوانن وا هیچ بکەن، بەڵکو بۆ چ شتێك بەدیهێنرابن هەر ئەوە دەکەن.

ئەم جیهانە پێویستی بە چ جۆرە خزمەتێکی ئەوان بێت، ئەو خزمەتە دەکەن[1].

١– لە (مەکتووبات، ناوکەکانی حەقیقەت) ەوە وەرگیراوە.

چۆن دەتوانین تەمەنمان درێژ بکەین؟

"مرۆڤەکان! ئایا دەتانەوێت تەمەنی فانی و کورتتان بکەنە
تەمەنێکی باقی و، سوودبەخش و، بەرهەمدار؟
مادام دەتانەوێت تەمەنتان وا بێت، کەواتە لەڕێگەی زاتی (باقیی
ڕاستەقینە)دا بەسەری بەرن".

تەمەنی مرۆڤ گەلێك کورتە. زۆر بژی پەنجا، شەست، تۆ بڵێ حەفتا، یا هەشتا ساڵ دەژی. لەم سەردەمەدا کەسە سەدساڵەکان، بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن.

ئەگەر کەسێکمان لە حەفتا ساڵ زیاتریش بژی، ئەوا وردەوردە ژیانی کەسانی دەوری ناڕەحەت دەکات و، دەبێتە بارێکی یەکجار گران بەسەریانەوە...

ئەگەر تەمەنی حەفتا هەشتا ساڵەی مرۆڤ بە تەمەنی زەوی بەراورد بکەین، ئەوا بێگومان تەمەنی مرۆڤ زۆر کورت دێتە بەرچاو، بگرە هەر هیچیش نییە لەچاو تەمەنی زەویدا، وا نییە؟

تەمەنی زەوی ملیۆنان ساڵە، بەلام تەمەنی مرۆڤ یەك لەسەر هەزاری ئەویش نابێت، جگە لە کورتییەکەی فانی و لەبنهاتووشە.

تەمەن هێندە بەخێرایی تێدەپەڕێت و، خۆری ژیان هێندە زوو ئاوا دەبێت، کە تەنانەت پێشی ناگەینەوە...

با هەموومان تەماشایەکی ژیانی خۆمان بکەینەوە:

دوێنێ کۆرپە و مەلۆتکەیەك بووین، پاش قۆناغی منداڵیمان بووینە هەرزەکار و، وردە وردە گەورە بووین تا بەم حاڵەی ئێستامان گەیشتین.

گەر تەمەنیشمان زیاتر درێژەی کێشا، ئەوا ڕۆژێك دێت کە منداڵانێك بە"مامە، یا خاڵە، یا پورێ" بانگمان بکەن.

دەڵێن لە حەزرەتی نوحیان پرسی (سەلامی خوای لێ بێت)، کە نزیکەی هەزار ساڵ ژیابوو: "دونیا و ژینت چۆن بینییەوە؟"

ئەویش وتی: "وەك خانوویەکی دوو دەرگا دێتە پێش چاوم، کە لەدەرگایەکیانەوە هاتوومەتە ژوورەوە و لەوی دیکەیانەوە دەچمە دەرێ".

ئەگەر ئەمە وتەی حەزرەتی نوح (سەلامی خوای لیّ بێت) بووبێت، ئەوا ئێمە بڵێین چی!

* * *



تەمەن هەتا بڵێیت کورتە، تا بڵێیت زووتێپەڕ و فانییە، کەچی زۆرکات بە بەتاڵی ڕۆژەکانی بەڕیّ دەکەین و، بە باشیی گرنگیی پێنادەین.

ناتوانین بیخەینە بارێکی سوودبەخش و بەرهەمدارەوە.. زۆرجار پلانمان بۆ ژیان نییە، بەڵام جاری وا هەیە گەر پلانیشمان هەبێت، ئەوا کات بەشمان ناکات.. بۆیە بەردەوام ناڕازین و سکاڵا لە حاڵی خۆمان دەکەین.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەمانەوێت ئەم کەلێنەمان پڕ بکەینەوە و، بەدوای ڕێگەچارەیەکدا دەگەڕێین و، پرس و ڕا بە کەسە ژیر و داناکانمان دەکەین و، دەمانەوێت سوود لە ئەزموونی پێشینان و باوباپیرانمان وەربگرین...

کورتترین ڕێگا و باشترین چارەسەر بریتییە لەوەی:

یەک: تەمەنمان لەڕێگەی ئەو زاتەدا بەسەر بەرین کە لە بنەڕەتەوە (تەمەن)ی پیّ بەخشیوین.

دوو: بە ئاڕاستەی ویست و فەرمانەکانی ئەو زاتە هەنگاو بنێین.

سێ: لە بازنەی ڕەزامەندیی ئەودا بژین.

لەڕاستیدا ئەگەر سەرنج بدەین هەر سێ خاڵەکە یەك واتایان هەیە و، هەرسێکیان هەڵگری یەك مەبەستن.

– چۆن شتی وا دەبێت؟

– وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسانە. بەم چەشنە:

ڕاستە تەمەن کورتە، بەڵام پێویست بە خەمخواردن ناکات، چونکە دەتوانن تەمەنتان درێژ بکەن و، خەمتان نەمێنێت.

– باشە چۆن و بەچی تەمەنمان درێژ بکەین؟

– من لێت دەپرسم: خوای گەورە باقی واتە هەمیشەییە؟

– بەڵێ هەمیشەییە.

– کەواتە ئێمەش دەتوانین تەمەنمان بێ کۆتا بکەین.

– چۆن؟ بەچی؟

– ئەگەر بە پێی ویست و ئارەزوو و ڕەزامەندی ئەو بژین، ئەوا ئیتر پێویست ناکات خەمی تەمەن درێژبوونمان بێت.

– باشە دەشێت لەم تەمەنە کورت و سنووردارەدا شتی وا ڕوویدات؟

– بەڵێ دەگونجێت شتی وا ڕوو بدات، بگرە ئەگەری نزیکەی لەسەدا سەدی هەیە...

بەسەربردنی یەك چرکە لە پێناو خۆشەویستی و ڕەزامەندی خودادا، واتە یەك ساڵ ژیان، بگرە چەندین ساڵ، تەنانەت لەوەش زیاترە، بێ کۆتایی و نەبڕاوەیە...

ئەگەر یەك چرکە یان یەك خولەك بەڕاستی لەپێناو خودادا بەسەر ببەین ئەوا ژیانێکی نەبڕاوە دەبەینەوە و تەمەنێکی بێ کۆتا بۆخۆمان مسۆگەر دەکەین.

بەڵام ئەگەر لە پێناو خودادا ژیانمان بەسەر نەبەین، ئەگەر چەندین ساڵیش بژین، ئەوا بەها و نرخی یەك چرکەیان نییە.

لەم ڕوانگەیەوە، ئەگەر تەمەنمان لەپێناو خودادا بگوزەرێت ئەوا کورت نییە، بەڵکو باقی و نەبڕاوەیە، پووچ و بەتاڵ و بێ نرخ نییە، بەڵکو بەهادار و بەرهەمدارە.



ئەگەر تەمەنی خۆمان لە ئاوێنەی بێ کۆتایی خودادا ببینین، ئەوکات تەمەنمان باقی و نەبڕاوە دەبێت وەك ئەو تیشکەی کە دەشکێتەوە سەر ئەو ئاوێنەیەی بە دەستمانەوەیە.

***

ئـەو ڕێگایانـە لـە ژمـارە نایـەن کـە تەمـەنمان سـوودبەخش و بەرهەمدار دەکەن، بۆیە ئێمە گەر تەنانەت یەك ڕێگەشـیان بگرینەبـەر ئەوا بەسە بۆمان.

ئێمەی موسوڵمان ڕۆژانە پێنج نوێژی فەرز دەکەین.. کەواتە ئـەو کاتەی لەنێوان وادەی ئەنجامدانی دوو نوێـژدا بەسـەری دەبـەین، وەك ئەوە وایە بە نوێژکردنەوە بەسەرمان بردبێت.

ئەگەر یەك مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو بین، وەك ئەوە وایە کە گشت ساڵەکەمان بە ڕۆژووگرتن تێپەڕاندبێت.

ئەگەر دەوڵەمەند بـین، بـەڵام زەکـاتی مـاڵ و سـامانمان بـدەین، وەك ئەوە وایـە کـە گشـت سـەروەت و سـامانەکەمان لـەپێناو خـودادا بەخشیبێت.

ئەگەر هـەمووکات دەرفـەت و مـەجالی قورئانخوێنـدنمان نـەبێت، ئەوا –بە پشتیوانی خوا– بە خوێندنی سێ جار (سـورەتی ئـیخلاص) خێری خەتمێکی تەواومان بۆ دەنووسرێت.

گەر لەبەر خوای گەورە بووینە دۆستی کەسێك و دڵیمـان ڕاگـرت، ئـەوا وەك ئـەوە وایـە کـە دڵـی هـەموو خـەڵکیمان لـە خۆمـان ڕازی کردبێـت. دەتـوانین لـەم بارەیـەوە نموونـەی زیـاتر و زیـاتریش بهێنینەوە..

کەواتە بەم جۆرە دەتوانین لە تەمەنی کورت و، ڕۆژە کەمەکانی ژیانماندا سوود و بەرهەمێکی لەبن نەهاتوو چنگ بخەین.

ڕوونتر بڵێم: دەتوانین بەژیانی کورت و فانیی دونیامان، ژیانی هەتاهەتایی دوارۆژ و بەهەشت بەدەست بێنین، هەروەها دەتوانین بە ڕۆژە سنووردارەکانی ژیانمان ببینە خاوەن ڕۆژە بێکۆتاکانی بەهەشت.

وتەیەکی کورت و پوختیش هەیە، کە زۆر جوان ئەم ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە دەڵێت:

"لەبەر خوا کار بکەن.. لەبەر خوا یادی یەکتر بکەن.. لەبەر خوا هەوڵ بدەن.. لە بازنەی لەبەر خوا و بۆ خوا و بە مەبەستی ڕەزامەندی خوا (لله، لوجه الله، لأجل الله)دا کار بکەن، چونکە تەنها ئەوکاتە خولەکەکانی تەمەنتان ئەرزش و بەهای ساڵانێکی دوورودرێژی دەبێت".[1]

١- لە (بریسکەی سێیەم)ەوە وەرگیراوە.

چۆن سەربەرزیی دوارۆژ بەدەستدەهێنرێت؟ چۆن خەمی دوارۆژمان نەمێنێت؟

"ئەم دونیایە (دارالحکمة) و (دار العمل)ە، نەك (دار الآخرة) و (دار الجزاء)، واتە پاداشت و کرێی کار و رەنجمان لە بەرزەخ و دوارۆژدا پێ دەدرێتەوە.

کار و کردەوەی دونیا لە بەرزەخ و دوارۆژدا بەر دەدات.. واتە ئەم دونیایە شوێنی خزمەتکردن و کارکردنە، نەك شوێنی پاداشت وەرگرتنەوە، پاداشتی پەرستش و کارەکانی ئەم دونیایەمان لە بەرزەخ و دوارۆژدایە و، درەختی بەندایەتی کردنی ئێرەمان لە جیهانی بەرزەخ و دوارۆژدا بەردەگرێت" .

لێرە کار دەکەین، لەوێ کرێکەمان وەردەگرین.

لێرە چاکە کۆدەکەینەوە، لەوێ خەرجی دەکەین.

لێرە ماندوو دەبین، لەوێ پشوو دەدەین.

لێرە دەبەخشین، لەوێ وەردەگرین.

لێرە لێدەنێین، لەوێ دەیخۆین.

لێرە تام دەکەین، لەوێ تێر دەخۆین.

لێرە دەمرین، لەوێ زیندوو دەبینەوە.

لێرە کاتیین، لەوێ نەمر و بەردەوامین.

ئێرە شتی کەمی لێیە، لەوێ هەموو شتێکی لێیە.

ئەگەر ئاوا وەك شیعر هەر ڕیزی بکەین و باسی بکەین، ئەوا هەرگیز ئەم شیعرە کۆتایی نایەت، بەکورتی: ئەم دونیایە بە جیهانی دواڕۆژ بەراورد ناکرێت و، بەیەك ناپێورێن، چونکە ئێرە هەرگیز بەوێ ناگاتەوە.

هەرگیز تروسکەی ڕووناکیی مۆمێك و ڕووناکیی خۆر دەبن بەیەك؟! لەیەك ئاستدان؟!

وەڵامەکە ئاشکرایە!

* * *

ئەوە ڕوویەکی بابەتەکەیە، لەڕاستیدا ڕووەکەی دیکەی گرنگترە.

– ئەو ڕووەی تریان چییە؟

– ئەوەیە کە: ئێمە بۆ خزمەتکردن و کارکردن و ئەرك بەجێهێنان هاتووینەتە ئەم دونیایە.

ڕەنگە (هاتووین) گوزارشتێکی ڕاست نەبێت، بۆیە باشترە بڵێین (نێردراوین)، چونکە نە هاتن بەدەست خۆمانە و نە ڕۆیشتن بەدەست خۆمانە.

ئێمە نەماندەزانی کەی دێین و، ناشزانین کەی دەڕۆین.

ئەو زاتەی ئێمەی ناردووەتە ئێرە، ڕۆژێك بانگمان دەکاتەوە بۆلای خۆی و، لێرە نامانهێڵێتەوە؛ چونکە ئێمە لێرە میوانین، هاتووین ماوەیەك لێرە بین، ئیتر هەر کە کاتی میوانداری تەواو بوو دەبێت ئێمەش بڕۆین.

ئەو خودایەی ئێمەی ناردووەتە ئەم جیهانە، ئەرکەکانی ماوەی ژیانمانی بەڕوونی و ئاشکرایی بۆ دیاری کردووین، دیارە ئەمەش لە ڕێگەی پێغەمبەرە نازدارەکەیەوە ﷺ.

* * *

– ئێمە لێرە ئەرکمان چییە؟ پێویستە چ کارێك بکەین؟ چۆن خزمەتێك پێشەکەش بکەین؟

– تەنها یەك ئەرکی سەرەکیمان هەیە ئەویش: بەندایەتی، یا پەرستشە.

هەر بۆیە پەروەردگارمان فەرمانی بە چی کردبێت ئەوە ئەنجام دەدەین و، هەر شتێکیشی لێ قەدەغە کردبێتین لێی دوور

دەکەوینەوە.. هەر ئەرکێکمان پێ سپێردرابێت بە خۆشەویستی و عیشقەوە بەجێی دەهێنین و چێژ لە بەجێهێنانی دەبینین.

– بۆچی؟

– چونکە پەروەردگار ئەم جیهانە و خۆمان و هەموو ئەو شتانەش کە خۆمان بە خاوەنیان دەزانین و هەموو نیعمەتەکانی پێ بەخشیوین و، هەر خۆشی خاوەن دەستەڵاتی ڕاستەقینە و تاهەتاییە.



ئێمەش لەبەر ئەوەی زۆرمان خۆش دەوێت، هەموو فەرمانەکانی بێ سێ و دوو جێبەجێ دەکەین.

– باشە لەبەرامبەر ئەم خزمەت و ئەرکبەجێهێنان و پەرستشانەدا چی وەردەگرین؟ ئەی لەکوێ وەریدەگرین؟

– لە ڕاستیدا پرسیار و بابەتی سەرەکی و، بابەتێك کە پێویست بێت بزانرێت ئەمەیە...

سەرەتا گەر دەتانەوێت با تەماشایەکی ژیانی دونیا بکەین:

گەر مانگێکی تەواو لە کارگەیەك کار بکەین، ئەوا لە کۆتایی ئەو مانگەدا کرێکەمان وەردەگرین.

گەر تەواوی هاوین لە کێڵگە و باخەکاندا کاربکەین، ئەوا هەندێك جار بەرهەمەکەی لە زستاندا وەردەگرینەوە و، هەندێك جاریش پاش ساڵێك..

ئەوەتا ساڵێکی ڕەبەق وانە دەخوێنین، تا ئەنجامەکەی لە کۆتایی ساڵ و لەگەڵ وەرگرتنەوەی نمرەکاندا ببینینەوە.

کەواتە لەدنیادا: بەرهەم و ئەنجامی کارەکان بریتییە لە پاداشت و کرێی هەوڵ و ڕەنجدانەکان و کاتی تەواوبوونی ئەرکەکان بەدەستیان دەهێنین.

کارە ماددی و دنیاییەکان بەم جۆرەن، بەڵام ئەو کارانەش کە تایبەتن بە دواڕۆژەوە هەر بەم شێوەیەن.

لەم دنیایەدا فەرمانەکانی خودا بەجێ دەهێنین و، ئەرکەکانی سەرشانمان ڕادەپەڕێنین تا پاداشتەکەی لەو دنیادا وەریگرینەوە؛

چونکە کۆتایی ژیانی دونیاشمان دەستپێکی ژیانی دوارۆژ و ژینێکی نەبڕاوەیە.

بابەتەکە لایەنێکی دیکەشی هەیە، ئەویش:

وای دابنێ کارێکت کرد و پاداشتەکەیت وەرگرت، هەر بەو پارەیە بازرگانییەکی نوێت بۆخۆت سازدا و، قازانجێکی باشیشت لێکرد.

لە هەر جێیەك کار بکەین، کرێیەکەی لە بەڕێوەبەر یا خاوەنکار یا سەروەستاکە وەردەگرین؛ چونکە کرێ و پاداشتی کاری ماددیی هەر ماددەیە.

– باشە کێ دەتوانێت کرێ و پاداشتی بوونەوەر لەسەر پەرستش و شتە مەعنەوییەکان بداتەوە؟ ئەی چۆن چۆنی پاداشتیان دەداتەوە؟

– گەر نوێژمان کرد، ڕۆژوومان گرت، قورئانمان خوێند، یا بابەتێکی ئایینیمان بۆ هاوڕێیەکمان ڕوون کردەوە... ئایا مرۆڤێك هەیە بتوانێت پاداشتی ئەم پەرستشانەمان بداتەوە؟ کەسی وامان لەم دنیایەدا دەست دەکەوێت؟

بمانەوێ و نەمانەوێ کەسی وا نادۆزینەوە؛ چونکە تەنها هەر ئەو زاتە لە بەرامبەریاندا پاداشتمان دەداتەوە کە فەرمانی پێ داوین ئەرك و کار و پەرستش بکەین.

واتە پەروەردگار ئەرکی پێ سپاردووین، هەر ئەویش لەبەرامبەردا پاداشتمان دەداتەوە.

پەروەردگار فەرمانی پەرستنی بەسەردا داوین، هەر ئەویش بەخششمان دەداتێ لەئاست بەندایەتی کردنماندا.

خۆ ئەگەر پاداشتی پەرستشەکان لەدنیا بدرایەتەوە، ئەوا نە دنیا بەشی دەکرد و، نە نیعمەتەکانی دنیاش...

* * *

پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ لە فەرموودەیەکی شیرینیدا دەفەرمووێت: "دوو ڕکات نوێژی سوننەتی پێش نوێژی بەیانی، لە دونیا و لەوەشی کە تێیدایە باشتر و چاکترە".

ئەگەر تەنها پاداشتی دوو ڕکات نوێژی سوننەت لەدنیا و ئەوەی کە تیایدایە باشتر بێت، ئەی باشە چۆن لەدنیادا پاداشتی ئەو هەموو نوێژە دەدرێتەوە کە ساڵەهایە ئەنجامیان دەدەین و، ئەو هەموو ڕۆژووەی کە ساڵەهایە دەیانگرین؟ بێگومان هەموو ئەم دنیایە بەشی ئەم پاداشتە زۆرە ناکات.

کەواتە، ئەو دونیا (دواڕۆژ)، ئەو جێیەیە کە گەنجینەی نیعمەتە بێ کۆتاکانی پەروەردگارمانی لێیە، پاداشتی ئەنجامدانی هەموو ئەو پەرستشانەش هەر لەوێ دەدرێتەوە.

جگە لەوەش ئەگەر لەدنیادا پاداشتمان وەربگرتایەوە، ئەوا مرۆڤ نەیدەتوانی زۆر سوود لەو نیعمەتانە وەربگرێت، چونکە ئێمە لەدنیادا تەمەنێکی دیاریکراومان هەیە، بۆیە تەنها بۆ ماوەیەك لەو نیعمەتانە سوودمەند دەبین.

لەبەرامبەردا ئەودنیا و دوارۆژ نەبڕاوە و هەتاهەتاییە، کەواتە مادام لەو دونیادا بۆ هەتاهەتایە دەژین، کەواتە پاداشتیشمان لەسەر پەرستشەکان بە نەبڕاوەیی دەدرێتەوە.[1]

١- لە (مەکتووبی بیست و نۆیەم)ەوە وەرگیراوە.

ئەركی ئێمەی مرۆڤ چییە؟

"پێویستە مرۆڤ ئەرك و كاری خۆی بە باشی بەجێ بهێنێت و، خۆی لەكاری خوای گەورە و كردگارەوە هەڵ نەقورتێنێت".

لە كتێبی (أدب الدنیا والدین)[1]دا هاتووە، كە: ڕۆژێك شەیتان خۆی پیشانی حەزرەتی عیسا (سەلامی خوای لێ بێت) دا.. شەیتان دەست دەكات بە قسەی پووچ و بێ بنەما، لاشی وایە كە ئێستا حەزرەتی عیسا (سەلامی خوای لێ بێت) فریوی قسەكانی ئەم ئەخوات و گوێڕایەڵی دەبێت، بگرە كۆڵێكیش مەمنوونی دەبێت...

١- بڕوانە: كتێبی (أدب الدین والدنیا)ی ئەبولحەسەنی ماوەردی، لێكۆڵینەوەی: موستەفا سەققا، لا٢٧، چاپی دووەم.

کاتێـك حـەزرەتی عیسـا (سـەلامی خـوای لـێ بێـت) وەڵامـی پرسیارەکانی دەدایەوە، ئەو ڕەخنەی دەگرت و، بەرپەرچی وتـەکانی دەدایەوە و، پێداگری لەسەر قسەکانی خۆی دەکرد.

یەکێك لە پرسیارەکانی شەیتان ئەوەبوو کە وتی: "وەك دەزانیت هەموو شتێك بەدەستی خودایە، تەنها خودا خۆی دەزانێـت کـێ کـەی دەمرێت و چۆن دەمرێت، ئەمە تەنها بە ویسـتی ئـەو دەبێـت. کەواتـە فەرموو برۆ لەسەر لووتکەی ئەم چیایەوە خـۆت فـڕێ بـدە خـوارەوە، چونکە ئەگەر لە چارەنووستدا ساغ و سەلامەتیت بۆ نووسرابێت، ئەوا هیچت لێ نایەت، جا با بزانین دەمریت یان نا"!

مەبەستی شەیتان ئەوە بوو کە حەزرەتی عیسـا (سـەلامی خـوای لێ بێت) تووشی دڵەڕاوکێ بکات و سەری لێ تێك بدات.

بەڵام ئەو پێغەمبەر بوو، چـۆن دەگونجێـت پێغەمبـەرێك نێچـیری تەڵە تەقیوەکانی شەیتان بێت!

حەزرەتی عیسـا (سـەلامی خـوای لـێ بێـت) بـەم جـۆرە وەڵامـی ناماقوڵییەکانی شەیتانی دایـەوە: "هـەی نـەفام! خـوای گـەورە بـۆی هەیە بەندەی خۆی تاقیبکاتەوە، بەڵام بەندە بـۆی نییـە خـوای خـۆی تاقیبکاتەوە"!

واتە خوای گەورە بۆی هەیە بەنـدەی خـۆی تاقیبکاتـەوە و پێـی بفـەرمووێت: "ئەگـەر فڵانــە کـار ئــەنجام بـدەیت، ئــەوا پاداشــتت

دەدەمــەوە، ئــەوەتا لــە تواناشــتدا هەیــە بیکــەیت"، بەمــەش ئــەو بەندەیەی خۆی تاقی دەکاتەوە، بــەڵام بەنــدە مــافی ئــەوەی نییــە و، تەنانەت هەر لە تواناشیدا نییە پــەروەردگاری خــۆی تــاقی بکاتــەوە و بڵێت: "خوایە وا من فڵانە کارم ئەنجام دا، ئایا تــۆش فڵانــە کــارم بــۆ دەکەیت؟".. چونکە ئەگەر وا بکات، ئەوا سنووری خۆی بەزاندووە.

بەم شێوەیە بەم وەڵامەی حــەزرەتی عیســا (ســەلامی خــوای لــێ بێــت)، شــەیتان دەمــی بەســترا و ئــیتر جــارێکی دیکــە شــتی وای لــێ نەبیسترایەوە.

* * *

لەبەر ئەوە ئێمەش وەك بەندەیــەك تــەنها ئــەرکی خۆمــان بــەجێ دەهێنین و ســەرقاڵی کــاری خۆمــان دەبــین و، خۆمــان لــە کارەکــانی خوداوە هەڵ ناقورتێنین.

— دەکرێت زیاتر ئەمە ڕوون بکەیتەوە؟

— بۆ نموونە:

لەگەڵ هاوەڵێکی نوێژنەکەرماندا قســە دەکــەین و، پێــی دەڵــێین: کەوا پێویستە نوێژ بکات، چــونکە بــە نوێــژکردنی دەبێتــە بەندەیــەکی خۆشەویســتی خــودا، هــەروەها نوێــژ فــەرمانی خودایــە و، پێویســتە ئەمیش فەرمانەکانی خوای گەورە بەجێ بهێنێــت.

ئیتر ناوبەناو لێی دەپرسینەوە بزانین دەستی کردووە بە نوێژکردن، یاخود نا، کەچی دەبینین ئەو بەهیچ جۆرێك توخنی نوێژ ناکەوێت.

ئێمەش لەبەرامبەر ئەمەدا بێتاقەت و بێزار دەبین و بەخۆمان دەڵێین:

"ئەو هەمووەم لەگەڵدا وت، کەچی سوودی نەبوو، کەواتە من نەمتوانی کاری تێ بکەم... لەمەودوا ئیتر قسە بۆ هیچ کەس ناکەم"..

چونکە لەو ڕاستییە باش تێ نەگەیشتووین کە ئەرکی ئێمە باسکردنی باسەکە و، تێگەیاندنی بەرامبەرکەمان و ڕێنماییکردنیەتی، ئیدی کاریگەربوونی ئەو و قبوڵ کردنی ڕێنماییەکانمان لەلایەن ئەوەوە کاری خوای گەورەیە.

- بۆچی؟

- چونکە ئەنجام پەیوەستە بە خوداوە و، ئاکامی هەموو کارێك لای زاتی موبارەکیەتی.

گوێڕایەڵ بوونی برادەرەکەمان و قبوڵ کردنی بۆ بیروڕاکانمان ئەنجامە و، قبوڵ نەکردنیشی هەر ئەنجامە. لەڕاستیدا هەردوو ئەنجامەکە پەیوەندییان بە خوداوە هەیە و، ئەنجام کاری ئێمە نییە، پێویست ناکات کۆڵی پێوە هەڵ گرین و خۆمانی لێ هەڵقورتێنین.

* * *

چیرۆکێکی بەناوبانگ لەم بارەیەوە هەیە کە دەڵێت:

جەلالەددین خوارزم شا، پادشـایەکی زۆر چاونەترس بـوو و، زۆر جـار لـە دژی لەشـکرە بـێ بەزەییەکـەی مـەغۆل کـە بەسـەرکردایەتی جـەنگیز خـان بـوو شـەڕی کـردووە و، بەسـەریاندا زاڵ بـووە.. لـە جەنگەکانیـدا هەمیشـە دەکەوتـە پـێش سـوپاکەیەوە، بۆیـە زۆرجـار وەزیران و نزیکانی پێیان دەوت: سوڵتان ئەمجارەش بەسەرکەوتوویی دەگەڕێینـەوە و، دوژمـن تێکدەشـکێنین، چـونکە خـوای گـەورە تـۆ بەسەر دوژمنانتدا سەر دەخات!

بەڵام ئەم پێی دەوتن:

"ئـەوەی ئـەرکی سەرشـانی منـە تێکۆشـانە لـەپێناوی خـوای گەورەدا بۆ ئەوەی فەرمانی خواوەند بـەجێ بهێـنم و شـوێنی بکـەوم، ئیتر من کارم بە شتێکەوە نییە کـە ئیشـی خـوای گـەورە خۆیـەتی و، نەخراوەتە ئەسـتۆی منـەوە، چـونکە چ سـەرکەوتن و چ شکسـتهێنان هەردووکیان کاری تەقدیری خوای گەورەن.

جا لەبـەر ئـەوەی ئـەم پاڵەوانـە بـەم نییەتـەوە دەجوڵایـەوە لـە زۆربـەی جەنگەکانیـدا سـەرکەوتنی بـۆ خـۆی و سـوپاکەی مسـۆگەر دەکرد.

* * *

هەروەك لە چیرۆکەکەشدا هاتووە، ئەرکی ئێمە تـەنها تێگەیانـدن و ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکانی بـاوەڕە بـۆ ئەوانـەی لـە بـاوەڕ دوورن، واتە بە پێی توانا وتەی چاك و باش بە گوێی خەڵکیدا بدەین و، بەرەو ڕێی ڕاست ڕێنماییان بکەین و، بەردەوام بین لەسەر کاری خۆمان.

لە ئەنجامیشدا هەندێك جار سەرکەوتوو دەبین و هەندێك جـاریش بە دەستبەتاڵیەوە دەگەڕێینەوە، بەڵام پێویسـتە لەهـەردوو بارەکـەدا بە ئەنجامەکە ڕازیبین و سکاڵا لە بەختی خۆمان نەکەین.

خۆ پێغەمبـەری ئازیزیشـمان ﷺ هـەر وای کـردووە.. ئـەو تـەنها بانگەوازی باوەڕ و ئیسلامی بـە خـەڵکی گەیانـدووە، ئیتر هەنـدێکیان بەگوێیان کردووە و بڕوایان پێهێناوە، هەندێکی دیکەشیان بەرەنگاری بوونەتەوە و بڕوایان پێنەهێناوە.

بەڵام پێغەمبەر ﷺ هەرگیز وازی لـە بانگـەوازکردن نـەهێناوە و، کۆڵی نەداوە، بەڵکو گوێنەگرتنی ئەوان پێغەمبەری ﷺ زیاتر هانداوە، تا زیاتر تێبکۆشێت.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت: (پێغەمبەر تەنها ئەوەی لەسەرە کە پەیامەکە بگەیەنێ و فەرمانی خوداتان بۆ ڕوون بکاتەوە، لەوەبەدوا خۆتان بەرپرسن) المائدة: ٩٩.[١]

(بێگومان تۆ ناتوانی هیدایەتی هەر کەسێ بدەی کە حەزت لێ بێ هیدایەت وەرگرێ. ئەمە کاری خوای خۆیەتی و ئەو هیدایەتی هەر کەسێ ئەدا کە مەیلی لێ بێ هیدایەتی بدا و، ئەو خۆی باشتر ئەزانێ کێ ئامادەیە بۆ ئەوەی هیدایەت وەربگرێ) القصص: ٥٦.

پێغەمبەرمان ﷺ ئەمەی دەزانی، هەر بۆیە خۆی لەکاری خوداوە هەڵ نەدەقورتاند، کە هیدایەت دانی مرۆڤەکانە بۆ سەر ڕێی باوەڕ و خواپەرستی. هەروەها تەنها کاری خۆی ئەنجام دەدا و سەرقاڵی ئەرکەکانی خۆی بوو.[٢]

١- تەفسیری ئایەتەکانی نێو ئەم پەرتووکە لە خولاصەی تەفسیری نامییەوە وەرگیراوە.

٢- لە (بریسکەی حەقدەیەم)ەوە وەرگیراوە.

بەهەشت ئاسان دەست دەکەوێت؟

"ئـەم ڕۆژگـارە دەریخسـت کـە بەهەشـت گرانـە و بـە هـەرزان دەستناکەوێت.. هەروەها دۆزەخیش لە خۆڕا نییە و زیاد لە پێویسـت نییـە. ئەگـەر بەهەشـت نەبوایـە ئـەوا دۆزەخ جێـی سـزای کـەس نەدەبوو".

لێرەدا دوو ڕاستی و، دوو بنچینە و، دوو بڕیار هەیە:

یەکـەمیان، ئەوەیـە کـە: (بەهەشـت هـەرزان نییـە) و، ئـەوەی دیکەشیان ئەوەیە کە: (ئەگـەر بەهەشت نەبوایـە دۆزەخـیش بەسـوێ نەدەبوو).

هاوتـا لەگـەڵ ئـەم دوو ڕاستییەشـدا، ڕاسـتییەکی دیکـە بـەدی دەکرێت، ئەویش ئەوەیە کە: (دۆزەخ هەرلـەخۆوە دروسـت نـەکراوە و لەڕیزی پێویستییەکاندایە).

– ئەمانە یەعنی چی؟ ئێمە چی لەم دەستەواژانەوە فێر دەبین؟

- سەرەتا، بەهەشت بەهیچ جۆرێك وا سادە و ساكار دەست مرۆڤ ناكەوێت، بەڵكو مسۆگەركردنی جێیەك تێیدا هەرگیز ئاسان نییە.

- كەواتە دەبێت ئێستە چی بكەین؟

- پێویستە بۆ گەیشتن بە بەهەشت كاتەكانمان بەفیڕۆ نەدەین و، بێ وچان و، بێ پشودان، لەسەر ڕەنج و كۆشش بەردەوام بین.

هیچ كەس بە وەستان و، كەیف و سەفا كردن و، خۆش ڕابواردن و، سەرقاڵبوون بە كاری هیچوپووچەوە بەهەشت نابینێت.

خوا ئاگادارە ئەم كارانە هیچ كەس تا بەردەرگای بەهەشتیش ناگەیەنن.

- كەواتە پێویستە بۆ چوونە بەهەشتەوە چی بكەم؟

- خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا بەجوانی وەڵامی ئەم پرسیارەی بۆ ڕوون كردووینەتەوە:

(بەڕاستی خاوەن باوەڕەكان ڕزگاریان بووە*ئەو خاوەن باوەڕانەی كە لە نوێژەكانیانا لەخواترس و ئارامن* كە لە گوتار و كرداری بێسوودیش خۆیان لائەدەن* كە زەكاتی ماڵی خۆیشیان دەرئەكەن* كە عەورەتی بەرودوای خۆیشیان ئەپارێزن* تەنها بۆ هاوسەری شەرعیی خۆیان یان كەنیزەكیان نەبێ كە بەگوێرەی شەرع بووبن بە هیی ئەوان، بەڕاستی ئەوانە لۆمەیان ناكرێ ئەگەر بچنە لای

ئەو جۆرەکەسانە. دەی کەسانێ بەدوای لەو دوو ڕێگا شەرعییەی پێوەندی نێوان پیاو و ئافرەت بەولاوە بکەون، ئەوانە بەجگار زۆر دەسدرێژییان کردووە* هەروەها ئەو موسوڵمانانە ڕزگار بوون کە ئەگەر ئەمانەتێکیان لا دانرابێ و گفت و پەیمانێکیان دابێ ئاگاداریی بکەن و دەسپیسی لە ئەمانەتەکەدا نەکەن و گفت و پەیمانەکە نەشکێنن* ئەوانەیش کە پارێزگاریی نوێژەکانیان ئەکەن و ناهێڵن نوێژیان بچێ* ئەوانەن ئەو کەسانەن کە بەهەشت بە میرات ئەبەن بۆ خۆیان* ئەوانەی بەهەشت بە میرات وەرئەگرن هەمیشە تیایا ئەمێننەوە و نامرن) المؤمنون: ١-١١.

* * *



لە هەمان کاتدا:

چاوەکانمان، دەممان، زمانمان، دەستمان، قاچمان، سەرمان، گوێیەکانمان لە شەیتانی نەفرینلێکراو بەدوور بگرین و، شوێن ویست و ئارەزووە خراپەکانی نەفسمان نەکەوین.

لە ڕاستیدا ڕەنگە بتوانین نرخی بەهەشت لەم وتەیەدا کۆ بکەینەوە:

"ئەوە بکەین کە خوا ویستی لەسەرە، واتە خوا لە خۆمان ڕازی بکەین و هەر شتێك کە خوا پێی ناخۆشە لێی دووربکەوینەوە و ئەنجامی نەدەین. هەروەها شوێنکەوتەی ڕێباز و پەیامەکەی پێغەمبەرمان بین ﷺ و، ژیانمان ئاوێتەی شێوازی ژیانی ئەو بکەین".

کەواتە بۆمان دەرکەوت کە نرخ و بەهای بەهەشت گرانە و هەروا بە ئاسانی و بە هەڕەمەکی بەدەست نایەت..

هەر ئەوەندەمان لەدەست دێت لە خوای گەورە بپاڕێینەوە: بەهەشت بە ئاسانیی بکاتە نسیبمان.

گەر بەهەشت هەبێت، دۆزەخیش هەیە:

- بەهەشت هەیە؟
- بەڵێ هەیە..
- دە کەواتە دۆزەخیش هەیە.

نە بێ بەهەشت دۆزەخ دەبێت و، نە بێ دۆزەخیش بەهەشت دەبێت؛ چونکە دۆزەخ بێ هۆ و لەخۆوە بەدینەهێنراوە.

بۆ نموونە:

زیندانەکان لە خۆڕا دروست نەکراون.. چونکە ئەگەر تاوان هەبێت، ئەوا سزاشی هەیە، بۆ بەجێگەیاندنی سزاش دەبێت خانەیەکی سزا هەبێت.

بۆ ئەوەی تاوانبار، بە خۆیدا بچێتەوە و لێپرسینەوەی دەروونی خۆی بکات، ئەوا پێویستە لە زیندانێکدا بە تەنها زیندان بکرێت.

تەنها بەم شێوەیە دادپەروەری بەرپا دەبێت، چونکە گەر کەسی ستەمکار یاخود تاوانبار سزای خۆی وەرنەگرێت، ئەوا ئەم دونیایە ژیانی تێدا نامێنێت. بەڵام ناشکرێت لە دنیادا بە هەموو سزای خۆی بگەیەنرێت.

بۆ نموونە: کەسێك کە بڕوا بەخودا ناهێنێت و، پێغەمبەرایەتیی پێغەمبەری پێ قبوڵ نییە و، بوونی دوارۆژ و فریشتەکان ڕەت دەکاتەوە... ئەم مرۆڤە لەم دنیایەدا چۆن سزایەك بدرێت؟

ئەم کەسە بێ باوەڕە، بەدیهێنەری زەوی و ئاسمانەکانی نەناسیوە و، بوونی خاوەنێکی بۆ گەردوون و بوونەوەران ڕەت کردووەتەوە.

کەواتە ئەم کەسە، لە ئاست مافەکانی پەروەردگار بەسەر بەدیهێنراوەکانیدا زیادەڕۆیی کردووە و سەرپێچیکار بووە.

یاخود کەسێك کەسێکی کوشتووە و، لەدنیاشدا بە سزای خۆی نەگەیەنراوە، لەم بارەدا چۆن دەتوانیت مافی کوژراوەکە لە بکوژەکە بسەنیتەوە؟

پێویستە بۆ سزادانی ئەمانە و کەسانی وەك ئەمانە کە تاوانی دی ئەنجام دەدەن، جێیەکی دیاریکراو هەبێت.

گەر وا نەبێت، واتە هەموو کەسێك هەرچییەکی کرد، بیدات بەدەم ئاوەوە و هەرگیز نەیبینێتەوە، ئەمە چۆن ژیانێك دەبێت، شتی وا لە دادگەریی خودادا بوونی نییە.

کەسێکی دڕندە و ستەمکار بهێنە پێشچاوت.. چەند کەسی کوشتووە؟ یەك نییە و دووان نییە، لەوانەیە سەدان و هەزاران کەسی

کوشتبێت، تەنانەت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کەسی وا هەیە کە بووەتە هۆکاری کوشتنی ملیۆنان کەس!

لە دنیادا هیچ سزایەك هەیە پڕبەپڕی ئەو هەموو تاوانەی ئەو کەسە بێت؟! خۆ ئەگەر سزاش بدرێت، باشە چەند ساڵ لە زینداندا بەندی بکەن؟ ملیۆنێك؟ ئایا تەمەنی کورتی بۆ سزای ئەم هەموو تاوانە بەش دەکات؟

لەبەر ئەمە پێویستە لەپێناو بەرپاکردنی دادپەروەری و، پاراستنی مافی ستەمدیدە و، هەروەها سزادانی تاوانباران، بەهەشت و دۆزەخیش هەردووکیان هەبن.

بەهەشت و دۆزەخ دوو ئەستێرکی گەورەی پەروەردگارن، بەهەشت بە باوەڕداران و، دۆزەخیش بە بێ بڕوایان پڕ دەکات..

بڕواداران، لەبەر ئەوەی بە گوێرەی ویست و خواست و ئیرادەی خوای گەورە ژیاون، ئەوا بەرەو باخەکانی بەهەشت بەڕێدەکەون و، بێباوەڕانیش لەبەر خوانەناسییان و بەرەنگاربوونەوەی یاساکانی ئەو زاتە لە دۆزەخدا نوقم دەبن، واتە هەردوو ئەستێرکەکە ئاکامی هەڵبژاردەی مرۆڤن.

– چۆن؟

- ئەو کەسەی بە ئیمانەوە دەژی دەچێتە بەهەشتەوە، ئەو کەسەش ژیانی لە کوفر و گومڕاییدا بەسەر دەبات دۆزەخ پاشەڕۆژیەتی.

کەوابوو، بەهەشت هەیە و، دۆزەخیش هەیە...

پاداشتیش هەیە و، سزاش هەیە...

کەیف و خۆشی و خۆشگوزەرانی هەیە و، دەرد و مەینەتیش هەیە...

لە کۆتاییدا جێ و لانە بۆ بڕواداران هەیە و، بۆ بێ بڕوایانیش هەیە...[1]

١- لە (مەکتوبات: ناوکەکانی حەقیقەت)ەوە وەرگیراوە.

بۆچی حەزرەتی ئادەم (سەلامی خوای لیّ بیّت) لە بەهەشتەوە نیّردرایە سەر زەوی؟

حەزرەتی ئادەم (سەلامی خوای لیّ بیّت) یەکەمین مرۆڤە و، یەکەم پیّغەمبەرە و، پەروەردگار ئەوی لە نەبوونەوە هیّنایە بوون.

خوای گەورەش لەبەر ئەوەی حەزرەتی ئادەمی بە یەکەم مرۆڤ و بیّ دایك و باوك بەدیهیّنا، دایکە حەوامانی بە دووەمین مرۆڤ بەدیهیّنا.

هەردووکیان بەخۆشی لە بەهەشتدا دەژیان.

(ئیبلیس)یش لە بەهەشتدا بوو، ئیبلیس، هەر ئەو شەیتانەیە کە هەموو ڕۆژیّك پەنا بەخوا دەگرین لە شەڕ و فڕوفیّڵەکانی.

خوای گەورە شەیتانی لە ئاگر و، ئادەمیشی لە خاك و خۆڵەوە بەدیهیّنا.

خـوای پـەروەردگار فـەرمانی بـە شـەیتان کـرد کـە کورنـووش (سوجدە) بۆ ئادەم بەرێت و لە نەفسی خۆی بە بالآتری بزانێت.

بەلآم شەیتان بەمـە ڕازی نـەبوو، هـەروەك لـە قورئانـدا هـاتووە: (ئیبلیس وتی: بۆیە سوجدەم بۆ نـەبرد چـونکە مـن لـەو چـاکترم. تـۆ منت لە ئاگر دروست کردووە و ئەوت لە قوڕ دروست کردووە) ص:٧٦..

خـوای گـەورە لەسـەر سەرپێچـی کـردن و گوێڕایـەڵ نـەبوونی شەیتان بۆ فەرمانەکەی، لە بەهەشت وەدەرینا.

هەر بۆیە شـەیتان لەسـەر ئـەم ڕووداوە بـووە دوژمنـی ئـادەم و، کەینوبەینێکی ڕێکخست بۆ ئەوەی ئادەمیش لە بەهەشـت بـەدەرکردن بدات.

خوای گەورە خواردنی میوەی جۆرە درەختێکی لە ئادەم و حەوا قەدەغە کردبوو.

شەیتانیش بۆ ئەوەی ئەوان لـەم قەدەغـەکراوە نزیـك بکاتـەوە و لایان شیرین بکات، لە هەوڵ و تەقەللادا بوو.



لەدەرەوەی بەهەشتەوە وەسوەسەی لە دڵی ئادەم و حەوادا نایەوە، هەروەك لە قورئاندا باسکراوە: (چـووە بـن کلێشـەیان وتی: خودا بۆیە خواردنی بەری ئەو دارەی

لێ مەنع کردوون تا نەبنە مەلائیکە، یا تا لە بەهەشتدا بە ئەبەدی نەمێننەوە، واتە: ئەگەر بێت و لێی بخۆن یا ئەبنە مەلائیکەت یا هەتا هەتایە لە بەهەشتدا ئەمێننەوە) الأعراف:١٢. ئەوانیش بە قسەی شەیتانیان کرد و لە بەری دارەکەیان خوارد.

لەبەر ئەوە خوای گەورە هەردووکیانی لە بەهەشت وەدەرنا و، ناردنییە دنیا.

کاتێک ئەم دوو مرۆڤە هاتنە سەر زەوی دەستیانکرد بە ڕازاندنەوە و نەخشاندنی تا وەك بەهەشتی لێ بکەن...

* * *

لە ڕاستیدا ڕەوانەکردنی باوکە ئادەم و دایکە حەوا لە بەهەشتەوە بۆ سەر زەوی ئاکامی ویست و تەقدیری خودا بوو، نەك سزایەك بۆ ئەوان و، وەسوەسەکەی شەیتان و، خواردنی بەری درەختەکە بە قسەی شەیتان تەنها هۆکارێك بوو.. خوای گەورە هەر لە بنەڕەتەوە ویستی لەسەر ئەوەبوو کە ئەم دوانە بکاتە جێنشینی خۆی لەسەر زەوی و، هەر خۆشی ئەم هۆکارانەی ڕێکخستبوو.

کەواتە ناردنی باوکە ئادەم و دایکە حەوا بۆ سەر زەوی سزا نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە فەرماندارکردن و ئەرکپێدانێك بوو بۆیان.

ڕوونتر بڵێم، ئەرکی ئەوان لەبەهەشتدا تەواو بووبوو و، بۆ وەرگرتنی ئەرکێکی نوێ نێردرانە سەر زەوی.

ئەگەر پێغەمبەر ئادەم لە بەھەشتدا بمایەتەوە ئەوا پلەوپایەی وەك فریشتەیەك جێگیر دەبوو و، بەھرە و تواناكانی گەشەیان نەدەكرد و، نەك تەنھا خۆی و دایكە حەوا، بەڵكو نەوەكانی مرۆڤایەتیش ھەر وا دەبوون.

– ئەمە یەعنی چی؟

– فریشتەكان، بوونەوەرانێكن كە ھەردەم یەك كار دەكەن و یەك ئەرك بەجێدەھێنن و، ھەموو ئەرك و كارەكانیان دیاریكراون.

بۆ نموونە: ئەو فریشتەیەی كە بەرپرسە لە ژیانی درەختێك، بەردەوام ھەر ئەو كارەی ھەیە.

ئەو فریشتەیەش كە بەرپرسە لە پەڵەھەورێك، ھەردەم سەرقاڵی ئەو پەڵە ھەورەیە.

ئەو فریشتەیەی بەرپرسە لە مرۆڤێك، خۆی بە كەسانی دیكەوە سەرقاڵ ناكات.

فریشتەكان بەردەوام لە پەرستشدان، ھەندێكیان بەردەوام لە ڕوكوعدان و، ھەندێكیان بەردەوام لە كڕنووش (سوجدە)دان و، ھەندێكی دیكەشیان بەردەوام گوێ بۆ قورئان ڕادەگرن.

لەپاڵ ئەمانەدا ھەندێك لە فریشتەكان بەرپرسن لە تۆماركردنی چاكەكانمان، ھەندێكیان گوناھەكانمان تۆمار دەكەن، ھەندێكی دیكەشیان لە مەترسی و كارەساتەكان دەمانپارێزن.

واتە هەر فریشتەیەك بۆ چ كارێك بەدیهێنرابێت، تەنها ئەو كارە ئەنجام دەدات و لەو كارە بەولاوە هیچ كارێكی دیكە ناكات.

كاری فریشتەكان نەگۆڕە، پلەوپایەشیان جێگیرە، ئەم بنەمایانەش بەهیچ جۆرێك ناگۆڕێت و هەروەك خۆی دەمێنێتەوە.

– مرۆڤیش هەروایە؟

– بەدڵنیایەوە نەخێر، مرۆڤ هێندە توانا و لێهاتوویی هەیە كە لە ژماردن و باسكردن نایەن.

خوای گەورە بەهرەگەلێكی یەك لەیەك سەرسوڕهێنتر و باشتری بە مرۆڤ بەخشیوە. لەبەر ئەوە مرۆڤ لە هەموو بابەتێكدا پشت بە ژیریی و ئەقڵی دەبەستێت و، خۆی دەناسێت و، زانیاری نوێ بەدەست دەهێنێت، بەم جۆرە هەمیشە خۆی نوێ دەكاتەوە و بەرەوپێش دەچێت.

لە ڕووی هەست و نەستیشەوە مرۆڤ خاوەنی هەزاران چەشن لە هەستی ئاڕاستەكارە بەرەو گەشەبەخۆدان. ئەم هەستانەش پێویستە لە بواری مەعنەویدا بدرەوشێنەوە و ڕۆشنكەرەوە بن.

بەم شێوەیە مرۆڤ هەم لە ڕووی زانست و عەقڵەوە و، هەم لە ڕووی هەستەكانەوە بوونەوەرێكە كە گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی بەردەوامە.

شوێنی پەرەپێدانی ئەم هەستانەش بەهەشت نییە؛ چونکە لەوێ هەموو شتێك بە کۆتا خاڵ و قۆناغی تەواو (کامڵ) گەیشتووە و، لە بەرزترین ئاست و لووتکەدایە.

لە بەهەشتدا هەموو شتێك بێ کەموکورتین و رێکوپێکن، هیچ پێویستیان بە نوێکاری و چاکسازی نییە.

فریشتەکان لە هەمان خاڵدان و هەمان ئەرك بەجێدەهێنن، لەبەر ئەمە پلەوپایەیان هەروەك خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام خۆ مرۆڤایەتی پێویستی بە پێشکەوتن و، چاکسازی و، بەرزبوونەوەی مەعنەوی و، سەرکەوتنی پلەپلە و نزیکبوونەوەیە لە خوای گەورە، شوێن و مەیدانی ئەم کارانەش دونیایە.

خوای گەورە پێش ناردنی باوە ئادەممان بۆ سەر زەوی، گشت زانست و زانیارییە پێویستەکانی پێ بەخشیوە و فێری کردووە.

گرنگترین زانستیش خواناسییە، هەر وەك خوای گەورە لە قورئاندا ئاماژەی پێ دەکات: (جا لەبەر ئەوە کە خودای گەورە ئادەمی هەڵبژاردبوو بۆ جێنشینیی خۆی، ناوی هەموو شتە پێویستییەکانی فێرکرد و تێی گەیاند..) البقرة: ٣١.

بەدرێژایی مێژوو هەر لە حەزرەتی ئادەمەوە تا پێغەمبەری ئازیزمان (سەلامی خوایان لێ بێت) ئەم پەیامەیان بە گەلەکەیان گەیاندووە:

خودا بەدیهێنەرە، خودا ڕۆزیدەرە، خودا بەسۆز و میهرەبانە، خودا نیعمەتبەخشە...



خودا زانایە بە هەموو شتێك، خودا هەموو شتێك دەبیستێت، خودا هەموو شتێك دەبینێت.

واتە مرۆڤیش بە تێگەیشتنی لە ناو و سیفەتەکانی خوای گەورە، لەڕووی ئیمانییەوە بەرزتربوویەوە و، درەوشایەوە و، بەرەو پێش چوو و...

گەر گوێڕایەڵی شەیتان نەبێت و، شوێنکەوتەی هەوا و ئارەزووە خراپەکانی نەفسی نەبێت و، ئالوودەی ئارەزووەکانی نەبێت و، ڕێگە خراپەکان نەگرێتەبەر و، خۆی لە تاوان بەدووربگرێت و، خۆی لە حەرامکراوەکان لادات، ئەوا جوانییەکانی ناخی خۆی دەدۆزێتەوە.

هەر بەم جۆرە هاوەڵان (صەحابی)یەکان و، ئەولیاکان و، گەورە زانا و بلیمەتەکان پێگەیشتوون و خوێندکارەکانی ئەوانیش و، ئەوانەی شوێنپێی ئەوانیان هەڵگرت، بەپێی توانا و بەهرەی خۆیان، بۆ پایە و پلە بڵندەکان بەرز بوونەوە.

لەم ناوەندەدا کەسانێکیش هەن کە توانا و لێهاتووییەکانیان لەڕێگەی خراپدا بەکارهێناوە، چونکە ملکەچی شەیتان بوون و، شوێن

نــەفس و خۆشــییە زووتێپــەڕ و قەدەغــەکراوەکان کــەوتوون و، لــە ژینگەیەکی پڕ تاوانکاریدا ژیاون، لە ئاکامدا لە تاقیکردنەوەکانی ژیاندا دەرنەچوون و شکستیان هێناوە.

ئەمانە ستەمیان لـەخۆیان کـردووە و، هـەم دنیـای خۆیـان کـاول کــردووە و، هــەم بەهەشتیشــیان لەدەســت دەرچــووە و، کەوتوونــە حاڵێکەوە کە شیاوی چوونە دۆزەخ بن.[1]

١- لە (مەکتووبی دوازدەیەم)ەوە وەرگیراوە.

ئایا حەزرەتی خضر (سەلامی خوای لێ بێت) لەژیاندا ماوە؟

پێغەمبەرێکمان هەیە پێی وتراوە (خضر).

خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: (شتی وامان فێرکردبوو لە ڕێگای وەحی بۆ کردنی ئێمەوە نەبێ نازانرێ) الکهف:٦٥.

جۆرە زانستێك هەیە پێی دەڵێن (مِن لَدُن عِلْم)، کە خوای گەورە بە چەند بەندەیەکی تایبەتی خۆی دەبەخشێت و، زانستێك نییە کە بە وانە خوێندن فێری ببیت.. حەزرەتی خضریش (سەلامی خوای لێ بێت) یەکێکە لەو بەندانەی خوای گەورە ئەم جۆرە زانستەی فێرکردووە و، هێشتا لە ژیاندا ماوە.

– چۆن لە ژیاندا ماوە؟! ئەی کەس هەیە ئەو ببینێت؟

– حەزرەتی خضر حاڵی حازر لە ژیاندایە، بەڵام کە دەڵێم ژیان، بەم ژیانەی خۆمان تێ مەگەن.

لەم جیهانەدا چەندین جۆری دیکەی ژیان جگە لەوەی ئێمە هەیە.



ئێمە زۆرینەی ئەو ژیانانە نازانین، چونکە نەماندیون و تیایاندا نەژیاوین، بەڵام بڕوامان بە بوونیان هەیە.

حەزرەتی خضر –وەك حەزرەتی ئیلیاس– (سەلامی خوای لێ بێت) ژینێکی سەربەست و تایبەت بەخۆی هەیە، کە بە هەل و مەرجەکانی شوێن و کاتەوە پابەند نەکراوە.

لەیەك کاتدا دەتوانێت لە چەند شوێنێکی جیاجیادا ئامادە بێت، واتە دەتوانێت لەیەك کاتدا لەسەر زەوی، لە ئاسمان، لە جێگەی دیکەشدا بێت.

بۆ نموونە ئێمە کاتێك کە خەیاڵ دەمانباتەوە، دەتوانین بە خەیاڵ لە چەند شوێنێك بین، خەوبینینیشمان نموونەیەکی دیکەی ئەم شێوازەیە.

حەزرەتی خضر هەروەك ئێمە مرۆڤە، بەڵام وەك ئێمە هەموو پێویستییەکی ناوێت، چونکە ژیانی ئەو پشت بە پێداویستییە مرۆییەکان نابەستێت.

بۆ نموونە، هەرکات ویستی دەخوات و دەخواتەوە، بەڵام وەك ئێمە گیرۆدە نییە پێیانەوە و، دەشتوانێت بێ خواردن و خواردنەوە بژی.

زۆر چیرۆك و موعجیزە و بەسەرهات دەربارەی حەزرەتی خضر هەیە، پێدەچێت ئێوەش هەندێکتان بیستبێت.

دەگێڕنەوە پێغەمبەرمان ﷺ فەرموویەتی:

ڕۆژێك حەزرەتی مووسا (سەلامی خوای لێ بێت) قسەی بۆ نەوەکانی ئیسرائیل دەکرد. لێیان پرسی: "کێ زاناترینی مرۆڤەکانە؟"، ئەویش فەرمووی: "من زاناترین کەسم".

بەڵام خوای گەورە بە حەزرەتی مووسای فەرموو: "لەو شوێنەی کە دوو دەریاکە بەیەك دەگەن، یەکێ لە بەندەکانمی لێیە ئەو لە تۆ زاناترە".

مووساش فەرمووی: "پەروەردگارم چۆن دەتوانم بەو بگەم؟".

پەروەردگار فەرمووی: "لە هەرکوێ ماسییەکەت لێ ون بوو، ئەو بەندەیەمان لەوێیە".

مووسا (سەلامی خوای لێ بێت) ملی ڕێی گرتەبەر و، (یووشەع)ی خزمەتکاریشی لەگەڵ خۆی برد.

خوای گەورە لە ئایەتی (٦٠-٨٢)ی سورەتی (الکهف)دا زۆر بەجوانی ئەم بەسەرهاتەی باسکردووە، کاتێك دەفەرموێت:

(باسی ئەوە بکە کە ڕۆژێ مووسای کوڕی عیمران، پێغەمبەری بەنی ئیسرائیل، بە یووشەعی خزمەتکار و خوشکەزای خۆی وت: هەر ئەڕۆم و ناوەستم تا ئەگەمە ئەو شوێنەی دوو دەریاکە ئەگەنە یەك، یا ماوەیێکی زۆر ئەڕۆم.

کە گەیشتنە شوێنی بەیەکگەیشتنی دوو دەریاکە، ماسییەکەیان کە لە تۆشەبەرەیەکا بوو و ئامادە کرابوو بۆ خواردن لەبیر چوو. ماسییەکەیش بە فەرمانی خودای گەورە زیندوو بوویەوە و ڕێگەی خۆی لە دەریادا گرتەبەر و ڕۆیی.

کە ئەو شوێنەیان بەجێ هێشت مووسا بە یووشەعی وت: ئا خواردەمەنیەکەی نیوەڕۆمان بۆ بێنە، بەڕاستی لەم سەفەرەماندا زۆر ماندوو بووین.

یووشەع وتی: ئاگات لێ نەبوو کە چووینە پاڵ تاشە بەردەکە بۆ حەسانەوە و تۆ خەوت لێ کەوت؟ لەوکاتەدا من ماسییەکەم لەبیرچوو و شەیتان نەبێ کەس لەبیری نەبردمەوە و، ماسییەکە بە شێوەیەکی سەیر ڕێگای خۆی لە دەریادا گرتەبەر و ڕۆیی.

مووسا وتی: دەرچوونی ئەو ماسییە لەناو تۆشەبەرەکە بۆ ناو دەریا ئەوەبوو کە ئێمە ئەمانویست، چونکە ئەوە نیشانەی جێگای گەیشتنە بەو بەندەیە کە خوا بە منی فەرموو. جا هەردووکیان دوابەدوا گەڕانەوە و شوێن پێی خۆیانیان هەڵئەگرتەوە.

جا كە گەڕانەوە بۆ شوێنی دەرچوونی ماسییەکە گەیشتن بە بەندەیێ لە بەندەکانی ئێمە کە ڕەحمەتی پێغەمبەرایەتیمان پێ دابوو و شتی وەهامان فێرکردبوو لە ڕێگای وەحی بۆ کردنی ئێمەوە نەبێ نازانرێ.

مووسا پێی وت: ئایا ڕێگام ئەدەی دوات کەوم و لەگەڵتا بم بەمەرجێ لەوەی فێر کراوی لە هۆیەکانی ڕوشد و مەعریفەت فێرم بکەی؟

ئەویش وەڵامی مووسای دایەوە و وتی: تۆ ناتوانی لەگەڵ من بسازێی و خۆت لەگەڵ من پێ ناگیرێ.

تۆ چۆن خۆت ئەگری لەسەر کارێ کە هەر دیوی دەری ئەبینی و نازانی دیوی ناوەوەی چییە؟

مووسا وتی: ئەگەر خوا مەیلی لێ بێ ئەمبینی خۆگر ئەبم و لە هیچ شتێکدا بێ گوێیت ناکەم.

وتی: باشە، ئەگەر دوام کەوتی و لەگەڵم هاتی هەرچی ئەکەم لێم مەپرسە تا خۆم پێت ئەڵێم.

جا پێکەوە ڕۆیشتن تا گەیشتنە کەشتییەك و سواری بوون. هەر کە سوار بوون کابرا تەشوێیەکی هەڵگرت و کەشتییەکەی کون کرد. مووسا پێی وت ئەوە کەشتییەکەت شکاند تا خەڵکەکەی ناوی نوقوم بکەیت؟ بە ڕاستی کارێکی خراپی گەورەت کرد!

پیاوەکە بە مووسای وت: پێم نەوتی تۆ لەگەڵم هەڵناکەی و خۆت پێ ڕاناگیرێ؟

مووسا وتی: لێم مەگرە کە ئامۆژگارییەکەتم لەبیرچوو و بارم بە توانج و تووڕە بوون گران مەکە.

دوای ئەوەی لە کەشتییەکە دەرچوون کەوتنەوە ڕێ تا گەیشتن بە منداڵێکی نابالغ و هاوڕێکەی مووسا کوشتی. مووسا وتی: ئەوە نەفسێکی بێ گوناهت کوشت بێ ئەوەی کەسێکی کوشتبێ؟! بەڕاستی کارێکی زۆر ناشیرین و ناڕەوات کرد!.

هاوڕێکەی مووسا وتی: ئاخر پێم نەوتی تۆ ناتوانی لەگەڵ من خۆت ڕاگری؟

مووسا وتی: ئەگەر پاش ئەم ڕووداوە دەربارەی هەر شتێ پرسیارم لێ کردی هاوڕێیەتیم مەکە. ئەم چەند جارە پرسیارم لێ ئەکردی عوزرم هەبوو.



جا کەوتنەوە ڕێ تا گەیشتە دێیەک. لەوکاتەدا برسییان بوو، داوای خواردەمەنییان لە خەڵکی دێیەکە کرد، ئەوانیش میواندارییان نەکردن. لەو دێیەدا دیواری خانوویێکیان دی خەریک بوو بڕووخێ. هاوڕێیەکەی مووسا ڕاستی

کـردەوە. مووسـا پێـی وت: ئەگـەر بتویسـتایە کرێیـەکت لەسـەر چـاککردنەوەی ئـەم دیـوارە وەرئـەگرت و دەفعـی ئـەم برسـییەتییەی خۆمانمان پێ ئەکرد!

هاوڕێکەی مووسا ناوی (خضر) بوو، بە مووسای وت: ئێستا ئیتر کـاتی لێـك جیابوونـەوەی مـن و تۆیـە و، لەمـەولا تـۆ لەگـەڵ مـن هەڵناکـەیت. وا ڕاسـتی حەقیقـەتی هـۆی ئـەو کارانـەت پـێ ئـەڵێم کـە خۆتت پێ ڕانەئەگیرا و ڕەخنەت لێ ئەگرتم لەسەریان.

هەرچی کەشتییەکەیە کە کونم کرد، ئەوە موڵکی چەند کەسێکی هەژار بـوو لـە دەریـادا کاریـان ئـەکرد و بـە دەرامـەتی ئـەو کەشـتییە ئەژیان. پادشایێك لەدوایانەوە بوو هـەر کەشـتییەکی سـاغ و سـەلیمی بدیایە داگیری ئەکرد، منیش عەیبـدارم کـرد تـا ئـەو پادشـایە داگـیری نەکات.

هەرچی کوڕەکەیش بـوو کـە کوشـتم، بـاوك و دایکـی موسـوڵمان بوون. ترسـاین کـە گـەورە بـوو، بـە لـەخواخیبوون و کـافریی خـۆی ناڕەحەت و ماندوویان بکا.

ویستمان خودا کوڕێکی لەو باشتریان بداتێ نەفسـی پـاکتر بـێ و میهرەبانتر بێ لەگەڵیان و قازانجی ببێ بۆیان.

دیوارەکەیش کە ڕاستم کـردەوە هـی دوو منـاڵی هـەتیو بـوو لـە شارەکەدا و، لەژێر ئـەو دیـوارەدا غەزنـەیێکی زێـڕ و زیویـان هـەبوو و

باوکیشیان پیاوێکی چاك بوو. خودای تۆ ویستی ئەو منالآنە گەورە ببن و فام پەیدابکەن و ئەو غەزنەیان دەربێنن و سوودی لێ وەرگرن. جا ئەگەر دیوارەکە بڕووخایە خەڵکی بە غەزنەکەیان ئەزانی و ئەیانبرد بۆ خۆیان. ئەمەیش میهرەبانییەك بوو لە خوداوە دەربارەی ئەو منالآنە. ئیتر من لە خۆمەوە ئەو کارانەم نەکردووە و بە فەرمانی خودا کردوومن. ئەمە ڕاستیی ئەو کارانە بوو تۆ خۆتت پێ ڕانەگیرا و، ڕەخنەت لەسەر کردنیان لێ گرتم) .. [١]

١- لە (مەکتووبی یەکەم)ەوە وەرگیراوە.

ئەو نەهەنگەی کە حەزرەتی یوونسی

(سەلامی خوای لێ بێت) قوت دا!

بەسەرهاتی حەزرەتی یوونس (سەلامی خوای لێ بێت) بەناوبانگە و، پوختەکەی بەم جۆرەیە: پەروەردگار حەزرەتی (یوونس)ی وەك پێغەمبەرێك بۆ خەڵکی شاری (نەینەوا) ڕەوانەکردووە.

(نەینەوا) دەکەوێتە شوێنێك لە نزیك شاری (موسڵ).

لەوکاتەدا دانیشتووانی نەینەوا نزیکەی سەدهەزار کەس دەبوون، هەمووشیان بتپەرست بوون و، شەرمیان دەکرد لە خراپە بگەڕێنەوە.

حەزرەتی یوونس (سەلامی خوای لێبێت) باسی ئاینی ڕاستەقینەی بۆ دەکردن و، بانگێشتی دەکردن بۆ خواپەرستی و، هەوڵی دەدا لە خراپەکارییش دووریان بخاتەوە، بەڵام خەڵکەکە هیچ

نەدەچوو بە گوێیاندا و هەر لەسەر کارە نابەجێکانی خۆیان بەردەوام بوون و، چاویان لە ئاست قسەی هەقدا هەڵ نەدەهات و، تا قورقوڕاگەیان نوقمی تاوان و سەرپێچی بووبوون.

هەر بۆیە ڕۆژی سزادانیان نزیکبووبووەوە و، خوای گەورە چل ڕۆژی وەك دەرفەتێك بۆ دیاری کردن دەنا بە زریانێکی گەورە سزایان دەدات. حەزرەتی یوونسیش (سەلامی خوای لێ بێت) لەم بڕیارەی خوای گەورە ئاگاداری کردنەوە، بەڵام خەڵکەکە بەهیچ شێوەیەك گوێیان بۆ ڕانەگرت.

لە ڕۆژی سێ و حەوتەمدا ئیدی نیشانەکانی زریانەکە دەرکەوتن.. دنیا تاریك داهات و، کەشێکی سامناك ئەو ناوەی تەنی، بەڵام ئەوان هەروەك نە بایان دیبێت نە بۆران، دەستیان لە کەللەڕەقی و گومڕایی هەڵ نەگرت!



لە ئەنجامدا حەزرەتی یوونس (سەلامی خوای لێ بێت) لە گەلەکەی توڕەبوو و سەری خۆی هەڵگرت، چووە کەنار دەریاکە و سوار کەشتییەك بوو. کەشتییەکە بەدەریادا کەوتە ڕێ، بەڵام لە پاش کەمێك کەوتە ئەملا و ئەولاکردن.

لـەنێوان سەرنیشـینەکاندا تیروپشـک کـرا بـۆ ئـەوەی کەسـێك هەڵبژێرن تا فڕێی بدەنە ئاوی دەریاکەوە، تیروپشـکەکەیان سـێ جـار دووبارە کردەوە و لە هەرسێ جارەکـەدا حـەزرەتی یـوونس (سـەلامی خوای لێ بێت) دەردەچوو.

ئەو پێغەمبەرە بەڕێزە تاوانبار بوو، چونکە سەرەڕای ئەوەی کـە پێغەمبەر بوو بەڵام سەبری نـەبووبوو و بـێ فـەرمانی خـودا گەلەکـەی جێهێشتبوو.

هەرچەندە تاریکەشەو بوو و، دەریاکە شـەپۆل بـەدوای شـەپۆلدا تەوژمی دەدا، بەڵام حەزرەتی یـوونس (سـەلامی خـوای لـێ بێـت) بـە قەدەری خوای گەورە ڕازی بوو و خۆی هەڵ دایە دەریاکەوە.

لەم کاتەدا خودا نەهەنگێکی فەرماندار کردبوو، هەر کە حەزرەتی یـوونس (سـەلامی خـوای لـێ بێـت) کەوتـــە دەریاکـــەوە، نەهەنگەکـــە دەمـی کـردەوە و، بـێ سـێ و دوو قووتی دا و حەپەلووشی کرد.



لەو کاتەدا حـەزرەتی یـوونس (سـەلامی خـوای لـێ بێـت) بـەدڵ نزایـەکی بـەکوڵی کـرد و بـەردەوام بوو لەم دوعایەی، تـا پـاش حـەوت

ڕۆژ خوای گەورە نزاکەی گیرا کرد و، فەرمانی بە نەهەنگەکە کرد لە کەنار دەریاکە دایبنێت. حەزرەتی یوونس (سەلامی خوای لێ بێت) زۆر ماندوو بووبوو و، پێستی لەشی بەتەواوی سوابوو، بۆیە خوای گەورە لەسایەی بڕکە کولەکەیەکی گەلاپاندا حەواندیەوە.

پاش ئەوەی حەزرەتی یوونس (سەلامی خوای لێ بێت) تەندروستیی بەرەو باشبوون چوو و توانی بەڕێدا بڕوات، زووبەزوو بەرەو نەینەوا کەوتە ڕێ.. هەرچەندە چاوەڕوانی دەکرد شارەکە سەرەوبن بووبێت و بووبێتە وێرانە و، خەڵکەکەی لەناوچوو بێت، کەچی کاتێك لە شارەکە نزیکبووەوە، شتێکی دیکەی بینی، تەماشای کرد وا شارەکە هەر لەجێی خۆیەتی و خەڵکەکەش ژیانی ئاسایی خۆیان دەگوزەرێنن، بەلام جیاوازییەك لە سیمای خەڵکەکەدا بەدی دەکرا! بینی وا تەوبەیان کردووە و، چی دی بت ناپەرستن و، وازیان لە کارە بەد و ناشیرینەکانیان هێناوە، خوو و ڕەفتاریان بەو شێوەیەی لێهاتووە کە پێغەمبەرەکەیان بانگەوازی دەکردن بۆی.

– باشە ئەمە چۆن بووە؟

– کاتێك زریانەکە زۆر لە شارەکە نزیك بووەتەوە، دانیشتووانەکەی لە نێوان خۆیاندا کۆبوونەتەوە و ڕاوێژیان بە پیاوماقوڵ و ڕیشسپییەکانیان کردووە کە چی بکەن، بەلام هەرچی سۆراغی پێغەمبەرەکەیان کردووە نەیاندۆزیوەتەوە.

لە ئەنجامدا هەموویان ئیمانیان بە خودا هێناوە و دەستیان کردووە بە خواپەرستی.. خوای گەورەش تەوبەکەی لێ وەرگرتوون و سزاکەی لەسەریان لاداوە.. بەم جۆرەش خەڵکەکە ڕزگاریان بووە.

دانیشتووانی شاری نەینەوا کە حەزرەتی یوونسیان بینی، دەوروەیان لێ دا و، لەو ڕۆژە بەدواوە بوونە شوێنەکەوتەی بانگەوازەکەی.

* * *

ئەو ڕووداوانەی بەسەر حەزرەتی یوونسدا (سەلامی خوای لێ بێت) هاتوون، بەکورتی بەم شێوەیە لە قورئان و مێژووی پێغەمبەراندا باسکراوە:

حەزرەتی یوونس (سەلامی خوای لێ بێت) خرایە ناو دەریاوە، پاشان نەهەنگێکی گەورە قوتی دا و، شەوی تاریک و دەریای پەشێویش بوونە هۆی ئەوەی حەزرەتی یوونس ترس و بیمی لێ بنیشێت و، هەموو هۆیەکی هیوا و ئومێدی لێ ببڕێت. ئا لەم کاتەدا حەزرەتی یوونس (سەلامی خوای لێ بێت) بەهۆی پاڕاناوە نەرم و نزا بەکوڵ و بێ گەردەکەیەوە خوا ڕزگاری کرد، کاتێك وتی: ﴿لا إله إلا أنت سبحانك إني كنت من الظالمين﴾ الأنبياء:٨٧، واتە: (خوایە لە تۆ بەولاوە خوایەکی تر نییە بەحەق بپەرسترێت، تۆ لە هەموو

کـەموکورتی و ناتەواوییـەك پـاكی و، منـیش یـەكێ بـووم لەوانـەی ستەمیان لە خۆیان کردووە، دەی سا فریام کەوە).

حـەزرەتی یـوونس (سـەلامی خـوای لـێ بێـت) لـە ناوەڕاسـتی دەریاکەدا و لە سکی نەهەنگەکەدا بوو و، هیچ هۆکارێکی ڕزگاریی شك نەدەبرد، چونکە ترووسکەی هەموو هۆکارەکانی ڕزگاری کوژابوونەوە.

لە ڕاستیدا دەبێت ڕزگارکـەری لـەو حالّـە، تـەنها زاتێك بێـت کـە دەستەڵاتی بەسەر نەهەنگ و دەریاکە و شەوەزەنگەکەشدا هەبێت.

گەر سەرنج بدەین، دەبیـنین لـە یـەك کاتـدا نەهـەنگی سـامناك و دەریای پڕشەپۆل و تاریکەشەوەکەش لەدژی ئەو بوون و هێرشیان بۆ هێنابوو، خۆئەگەر کەسێك فەرمانی بەسەر یەکێ لەم سیانەدا نـەڕوات ناتوانێت ئەو ڕزگـار بکـات.. تەنانـەت ئەگـەر هـەموو بوونـەوەران لـەو تەنگانەیەدا کۆببووبوونایەتەوە تـا یارمەتییـەکی بـدەن، نەیانـدەتوانی هیچ سوودێکی پێ بگەیەنن!

حـەزرەتی یـوونس (سـەلامی خـوای لـێ بێـت) پێغەمبـەر بـوو و، دەیزانی و دڵنیابوو کە جگە لە خودا هیچ هێزێك بە هانایەوە نایەت و، تێگەیشتبوو کە هەموو هۆکارەکان کپکـراون و لـەکار کـەوتوون، بۆیـە ڕووی دڵی لە خودا کرد.

* * *

پاش ئەوەی حەزرەتی یوونس (سەلامی خوای لێ بێت) ئەو دوعایەی خوێند، خودای دەریاکە و نەهەنگەکە و شەوەزەنگیش ئەم شتانەی کردە مایەی ڕزگاربوونی.

لە ئاکامدا نەهەنگێك بووە ژێردەریاییەك بۆی و، شەپۆلە ترسێنەرەکان هێور بوونەوە و کشومات بوون و، ئەو پەڵە هەورانەش کە ئاسمانیان تەنیبوو و دنیایان کردبوو بە تاریکستان، ڕەوینەوە و، ئاسمان بووە سایەقەیِ ساماڵ و ڕووناکی مانگ ڕۆشنایییەکی بە دەریاکە بەخشی. واتە هەموو ئەو بوونەوەرانەی کە تەنگیان پێ هەڵچنیبوو، ڕووی دۆستانەی خۆیان نیشان دا، لەپاشان گەیشتەوە کەنار دەریاکە و، لە ژێر سێبەری گەڵای کولەکەکەدا بەسۆز و میهرەبانیی پەروەردگاری شاد بووەوە.

ئیتر با لە ڕووداوەکانی چیرۆکەکەوە بچینەسەر پەند و ئامۆژگارییەکانی باسەکە:

ئەگەر تەماشای حاڵی خۆمان بکەین، دەبینین ئێمە لە بارودۆخێکی وادایـن کە چەندین جار لەوەی حەزرەتی یوونس (سەلامی خوای لێ بێت) سامناکترە.

- بۆچی؟

- چونکە ئەو شەوەزەنگەی باڵی بەسەر ئێمەدا کێشاوە داهاتوومانە، داهاتووشمان پڕیەتی لە مەترسی، ئەگەر بیر لە خودا

نەکەینەوە و، بێ ئاگا لە پەروەردگارمان بژین، ئەوا ژیانمان سەدجار لەو تاریکستانە ترسناکترە کە حەزرەتی یوونسی (سەلامی خوای لێ بێت) تێدا بوو.

دەریاکەشمان، ئەم زەویەمانە کە لەناو کەشکەشانی ئاسماندا دەسوڕێتەوە و، چەندین ڕووداوی دێنە پێش.

ئەم دەریایەی دنیامان، لەگەڵ هەر شەپۆلێکیدا هەزاران تەرم لەگەڵ خۆیدا دەبات و، هەموو ڕۆژێك هەزاران خەڵکی بەهۆیانەوە دەمرن و ڕوو لەو دنیا دەکەن.

نەهەنگەکەی ئێمە، ئەم نەفسە بەدکار و شەڕخوازەمانە، کە بەردەوام بەرەو گوناه و ئارەزووەکان پاڵمان دەنێت.

نەفسمان ژیانی هەتاهەتایمانی خستووەتە مەترسی و تەنگەبەرەوە و، دواڕۆژمانی لەسەر هەڵدێر و لێواری لەناوچوون داناوە و، هەوڵی لەناوبردنی دەدات.

لەبەر ئەمە نەهەنگەکەی ئێمە هەزاران جار لەو نەهەنگە مەترسیدارترە کە حەزرەتی یوونسی هەڵ لووشی (سەلامی خوای لێ بێت)؛ چونکە ئەو نەهەنگەی ئەوی قوتدا هەڕەشەی لەسەر ژیانی سەد ساڵی ئەم دنیای دروست کرد بوو، بەڵام نەفسی ئێمە هەڕەشەیە بۆسەر ژیانی هەتاهەتای نەبڕاوەمان.

* * *

ئیدی حاڵی ئێمە وایە، لەبەر ئەوە چارمان نییە و پێویستە شوێن پێی حەزرەتی یوونس (سەلامی خوای لێ بێت) هەڵبگرین و، هەموو هۆکارە دونیاییەکان وەلا بنێین و، بە دڵسۆزیی و ڕاست و ڕەوانی ڕوو لە پەروەردگارمان بکەین و، تەنها پشت بەو ببەستین و، نزای: "لا إِلَهَ إِلاّ أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنَ الظّالِمِينَ" بخوێنین.

تا بزانین و ببینین کاتێ ئەم نزایە دەخوێنین و ڕوو لە خودا دەکەین و پشتی پێدەبەستین، چۆن لە هەموو مەترسییەك ڕزگارمان دەبێت.. هەروەها چۆن بێ هیچ زیانێك دەژین.

جارێ دەبێت بەر شەپۆلی ڕەحمەتی خودا بکەوین و، داوای یارمەتی هەر لە خودا بکەین، چونکە هەموو شتێك بە فەرمان و ویست و ئیرادەی زاتی موبارەکییەتی.. ئەو زاتەی دەستەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت و، هەموو بەدیهێنراوان دەبات بەڕێوە و، هەموو شتێك لە سایەی دەستەڵات و دانایی ئەو زاتەوە ملکەچی ئێمەیە.

بە وتنی: "لا إله إلا الله" داوا لە خوای تاك و تەنها دەکەین داهاتوومان بۆ ڕۆشن و ڕووناك بکاتەوە.

بە وتنی: "سبحانك" خۆمان لە دەستی مەترسییەکانی دنیا ڕزگار دەکەین.

بە وتنی: "إني كنت من الظالمين" تکا لە خوای گەورە دەکەین کە بە بەزەیی و میهرەبانییەوە لێمان بڕوانێت.

بەم شێوەیە بە نووری ئیمان و قورئان داهاتوومان لە تاریکستانی نەزانی و نەفامی ڕزگار دەکەین؛ چونکە خودا دوارۆژ و بەهەشت و ژیانی نەبڕاوەی لەبەر ئێمە بەدیهێناوە، ئەم دنیایەش کە ئێمەی لەسەر کۆڵی هەڵگرتووە و، وەك کەشتییەکی مەعنەوی دەمانگێڕێت و، لە شەپۆلە بێ بەزەییەکان دەمانپارێزێت و بە ساغ و سەلامەتی دەمانگەیەنێتە کەناراوەکانی ئاسوودەیی و دڵنیایی.

گەر بەپێی قورئان خۆمان پەروەردە بکەین، ئەوا نەفسمان زیانمان پێ ناگەیەنێت و، بەسەرماندا زاڵ نابێت، بەڵکو ئێمە بەسەریدا زاڵ دەبین.

نەفسمان ملکەچی فەرمانەکانی ئیرادە و عەقڵمان دەکەین و، دەیکەینە هۆکاری چوونە بەهەشتمان، بۆ ئەوەی چۆن حەزرەتی یوونس (سەلامی خوای لێ بێت) ڕزگاری بوو، ئێمەش هەر وا لە هەموو مەترسییەکان ڕزگارمان ببێت و، خوا یار بێت بە ئیمانەوە ژیانمان بگوزەرێنین..[1]

١- لە (بریسکەی یەکەم)ەوە وەرگیراوە.

ئازارەکانی حەزرەتی ئەییوب (سەلامی خوای لێ بێت)

کاتێك نـاوی (ئـەییوب) دەبیستین، یەکسـەر سـەبر و ئارامگریی بەخەیاڵماندا دێت.

حەزرەتی ئەییوب (سەلامی خوای لێ بێت) هەرچییەکی بەسـەردا هاتبێـت بـە خێـری زانیـوە و، لەسـەر هـەموو نەخۆشـی و ئـازار و مەینەتییەك ئارامی گرتووە. لە ڕاستیدا بەسـەرهاتی ئارامگرتنی ئەو بووەتە داستانی نێو خەڵکی و، بە (پاڵەوانی ئارامگرتن) ناسراوە.

– بۆ.. ئەم پێغەمبەرە چی بەسەرهاتووە؟

– جا چی بەسەر نەهاتووە! ڕەنگە بەڵایەك نـەمابێت بەسـەری نەهاتبێت.

ئەم پێغەمبەرە (سەلامی خوای لێ بێت) کەسێکی زۆر دەوڵەمەنـد بـوو، خـاوەنی ڕەز و بـاخێکی بێشـومار بـوو، ڕانەمـەڕ و بزنـی زۆری هەبوو، پارە و پوولیشی یەکجار زۆر بوو، کوڕ و کچی هەبوو...

زۆریش سەخی و نانبدە و بەخشندە و دەستكراوە بووە، هەر هەژارێ یا نەدارێكی دیبێت خواردن و خواردنەوەی پێ داوە و، پێداویستییەكانی بۆ دابین كردووە، بۆیە هەردەم ماڵەكەی لە میوان جمەی هاتووە. سەرەڕای ئەم هەموو سەروەت و سامانەشی زۆر هۆگر و پابەندی پەرستش و خواپەرستی بوو، هەرگیز پەرستشەكانی دوانەدەخست و، بێ تەمبەڵی و كەمتەرخەمی ئەنجامی دەدان.

لەبەر ئەمەیە كە خوای گەورە لە قورئاندا لەبارەیەوە دەفەرمووێت: (ئێمە دیمان ئەییوب لەو سەردەمی نەخۆشی و دەرد و ئازارەیا زۆر بە سەبر و تەحەممول بوو. ئەییوب بەندەی چاكە و هەمیشە بە تۆبە لە گوناه ئەگەڕێتەوە بۆ لای خوا) ص:٤٤.

ئەو پێغەمبەرە بەڕێزە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار هەموو شتێكی لەدەست دا و، ماڵ و سامان و هیچی بۆ دەرنەچوو، هەموو

منداڵەکانیشی مردن، لە ماڵـەوە تـەنها خـۆی و خێزانەکـەی مانـەوە و تەنیا کەوتن.

جگە لەوەش نەخۆشییەکی زۆر سەختی گرت، کـە هـەموو لەشـی بوو بە برین و، نەیدەتوانی لەجێی خۆی ڕاستبێتەوە و بجولێت.

هەرچەندە نەخۆشییەکەی چەند ساڵێکی خایانـد، بـەڵام هـەرگیز سکاڵای دەرنەبڕی و، لای کەس سکاڵای لە دەست حاڵی خـۆی نـەکرد و، لەسـەر هـەموو شـتێك ئـارامی گـرت و، لەبـەر ئـەوەی پاداشـتی ئارامگرتنی دەزانی، ئارامگرییەکی زۆر گەورەی نواند.

ئەم پێغەمبەرە بـەڕێزە (سـەلامی خـوای لێ بێـت) لەسـەر هـەموو ئەم ئازار و ناڕەحەتیانەیـەوە، هێشـتاش هـەر لەسـەر پەرستشـەکانی بەردەوام بوو و، هـەرگیز لـە یـادی خـودا غافـڵ نـەدەبوو.. بـەڵام وای لێهات ماکی نەخۆشـەکییەی گەیشـتە زمـان و دڵـی، ئەمـەش دەبـووە ڕێگر لەبەردەم یادکردن و پەرستنی خوادا.

ئیتر ئـەوکات لەبـەر ترسـی دواکـەوتنی لـە پەرستشـەکانی، نـەك لەبەر کەیف و لەشساغی خۆی، دەستی کرد بە نزا و پاڕانەوە لە خودا هەروەك لە قورئاندا هاتووە:

(یادی ئەییوبیش بکەرەوە لەو کاتەیا کە بانگی کردە خوای خۆی و هاواری لێ کرد وتی: خوایە من تووشی دەرد و بەڵا هـاتووم و تـۆیش لە هەموو میهرەبانێ میهرەبانتری) الأنبیاء:٨٣ .

ئەم نزا پاکە لەلای خوا گیرابوو و، خوداش وەحیی بۆ کرد و فەرمانی پێ دا: (ئێمەیش بەدەنگیەوە هاتین و چی ئێش و ئازاری پێوەبوو هەموومان لادا و بە ژمارەی منالە مردووەکانی منالمان دایە و ئەوەندەی تریش بە میهرەبانیی خۆمان بۆ ئەوەی ببێ بە پەند و ئامۆژگاری بۆ ئەوانەی خوای خۆیان ئەپەرستن) الأنبياء:٨٤.

حەزرەتی ئەییوب (سەلامی خوای لێ بێت) قاچی بەزەویدا کێشا و، ئاوێکی شیرین و شیفابەخشی لە زەویەوە بۆ هەڵقولا، پاش ئەوەی بەم ئاوە خۆی شوشت، وەك ئەوەی ئاو بە ئاگردا بکەن، هیچ برینێك بە لاشەیەوە نەما و هەموویان ساڕێژ بوون.

بەم شێوەیە پەروەردگار ئەم پێغەمبەرە بەڕێزەی تاقی کردەوە و، پاش ئەوەش تەمەنێکی دووورودرێژی پێ بەخشی.

* * *

چیرۆکی حەزرەتی ئەییوب (سەلامی خوای لێ بێت) بەکورتی بەم جۆرە بوو. ئێستا با بزانین ئێمە لەم بەسەرهاتەوە چی فێر دەبین:

سەبر و تەحەممولی ئێمە لەچاو سەبر و سوپاسگوزاریی حەزرەتی ئەییوبدا (سەلامی خوای لێ بێت) زۆر سادە و ساکار و کورت مەودایە!

– جا ئێمە چۆن دەتوانین خۆمان بخەینە جێی حەزرەتی ئەیوب (سەلامی خوای لێ بێت)؟ خۆ ئەوەی بەسەر ئەودا هات، بەسەر ئێمەشدا نایەت.

– لەڕاستیدا ئێمەش تاڕادەیەك وەك ئەو گرفتار دەبین.

– چۆن؟

– لە تەمەنی یازدە ساڵی بەولاوە، وردەوردە ئیتر قۆناغی گەنجێتی دەست پێ دەکات، پاشان دەگەینە تەمەنی باڵغ بوون و لێپرسراوی، واتە ئیتر پاداشت و سزا دێتە ئاراوە.

دەشێت شەیتان بە لاڕێماندا بەرێت.

دەشێت نەفسمان گێرۆدەی دەریایەك تاوانمان بكات.

دەشێت پێچەوانەی فەرمانی خودا بجوڵێینەوە.

ڕەنگە توخنی قەدەغەكراوەكان بكەوین.

بەم جۆرە دڵ و ڕۆحمان بریندار دەبن و، بە تاوانەكان گەردیان لێ دەنیشێت و پیس دەبن.

* * *

– واتە ئێمەش دەتوانین لەم ڕووەوە خۆمان بە حەزرەتی ئەیوب (سەلامی خوای لێ بێت) بەراورد بكەین؟

– بەڵێ، ئێمە لە بەرامبەر برینەكانی لاشەی ئەودا، لە ڕۆح و دڵ و ناخماندا برینداریین.

ئەو لاشەی نەخۆش بوو، ئێمەش ڕۆح و دڵمان نەخۆشە.

بە جۆرێکە ئەگەر بێت ناخمان ببێتە ڕوخسارمان و، ڕوخسارمان ببێتە ناخمان، واتە دیوی ناوەوەمان بۆ دەرەوە و دیوی دەرەوەشمان بۆ ناوەوە هەڵبگێڕینەوە، ئەوا زۆر لە حەزرەتی ئەییوب (سەلامی خوای لێ بێت) دەردەدارتر و نەخۆشتر دەردەکەوین.

– چۆن؟

– هەر تاوانێك کە ئەنجامی دەدەین، هەر گومانێك کە شەیتان لە مێشکمانی دەنێت، دڵ و ڕۆحمان بریندار دەکات.

برینەکانی حەزرەتی ئەییوب (سەلامی خوای لێ بێت) مەترسییان بۆ سەر ژیان کورتخایەنی دنیای دروست کردبوو، بەڵام برینە مەعنەوییەکانی ئێمە هەڕەشەیەکی سامناکە بۆ سەر ژیانی هەتاهەتامان و، مەترسین لەسەر هیوای چوونە بەهەشتمان، کەواتە ئێمە هەزاران جار زیاتر پێویستمان بەو نزایەیە کە حەزرەتی ئەییوب (سەلامی خوای لێ بێت) کردی.

ئەو کرمانەی لە برینەکانی حەزرەتی ئەییوبەوە (سەلامی خوای لێ بێت) پەیدا بووبوون، گەیشتبوونە دڵ و زمانی.

ئێمەش هەر واین و، ڕەنگە ئەو برینانەی کە لە تاوانەکانمانەوە پەیدا دەبن و، ئەو وەسوەسە و گومانانەی کە لە برینەکانمانەوە

سەرهەڵدێنن –خوا پەنابات– بگەنە دڵمان، کە لانەی ئیمانە و زیان بە ئیمانمان بگەیەنن.

ئێمە بە زمانمان دان بە ئیمانەکەماندا دەنێین، بەڵام کاتێك نوقمی تاوانەکان بووین، ئیدی تامی ناو دەممان دەگۆڕێت و، چێژ و لەززەتی ئیمانمان لەدەست دەچێت و، یاد و زیکر و ناوبردنی خودا بێزاری دەکات، تا وای لێدێت کە بەتەواوی لە ئاست یادکردنی خودادا کپ و بێ دەنگ دەبێت.

ئێمەش بۆ ئەوەی لەم مەترسییە ڕزگارمان بێت و، پێمان لە تەڵەکانی شەیتان نەکەوێت لە خوای گەورە دەپاڕێینەوە، هەروەها بۆ ئەوەی خۆمان لە تاوان بەدوور بگرین، نزا دەکەین. تەنانەت ئەگەر لە زەلکاوی گوناه و تاوانیشدا بین دوعا دەکەین و لەخوا دەپاڕێینەوە بۆ ئەوەی خۆمان لەو تاوانانە پاك بکەینەوە.

وەك پێغەمبەر ئەییوب (سەلامی خوای لێ بێت) پەنا دەبەینەبەر قاپی کردگاری مەزن و، پشت بە میهرەبانیی ئەو دەبەستین.

هەروەك لە قورئاندا هاتووە بەم جۆرە نزا دەکەین: ﴿إنّي مَسَّنيَ الضُرُّ و أنْتَ أرْحَمُ الراحِمِين﴾ الأنبياء: ٨٣، واتە: (خوایە، من تووشی دەرد و بەڵا هاتووم و، تۆیش لە هەموو میهرەبانێ میهرەبانتری).[١]

١– لە (بریسکەی دووەم)ەوە وەرگیراوە.

پێویستە چۆن نەوەکانی پێغەمبەرمان ﷺ خۆش بوێت؟

بچووکترین و خۆشەویستترین و شیرینترین کچی
پێغەمبەری خوا ﷺ، فاتیمە بوو.
پێغەمبەر ﷺ ئەوەندەی خۆشدەویست، هەردەم
دەیفەرموو: "فاتیمە پارچەیەکە لە من".

هیچ باوکێك بە ئەندازەی پێغەمبەر ﷺ کچەکەی خۆی خۆش نەویستووە، چونکە ئەوین و خۆشەویستی ئەو شتێکی دیکە بوو.. هیچ کەسێکی دیکە نییە هێندە خۆشەویستی خۆی بۆ منداڵەکانی دەرببڕێت.

خاتوو فاتیمە و حەزرەتی (عەلی کوڕی ئەبو تالّیب) هاوسەرگیرییان کرد و، بوونە دایك و باوکی دوو کوڕی خوێنشیرین، ئەوانیش (حەسەن و حوسێن)ن.

جاری وا هەبوو کاتێك پێغەمبەر ﷺ نوێژی دەکرد و لە سوجدەدا دەبوو، ئەوان دەهاتنە سەر پشتی، پێغەمبەریش ﷺ لێیان دەگەڕا تا خۆیان لەسەر پشتی دەهاتنە خوارێ.

هەندێك جار پێغەمبەر ﷺ حەسەن یا حوسەینی لە باوەش دەگرت و دەهات بۆ مزگەوت و، پێشنوێژی بۆ موسوڵمانان دەکرد و، کاتێك دەچووە سوجدە لەسەر زەوییەکە لە تەنیشتی خۆی دایدەنا و کاتێکیش لە سوجدە هەڵ دەستایەوە لە باوەشی دەگرتەوە.

ڕۆژێك پێغەمبەر ﷺ حەسەنی لەسەر شانێکی دانابوو و حوسەینیشی لەسەر شانەکەی دیکەی، جا هەردەمە و یەکێکیانی ماچ دەکرد و دەیفەرموو: "هەر کەسێك ئەمانەی خۆش بوێت منی خۆش ویستووە و، هەر کەسیش ڕقی لێیانبێت ڕقی لە منە".

* * *

جارێك لە پیاهەڵدانێکی ئەواندا فەرموویەتی:

"خودایە! من ئەم منداڵانەم خۆش دەوێت، هەر کەسیش ئەوانی خۆشویست تۆش خۆشتبوێت."[1]

دووبارە ڕۆژێك پێغەمبەر ﷺ حەسەنی لە کۆڵدا بوو و بەڕێدا دەڕۆیشت، هاوەڵێك کە ئەم دیمەنەی بینی وتی: "چ کۆڵکەرێکی باشت هەیە ئەی منداڵ"، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: "ئەویش چ کۆڵکراوێکی باشە".

* * *

لە قۆناغی منداڵیی حوسەیندا، جارێکیان پێغەمبەر ﷺ لەباوەشی گرتبوو و، دەی لاواندەوە، لەو کاتەدا حوسەین باوەشی پێغەمبەری ﷺ تەڕکرد، شالاویان برد تا لێی وەربگرن، بەلام پێغەمبەر لێنەگەڕا بیبەن و، پاشان دوای ئەوە داوای دەفرێك ئاوی کرد و تەڕاییەکەی پێ شۆردەوە.

* * *

ئیدی پێغەمبەر ﷺ ئەوە نازدارەکانی بەم جۆرە خۆشدەویست.

– بۆچی هێندەی خۆشدەویستن؟

١– سنن الترمذي: ٣٢٢/٥.

تەنها لەبەر ئەوەی کە منداڵی فاتیمەی کچیی و عەلیی ئامۆزای بوون؟

یان لەبەر ئەوەی کە درێژەپێدەری وەچەی پیرۆزی بوون؟

یاخود لەبەر ئەوەی پێغەمبەرﷺ زۆر بەسۆز و میهرەبانە؟

یان بۆ ئەوەی ببێتە نموونەیەك بۆ خەڵکی لە خۆشەویستی منداڵدا؟

یان ئەم خۆشەویستییەشی ئەرکێکی پێغەمبەرانە بوو؟

– بەڵێ، هەموو ئەم گریمانانە ڕاستن و لەجێی خۆیاندان، بەڵام خاڵی سەرەکی ئەوەی کۆتاییە.



حەسەن و حوسەین، زنجیرێکی نوورانی و پەتێکی پرشنگداری میراتی پێغەمبەرایەتی بوون.

نەوەکانی حەسەن و حوسەین کە بە ئالوبەیت (ئەهلی بەیت) ناسراون، بەدرێژایی سەدان ساڵە هەڵگر و گوازەرەوەی پەیامی ئیسلامن.

حەسەن و حوسێن باوە گەورە و پشتی نەوەکانی ئەهلی بەیتی ئەمڕۆمانن، کە ملیۆنان کەس دەبن.

وەچەی پێغەمبەر ﷺ لە ڕێگەی ئەم دوو کەسەوە زیادی کرد و، تا ئەمڕۆکەشمان هەر لە زیادبوون و بەرەکەتداربووندان و، تا ڕۆژی قیامەت بێ پچڕان بەردەوام دەبێت.

* * *

ماچکردنی سەری حەزرەتی حەسەن لەلایەن پێغەمبەرەوە ﷺ بەشێکی گەورەی شێخ (عەبدولقادری گەیلانی) تێدایە، چونکە شێخی گەیلانی نەوەی حەزرەتی حەسەنە و حەسەنیش کچەزای پێغەمبەر بووە ﷺ.

لە ڕاستیدا پێغەمبەر ﷺ بە چاوی پێغەمبەرانە لە حەسەن و حوسەینی ڕوانیوە و، گرنگی پێداون و، هاندەریان بووە.

بە خۆشویستن و ماچکردنی ملی حوسەین، خۆشەویستی خۆی بۆ نەوەکانی ئەویش دەربڕیوە.

خوای گەورە بە قودرەتی خۆی خزمەتی ئەم کەسێتییە مەزنانەی ئیسلامی پیشانی پێغەمبەر ﷺ داوە، بۆیە دەتوانین بڵێین پێغەمبەریش ﷺ بە شێوەیەکی واتایی (مەعنەوی) نەوەکانی بە سینەی پیرۆزیەوە گوشیوە و نازی پێداون.

لەبەر ئەمەیە خۆشویستنی ئەهلی بەیت خۆشویستنی نەوەکانی پێغەمبەرە ﷺ، چونکە ئەمە وەك ئەوەیە ڕاستەوخۆ سۆز و

خۆشەویستیت بۆ پێغەمبەر ﷺ دەربڕیت.. ئەم خۆشەویستییە دەمانگەیەنێت بە خۆشەویستی خوای گەورە.

ئاخر ئێمە ئەهلی بەیتمان تەنها لەبەر ئەوە خۆش دەوێت کە هۆکارن بۆ خۆشویستنی پێغەمبەر ﷺ.

بەم چەشنە تام و چێژی جوانیی ئیمان دەچێت بە دڵماندا و، چێژ لە باوەڕداریمان دەبینین و، خۆشبەختی تەنها لە بەندایەتی کردنی خودادا دەبینینەوە.[١]

١- لە (بریسکەی چوارەم)ەوە وەرگیراوە.

چۆن سوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺ لە ژیانماندا پەیڕەو بکەین؟

"هەریەك لە سوننەتە پیرۆزەکانی پێغەمبەر ﷺ و ڕەچاوکردنی ڕەویەی ئەوم وەك قیبلەنمایەك بینی کە ئاراستە و ڕێڕەوی کەشتییەکانی ناو دەریا دەستنیشان دەکات و، دەمبینی کە هەریەکەیان وەك چرایەك وایە چەندین ڕێی تاریك و زیانبەخشی لە ژمارەبەدەر ڕووناك دەکاتەوە".

– پێغەمبەرمان ﷺ چۆن قورئانی خوێندووەتەوە؟ ئەی چۆن لە ژیانیدا کاری بە ئایەتەکانی کردووە؟

نازدارمان ﷺ چۆن پەروەردگاری پێ ناساندووین؟

پێغەمبەرمان ﷺ چۆن نوێژی کردووە؟ چۆن ڕۆژووی گرتووە؟ چۆن زەکاتی داوە؟

پێغەمبەرمان ﷺ چۆن پاڕاوەتەوە؟ چۆن یادی خوای کردووە؟ چۆن سوپاسی خوای کردووە؟

پێغەمبەرمان ﷺ چۆن قسەی کردووە؟ چی فەرمووە؟ لە کوێدا بێدەنگ بووە؟

پێغەمبەرمان چۆن نانی خواردووە؟ چۆن ئاوی خواردووەتەوە؟ چۆن هەستاوە و دانیشتوە و نوستووە؟

پێغەمبەرمان ﷺ پەیوەندی چۆن بووە لەگەڵ خەڵکیدا؟ چۆن گشت خەڵکی بەو ئەندازەیە خۆشویستووە؟

پێغەمبەرمان ﷺ چۆن دنیای بینیوە؟ چۆن لێی ڕوانیوە و هەڵیسەنگاندووە؟

هەموو ئەم پرسیارانە ئێمە بەرەو سوننەت دەبات.

* * *

کەواتە سوننەت بریتیە لە:

– ئەو ڕێبازە ئیسلامیانەیەی کە پێغەمبەرمان ﷺ لە ژیانیدا پەیڕەوی دەکرد.

– چۆنیەتی پەیڕەوکردنی ئیسلام لەلایەن پێغەمبەرمانەوە ﷺ.

– شـێوازی هەڵسوکەوتی پێغەمبەرمان ﷺ، یا فلانە هەڵسوکەوتی لە چ کاتێك و کوێدا نواندووە؟

– شوێنکەوتنی پێغەمبەرمان ﷺ و، ناسینی کەسێتی پیرۆزی و، بە پێشەنگ دانانی.

– شوێنپێگرتنی پێغەمبەرمان ﷺ و، هەوڵدان بۆ ئەوەی وەك ئەو بژین.

سوننەت ڕۆح و دڵ و گیان و کرۆك و بناغەی ئیسلامە.

گەر سوننەت نەزانین ناتوانین لە ئاینی ئیسلام تێ بگەین.

گەر سوننەت نەزانین لە واتا و هۆکاری زۆرینەی شتەکان تێ ناگەین.

ئێمە بڕوامان بە بوون و یەکتایی پەروەردگارمانە، بەڵام شێوازی بەجێگەیاندنی فەرمان و داواکارییەکانی ئەو زاتە لە پێغەمبەرەکەمانەوە ﷺ فێر دەبین.

* * *

سوننەت قیبلەنمایەکە، نەخشەیەکە، ڕێبەر و ڕێنیشاندەرێکە.

لەبەر ئەمە بێ ئاشنابوون بە سوننەت، ناکرێت ڕێی ڕاست و دروست بدۆزینەوە.

ئەگەر مرۆڤ سەر لە سوننەت دەرنەکات، ئەوا ناشزانێت بەرەو کوێ دەڕوات و خەریکی چییە، بۆیە سەرلێشێواو و سەرگەردان دەمێنێتەوە.

خوای گەورەش بۆ ئەوەی مرۆڤ لە بێسەرەوبەرەییدا نەهێڵێتەوە لە ئایەتێکی پیرۆزی قورئاندا دەفەرموێت:

(ئەی موحەممەد! بە خەڵکی ڕابگەیێنە و پێیان بڵێ: ئەگەر ئێوە خوداتان خۆش ئەوێ پەیڕەوی من بکەن تا خودا خۆشتانی بوێ و لە گوناهتان ببووری. خودا تاوانبەخش و میهرەبانە) آل عمران: ٣١.

لەم ئایەتە پیرۆزەوە ئەم مژدە بەنرخانەمان پێ دەگات:

ئەگەر ئیمانتان بە خوای گەورە هەبێت، ئەوا بێگومان دەبێت خۆشتان بوێت.

مادەم خوداشتان خۆش دەوێت، ئەوا دەبێت بەوجۆرە ڕەفتار بکەن کە ئەو زاتە ویستی لەسەرە.

خوای گەورەش پێی خۆشە خۆتان بە پێغەمبەرە خۆشەویستەکەی ﷺ بچوێنن.

ئەمەش بە شوێنکەوتن و پەیڕەوکردنی ڕێبازەکەی ئەو دەبێت و، گەر شوێنکەوتەی ڕێبازەکەشی بوون ئەوا خوداش ئێوەی خۆشدەوێت.

کەواتە خوداتان خۆش بوێت، با خوداش ئێوەی خۆش بوێت.

* * *

ئەمە وەك ئەم نموونەیە وایە:

ئەگەر خۆر هەڵبێت ئەوا دەبێت بە ڕۆژ.

خۆر هەڵهات.. کەواتە ئێستا ڕۆژە.

گەر ڕۆژ نەبووەتەوە، کەواتە هێشتا خۆر هەڵ نەهاتووە.

هەروەك لەم یاسا گەردوونییەدا ڕوونمان کردەوە: ئەگەر خۆشەویستی خودا لە دڵی کەسێکدا هەبێت، ئەوا ئەو کەسە بێگومان شوێن خۆشەویسترین مرۆڤ لای خوای گەورە دەکەوێت.

ئەگەر ئێوە شوێنکەوتەی ڕێبازەکەی ئەو زاتە خۆشەویستە نەبن، کەواتە خوداتان خۆشناوێت.

خۆ ئەگەر خوداتان خۆشدەوێت، کەواتە ئێوە شوێن ئەو زاتە خۆشەویستە کەوتوون.

واتە هەر کەسێك ئیمانی بەخودا هەبێت، بێگومان دەشبێت گوێڕایەڵی بێت، ڕاستترین و کورتترین و گونجاوترین و بێگومانترین ڕێگەش ئەو ڕێیەیە کە پێغەمبەرمان ﷺ گرتوویەبەر و نیشانی ئێمەشی داوە و، بانگەوازی کردووین بۆی.

ئەنجام: بۆ ئەوەی خوای گەورە خۆشی بوێین، پێویستە شوێنکەوتەی سوننەتەکانی پێغەمبەرمان ﷺ بین و، لە ژیانماندا پەیڕەویان بکەین.[1]

١- لە (بریسکەی یازدەیەم)ەوە وەرگیراوە.

زیندووڕاگرتنی سوننەتەکان چ سوودێکمان پێ دەگەیەنێت؟

پێغەمبەرﷺ دەفەرموویت: "هەر کەسێك لەو کاتەدا کە ئوممەتەکەم فەساد و خراپەکاری تێدا بڵاو بووبێتەوە، دەست بە سوننەتەکانمەوە بگرێت، ئەوا پاداشتی سەد شەهیدی بۆ هەیە" .

– فەساد و خراپەکاری ئوممەت چۆن دەبێت؟

– بەوەی کە خەڵك بە ئاشکرا ڕوو لە گوناه و تاوان بکەن و، بێ شەرمانە دەست بۆ حەرامکراوەکان بەرن.

بێ شەرم کردن و سڵەمینەوە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی دوور لە ئەدەب و ڕەوشت بنوێنن.

بە ڕۆژی ڕووناك بێ فەرمانیی خوای گەورە بکەن.

واز لە سوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺ بهێنن.

بە پێچەوانەی ڕێنماییەکانی سوننەتەوە بژین.

* * *

بیدعە، ئەو هەڵسوکەوت و کار و یاسایانەیە کە لەجێی سوننەت دانراون و لەگەڵ ئیسلامدا نەگونجاون.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: "هەموو بیدعەیەك گومڕاییە و، هەموو گومڕاییەکیش لە ئاگری دۆزەخدایە".

واتە یاسا و دەستوورەکانی شەریعەتی ئیسلام تەواو دامەزراون و، هیچ کەموکورتییەکیان تێدا نییە. هەموو لایەنەکانی سوننەتیش لە لایەن پێغەمبەرەوە ﷺ دیاری کراوە.

لەبەر ئەمە ئەگەر خوانەخواستە ئیسلام و سوننەت بە ناتەواو ببینین و، شتی نوێی بۆ زیاد بکەین و، بیدعە دابهێنین، ئەوە سەرلێشێواوی و گومڕاییە.

لەبەر ئەمە زیندووڕاگرتنی سوننەتێکی بچووکیش لەناو ژینگەیەکی بە تاوان تەندراودا گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە.

- بۆچی؟

- چونکە تەنها مرۆڤی خاوەن ئیمانێکی ساغ و بەهێز دەتوانیت بە پێی سوننەتەکان بژی.

تەنها بڕوادارێکی بەتەقوا و لەخواترس دەتوانێت سوننەتەکان بەرز ڕابگرێت.

تەنها موسوڵمانێك کە خۆشەویستی خودا و پێغەمبەر ﷺ لە دڵیدا چەسپی بێت دەتوانێت بایەخ بە سوننەتەکان بدات.

کاتێك سوننەتێك بەجێدەهێنین یەکسەر پێغەمبەرمان ﷺ دێتەوە یاد، بیر لەو دەکەینەوە و، هەست دەکەین کە لەگەڵ ئەوداین.

کاتێك هەمان کارەکانی پێغەمبەرمان ﷺ ئەنجام دەدەینەوە، خۆشەویستی و دڵخۆشییەك لە ناخماندا سەرهەڵدەدات؛ چونکە نووری پێغەمبەر ﷺ لە ناخماندا هەڵدێت و دڵمان بە خۆشەویستی ئەو دەگەشێتەوە.

لەگەڵ یادکردنەوەی پێغەمبەرماندا ﷺ هەست دەکەین لە حزووری پەروەردگارداین و، هەست دەکەین خودا لێمانەوە نزیکە، لە ناخماندایە، لە دڵماندایە...

با بڵێین، بە دەستی ڕاستمان نان دەخۆین؛ چونکە دەزانین پێغەمبەرمان ﷺ کاتێك شتێکی خواردووە یان خواردووەتەوە دەستی ڕاستی بەکارهێناوە.

ئەم کارە هەرچەندە بە ڕواڵەت سادەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە لەپێناو زیندووڕاگرتنی سوننەتێکی پێغەمبەرماندا ﷺ بەو شێوازە ئەنجامی دەدەین، لە قاڵبی کارێکی سادە و ساکاردا نامێنێتەوە و،

دەبێتە پەرستش و، هەموو جارێك خێر و چاکەمان بۆ دەنووسرێت لەسەری.

بەم جۆرە ئەگەر هەموو کارەکانمان وەك سوننەتێك راپەرێنین و، هەر بەو شێوەیە بیانکەین کە پێغەمبەرمان ﷺ ئەنجامی داوە، ئەوا سەرتاپای ژیانی ڕۆژانەمان دەبێتە پەرستش و بیست و چوار سەعات خێر و چاکەمان بۆ دەنووسرێت.

ناخ و، ڕواڵەت و، ماڵ و، دەوروبەرمان پڕدەبێت لە نوور و ئارامی و ئاسودەیی.. خوو و ڕەفتارەکانمان دەبن بە پەرستش و تەمەنمان بەرهەمدار دەبێت و لەبەرامبەریدا پاداشتمان بۆ دەنووسرێت.

* * *

سوننەتی پێغەمبەر ﷺ سێ سەرچاوەی هەیە، ئەوانیش:

(وتە و، کار و، حاڵ)ی پێغەمبەرمانە ﷺ.

وتە: فەرموودە پیرۆزەکانی پێغەمبەرە ﷺ .

کار: واتە ئەو کارانەی پێغەمبەرمان ﷺ کردوونی و، ئەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەش کە نواندوونی.

حـــــــالّیش، بـــــــارودۆخی پێغەمبـــــەرمان ﷺ و حاڵـــــە مرۆڤایەتییەکانی و ڕێڕەویەتی.

هــــەر ســـێ سەرچـــاوەکەی سـوننەتیش دەبـن بـە سـێ پلـەوە، ئـــەوانیش: (واجـــب و، نـــەوافیل و، خووە جوانەکان).

– بۆ نموونە وەکو چی؟

– پێغەمبەرمان ﷺ نوێـژی کـردووە، ڕۆژووی گرتـووە، زەکـاتی بەخشیوە، گونـاهی ئـەنجام نـەداوە... ئـەم پەرستشـانە هەریەکـەیان واجب و فەرزێکە، کە پێویستە هەموو موسوڵمانێك جێبـەجێیان بکـات و هەرگیز پشتگوێیان نەخات.

بەم چەشنەش هەم فەرزێکمان ئەنجام داوە و، هەم لەبەر ئەوەی ئـــەو کارەمـــان کـــردووە کـــە پێغەمبـــەرمان ﷺ ئـــەنجامی داوە، سوننەتێکیشمان ئەنجامداوە.

لە فەرموودەیەکدا پێغەمبەرمان ﷺ فـەرمانمان پـێ دەکـات بـەو شـێوازە نوێـژ بکـەین کـە خـۆی کردوویـەتی.. بـەم شـێوەیە لەگـەڵ ئەنجامدانی نوێژە فەرزەکەدا سوننەتێکیشمان زیندووڕاگرتووە.

- چ سـوودێك لـه زینـدووڕاگرتنی سـوننەتەكانی پێغەمبـەر ﷺ دەبینین؟

- سەرەتا بـه ئەنجامـدانی ئـەم سـوننەتانه پاداشـتێكی زۆرمـان دەست دەكەوێت، بەڵام ئەگەر تەركیان بكـەین و پشـتگوێیان بخـەین، ئەوا لە دواڕۆژماندا گرفتار دەبین.

سـوننەتەكانیش بەشـی (نـەوافیل)یان هەیـه و، ئـەوانیش دوو بەشن:

بەشێكیان ئـەو سـوننەتانەن كـه تایبـەتن بـه پەرستشـەوه وەك: سوننەتەكانی تایبەت بە نوێژ و ڕۆژوو و حەج و...

بـۆ نموونـه، لـه كـاتی دەزنوێژگرتنـدا ئـاو لـه دەم و لـووت ڕادان سوننەته.

لـه كـاتی خوێنـدنی سـورەتی (الفاتحـة) لـه نوێـژدا دەسـتگرتن سوننەته.

كاتێـك بـەڕۆژوو دەبـین هەسـتان بـۆ پارشـێو و ڕۆژوو شـكاندن سوننەته.

ئـەم سـوننەتانه هـەرگیز گۆڕانیـان بەسـەردا نایـەت و، ئەگـەر بگۆڕدرێن ئەوا بیدعەیان تێدا هاتووەتـه كایـەوه، كـه ئەمـەش لەگـەڵ ڕێنماییەكانی ئیسلامدا ناگونجێت.



گەر ئەم سوننەتانە زینــدوو ڕابگــرین ئــەوا پاداشتێکی زۆرمان دەست دەکــەوێت، گـــەر تەرکیشـیان بکـەین هـیچ سزا و ئازارێکمان لە چارە نانووسرێت.. بەڵام گەر بگۆڕدرێن و شتی نوێ لە جێیان دابنرێت، ئەوا بیدعەیە و هەڵەیەکی زۆر گەورەیە.

گەر لە کارەکانی ڕۆژانەماندا ڕەفتارە جوانەکانی پێغەمبەرمان ﷺ زیندوو ڕابگرین، ئەوا کارێکی زۆر باشمان کردووە و ژیانمان پێیان نەخشاندووە.

گەر بزانین پێغەمبەرمان ﷺ چۆن هەستاوە و دانیشتووە و، چۆن خواردوویەتی و، چۆن خواردویەتیەوە و، پاشان ئێمەش وەك ئەو ئەم کارانە بکەین، ئەوا خوویەکی زۆر جوان و شیرینمان لێ وەشاوەتەوە.

بەم جۆرە ئەم خووانەمان دەکەینە پەرستشێك.

نوور و بەرەکەتی پێغەمبەر ﷺ دێتە ناو ژیانمانەوە و ژیانێکی ڕۆشن و بەختەوەر دەبەینە سەر.[١]

١- لە (بریسکەی یازدەیەم)ەوە وەرگیراوە

ئاکار و ڕەوشتی پێغەمبەرمان ﷺ چۆن بووە؟

"خوای گەورە هەرچی بناغە و دەستووری ئەدەب هەیە لە لای پێغەمبەرە خۆشەویستەکەی خۆی ﷺ کۆی کردوونەتەوە، کەواتە هەرکەس سوننەت تەرك بکات و وازی لێ بهێنێت، ئەوا خۆی لە سەرچاوەی هەموو ئەدەبێك دوور خستووەتەوە" .

– ئەدەب یەعنی چی؟

– ئەدەب، ڕەوشتی جوانە.

ئەدەب بە باشی ژیانە لەگەڵ هەموو کەس و، بە جوانی قسەکردنە لەگەڵیان.

ئەدەب زمانی شیرین و ڕووخۆشییە.

ئەدەب نەرمونیانییە، بەڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ خەڵك کردنە، ناتوندوتیژییە.

ئەدەب ناسکی و سادەییە.. دڵڕەق و هەستپووشێن نەبوونە.

ئەدەب دادپەروەرییە، بە یەکسانی مامەڵە لەگەڵ خەڵك کردنە و، دانی مافی هەموو شتێکە.

ئـەدەب میهرەبانییـە، بەسـۆزەوە لەگـەڵ خەڵكدا جووڵانـە، دڵ بەدەستهێنانیانە.

ئەدەب دڵسۆزییە، خۆشەویستییە، هاوخەمیی و هاوبەشبوونە لـە ئازارەكانی خەڵكدا.

بە كورتی، ئەدەب هەر ڕەوشتێكە كە هەریەكەمان وەك مرۆڤێـك حەزمان لێیەتی و، جوانییەكی مرۆڤایەتیانەیە.

پـەروەردگارمان، هــەموو شـێوەكانی ئـەدەبی لـە پێغەمبـەری نازدارماندا ﷺ كۆكردووەتەوە.

* * *

خوای گەورە لـە قورئـانی پـیرۆزدا ستایشـی ئـەدەب و ڕەوشـتی پێغەمبــەر ﷺ دەكـات و، دەفــەرمووێت: (بەڕاسـتییش تـۆ خــوو و ڕەوشتێكی زۆر گەورەیشت هەیە) القلم:٤.

واتە، خوای گـەورە بەتایبـەتی ستایشـی ڕەوشـتی پێغەمبـەرمان ﷺ دەكات و، بەرز دەینرخێنێت؛ چونكە خوای گەورە خۆی ڕەوشـتە مەزن و بالاكانی فێر كردووە.

پێغەمبــەرمان ﷺ دەفــەرمووێت: "مــن پــەروەردگارم فێــری كردووم، بەڕاستی جوانترین ئەدەب و ڕەوشتی داداوم".

پێغەمبەرمان ﷺ لەلایەن پەروەردگارەوە ڕێی ڕاستی نیشان دراوە، واتە خوای گەورە بە شێوازی خۆی هەموو شتێکی فێر کردووە.

لەبەر ئەمە پێغەمبەر ﷺ لای هیچ کەسێك زانست و زانیاری فێر نەبووە، واتە لای پیاوانی ئایینی و لای زانایان نەیخوێندووە.

پەروەردگار هەموو شێوەکانی ئەدەبی لە پێغەمبەرماندا نەخشاندووە ﷺ، هەر لەبەر ئەمەشە کە ڕەوشت و ڕەفتاری ﷺ وەك موعجیزەیەکە بۆ مرۆڤایەتی و، هیچ کەس هێندەی ئەو ڕەوشت و ئەدەبی بەرز و بەڕێز نەبووە و نابێت.

بەڵام لەبەر ئەم ڕەوشت جوانییەشی هەمووان چاوی لێ دەکەن و هەوڵ دەدەن وەك ئەو هەڵسوکەوت بکەن و وەك ئەو ڕەفتار بنوێنن.

هەموو مرۆڤێك دەیەوێت ببێتە ئاوێنەی ئەو پێغەمبەرە خۆشەویستە ﷺ و، حەز دەکات ئەمیش بە ڕوانین لە ژیان و کەسێتیی نەخشە بۆ ژیانی خۆی دابڕێژێت، واتە هەوڵ دەدات لە ژیانی نوورینی ئەوەوە ژیانی خۆی ڕۆشن بکاتەوە و جوان و دەوڵەمەندی بکات؛ چونکە پێغەمبەرمان ﷺ لە هەموو ڕوویەکەوە ناوازە بوو، هەموو

هەڵسوکەوتێکی بەرز و، هەموو جووڵەیەکی لە لووتکەی پێگەیشتوییدا بوو و، لە هەموو ڕوویەکەوە لە بەرزترین ئاستی مرۆییدا بوو.

* * *

پێغەمبەرمان ﷺ لەگەڵ ئافرەتان و، منداڵان و، بێکەسان و، هەتیوان و، ئاژەڵانیشدا مرۆڤێکی زۆر بەبەزەیی و دڵنەرم بوو.

بە تایبەتی منداڵانی زۆر خۆشدەویست، هەروەك باسمان کرد: (حەسەن و حوسەین)ی کوڕی فاتمە و عەلی کوڕی ئەبوتالیبی لە باوەش دەگرت و دەهات بۆ پێشنوێژی کردن بۆ موسوڵمانان لە مزگەوت و، لەسەر شانی دایدەنان و بە ڕێگادا دەڕۆیشت.

(ئەنەسی کوڕی مالیك)ی هاوەڵی لاوی پێغەمبەر ﷺ دەگێڕێتەوە:

"جارێك کاتێك پێغەمبەرمان ﷺ لە سوجدەدا بوو، حەسەن یا حوسین هات و سوار کوڵی بوو، پێغەمبەریش ﷺ سوجدەبردنەکەی درێژکردەوە تا ئەو هاتە خوارێ". هاوەڵان پاش تەواوبوون لە نوێژەکە لێیان پرسی: پێغەمبەری خوا، سوجدەکەتان زۆر درێژ کردەوە؟ پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: "ئەوەکەم هاتە سەر پشتم، منیش حەزم نەکرد پەلەی لێ بکەم".

ئەگەر پێغەمبەر ﷺ لە کۆلاندا منداڵی بدیایە، یەکسەر دەچووە لایان و سەلامی لێ دەکردن و، حاڵ و ئەحواڵی دەپرسین. گەر

نۆبـەرەی هـەر میوەیەکیشـی بـەدیاری بـۆ بهاتایـە سـەرەتا بەشـی منداڵەکانی دەدا.

پێغەمبەر ﷺ کەسێکی زۆر نانبدە و بەخشندە و سەخی بووە، زۆر چاودێری حاڵی هەژارانی کردووە و، پێداویستییەکانی بۆ دابین کردوون.

ئەگەر یەکێك بهاتایە دەرگاکەی و داوای شتێکی لێ بکردایە، تەنانەت ئەگەر خۆشی پێویستی بەو شتە بووایە، هەر دەیبەخشی بەو کەسە و هەڵی نەدەگرت بۆ خۆی.

پێغەمبەر ﷺ هەر شتێکی دەستبکەوتایە دەیبەخشیەوە بەسەر هەژار و لێقەوماواندا، لە ماڵەکەیدا هێندە کەلوپەل و شتی دنیایی شك نەدەبرد.

پێغەمبەر ﷺ هەموو شتێکی لە پێناو خودادا دەبەخشی و هیچی بۆ خۆی نەدەشاردەوە.

پێغەمبەر ﷺ کەسێکی زۆر بێ فیز و خاکی بوو، هەرگیز بە لووتبەرزییەوە تەماشای کەسی نەدەکرد و، خۆی لە هاوەڵانی جیانەدەکردەوە، بەڵکو وەك هاورێ و یەکێك لەوان دەژیا.

کاتێك لەگەڵ هاوەڵاندا کارێکی بە کۆمەڵیان بهاتایە پێش، یەکسەر کارێکی بۆ خۆی دیاریدەکرد.

جارێك پێغەمبەرﷺ و چەند هاوەڵێکی چوون بۆ سەفەرێك، لە ڕێگە ﷺ داوای لە هاوەڵان کرد کە مەڕێك سەرببڕن و بیبرژێنن، یەکێك لە هاوەڵان هات وتی: پێغەمبەری خودا، با مەڕسەربڕینەکە لەسەر من بێت. یەکێکی تر هات و وتی: پێغەمبەری خوا، من کەوڵی دەکەم. هاوەڵێکی دیکە فەمووی: من دەیبرژێنم.

بەم جۆرە کارەکانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد.

پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: "دار و چیلکە کۆکردنەوەش لەسەر من بێت". بەڵام هاوەڵان ویستیان پێغەمبەر ﷺ ماندوو نەکەن و، پێیان وت: "پێغەمبەری خوا ئێمە دەتوانین ئەو کارەی ئێوەش ئەنجام بدەین، پێویست ناکات ئێوە کار بکەن".

لە بەرامبەر ئەمەدا پێغەمبەر ﷺ خاکی بوونی بێ سنووری خۆی نواند و فەرمووی: "دەزانم کە ئێوە دەتوانن ئەم کارەی منیش بکەن، بەڵام پەروەردگار حەزناکات بەندەی خۆی ببینێت خۆی لە هاوەڵان و دۆستانی خۆی جیا کردووەتەوە".

پێغەمبەر ﷺ زۆر نەرمونیان و بەڕێز بوو، زۆر ڕۆحێکی سووك و سادەی هەبوو.

دایە عائیشەمان (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت:

"هیچ کەسێك نییە کە ڕەوشتی لە پێغەمبەر ﷺ جوانتر بێت، هەر کەسێك بانگی لێ بکردایە دەیفەرموو: "بەڵێ فەرموو".

* * *

ئەنەسی کوڕی مالیك، کە دە ساڵی تەمەنی لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺ بەسەر بردووە، دەفەرمووێت:

"کاتێك یەکێك پرسیاری لە پێغەمبەر ﷺ بکردایە، زۆر بەجوانی گوێی بۆ ڕادەگرت و، تا پرسیارکەرەکەش خۆی نەڕۆیشتایە، پێغەمبەر ﷺ جێی نەدەهێشت.

کاتێك پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ یەکێك تەوقەی بکردایە، یان یەکێك دەستی بۆ تەوقەکردن بەڕوویدا درێژ بکردایە، تا ئەو کەسە دەستی بەرنەدایە، پێغەمبەر ﷺ دەستی بەرنەدەدا.

کاتێك چاوی بەکەسێك بکەوتایە و قسەی لەگەڵ بکردایە، تا ئەو کەسە ڕووی وەرنەگێڕایە، پێغەمبەر ﷺ ڕووی وەرنەدەگێڕا.

هەرگیز قاچی ڕووەو کەسێك درێژ نەدەکرد کە لە بەردەمی دانیشتبێت، چاوی بە هەر کەسێك کەوتبێت سەرەتا ئەم سەلامی دەکرد و، دەستی بۆ تەوقەکردن بەڕووی کەسەکەدا درێژ دەکرد.

بۆخۆی خزمەتی میوانەکانی دەکرد، زۆرجار عەباکەی ڕادەخست بۆ ئەوەی لەسەری دابنیشن، زۆر جاریش ڕاخەرەکەی ژێر خۆی دەدا بە میوانەکان و خۆی لەسەر زەویە ڕووتەکە دادەنیشت".

جوانی و ڕەوشتبەرزی و ئەدەبی پێغەمبەرمان ﷺ بە باسکردن تەواو نابێت، چەندەها بەرگ لە کتێب لە بارەی ڕەوشتبەرزی ئەوەوە نووسراون، هەزاران کۆڕ بەستراون و، هەزاران شیعر لەبارەیەوە هۆنراونەتەوە.

ئای! چەند خۆشە بۆ ئێمە کە پێغەمبەرێکی وامان هەیە.[1]

١- لە (بریسکەی یازدەیەم)ەوە وەرگیراوە.

ئێمە تا چەند هاوەڵان (الصحابة) دەناسین؟

کاتێك دەوترێت (هاوەڵان) وێنەی ئەو کەسانە بە بیرماندا دێت
کە لە کۆڕەکانی پێغەمبەردا ﷺ ئامادەبوون و، بە چاوی خۆیان
ئەویان بینیوە و گوێیان بۆ گرتووە و هاوەڵ و دۆستی بوون و،
باوەڕیان بە پەیامەکەی هێناوە.
پێغەمبەرمان ﷺ چی فەرموو بێت و، باسی هەرچییەکی کردبێت
و، لە هەر شتێك دوابێت، ئەمان (خوا لێیان ڕازی بێت) بێ
دوودڵی وتوویانە: "سەر سەر و سەر چاومان".

هاوەڵان پێغەمبەریان ﷺ زۆر خۆشویستووە و، ئامادەبوون گیانی خۆیان بکەنە فیدای.. لە ڕاستیدا هیچ کەسێکیان هێندەی ئەو زاتە خۆش نەویستووە، تەنانەت کەس و دۆستە زۆر نزیکەکانیشیان هێندەی پێغەمبەر ﷺ خۆش نەویستووە.

هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێت) پێغەمبەریان ﷺ لە دایك و باوك و، ماڵ و منداڵ و، خوشك و برا و هەموو کەسێکیان زیاتر خۆشویستووە، بۆیە هەر کاتێك پێغەمبەر ﷺ بانگی هەر یەکێکیانی کردبێت، لە وەڵامیدا وتوویەتی: "دایك و باوکم بەفیدات بن! فەرموو پێغەمبەری خودا"

ئەو ناوانەی کە هەرکات باسی هاوەڵان بکرێت دێتەوە خەیاڵمان ناوی (ئەبوبەکر، عومەر و، عوثمان و، عەلی و، طەلحە و، زوبێر، بیلال، حەمزە، عەبباس...)ە.



لە ئافرەتانیشدا ناوی خاتوو (خەدیجە و، عائیشە و، فاتیمە و...) دێت بە خەیاڵماندا.

هاوەڵان پێش موسوڵمانبوونیان کەسانی ئاسایی بوون، تەنانەت زۆربەیان نەزان و نەفام و شەڕانی و دڵڕەق بوون و، بێ هیچ شەرم و حەیا و سڵەمینەوەیەك هەموو جۆرە کارێکی ناحەز و

ناشـیرینیان دەکـرد. هەنـدێکیان هێنـدە دڵـڕەق بـوون کـە کچـەکانی خۆیان زیندەبەچاڵ دەکرد!

بـەڵام کاتێـك پێغەمبـەریان ناسـی و، هاتنـە باوەشـی ئـایینی ئیسـلامەوە، سـۆز و میهرەبانییـەکی وا لـە دڵیانـا چەسـپی کـە ئـیتر زیانیان بە مێرووولەیەکیش نەدەگەیاند.

واتە کەسـانێك کـە ڕابردوویـەکی وا نەزانانـە و تاریکیـان هـەبوو، پاش موسوڵمانبوونیان هەموو خەمێکیان ئەوەبوو لە کـۆڕ و کۆمـەڵ و دانیشتنەکانی پێغەمبەردا ﷺ ئامادە بن، تا زیاتر و زیاتر بـە ئیسـلام شەرەفمەند بن، لە دواتریشدا پێغەمبـەر ﷺ زۆرینـەیانی بـۆ وڵاتـانی دوورەدەسـتی وەك (چـین و هیندسـتان) دەنـارد، تـا خـەڵکی فێـری ڕەوشتی بەرز و مرۆییانە و هۆشیارانە بکەن.

ئەم هاوەڵە بەڕێزانە (خوا لێیان ڕازی بێت) دڵ و چاو و مێشکیان هەر لای پێغەمبەر بوو ﷺ و، هەتا بیانتوانیایە لە پێغەمبەر ﷺ دوور نەدەکەوتنەوە و، هەرگیز نەیاندەویست دەوری چۆڵ بکەن.

هـەر کـات ئایـەتێکی قورئـانی پـیرۆز بـۆ پێغەمبـەر ﷺ ڕەوانـە بکرایـە، یەکسـەر ئـەمان لەبـەریان دەکـرد و، ئەگـەر گوێیـان لـە فەرموودەیەکی پێغەمبەر ﷺ بووایە یەکسەر ئەویشیان لەبەر دەکرد.

* * *

لەو سەردەمەدا ئیمان و کوفر و، چاکە و خراپە و، ڕاستی و درۆ هێندەی ماوەی نێوان زەوی و ئاسمان و بەهەشت و دۆزەخ لەیەك دوور بوون، واتە هاوەڵان چەندێك لە کوفر هەڵ دەهاتن و خۆیان دەپاراست، هێندەش لە درۆ و ڕەوشتی خراپی باوی ئەو دەم و زەمانە هەڵ دەهاتن.

چونکە درۆ پیشەی ڕقنەستوور و نکوڵیکارانە، تەنها کافرەکان درۆیان لەگەڵ خۆیان و خەڵك دەکرد، تەنها ئەوان بوون کە خودا و پێغەمبەرەکەیان ﷺ بەدرۆ دەزانی، بۆیە مرۆڤی درۆزن لەدنیادا پەرێشان و لە دوارۆژیشدا لارەمل و سەرشۆڕ و ڕەزیل دەبێت، چونکە درۆ مرۆڤ بەرەو دۆزەخ ڕادەکێشێت.

بێگومان هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێت) پاش موسوڵمانبوونیان درۆیان نەدەکرد، یا هەر نەیان دەتوانی بیکەن و، تەنانەت بەخەیاڵیشیاندا نەدەهات کە درۆ بکەن.

هەرگیز درۆ لەگەڵ ژیانیاندا تێکەڵ نەدەبووە، دەمردن بەڵام درۆیان نەدەکرد، واتە مردنیان بەسەر درۆکردنیان هەڵدەبژارد.

چونکە ئیمان ڕاستییە، ڕاستگۆییە و، خوای گەورە هەمیشە هەواڵی لەبارەی ڕاستییەکانەوە داوە و، پەیامی ڕاستی و حەقی بۆ پێغەمبەرانی ڕەوانە کردووە تا ئەوانیش بە ئێمەی ڕابگەیەنن.

پێغەمبەرمان ﷺ هەمیشە ڕاستی فەرمووە، تەنها ڕاستگۆکانیش دەتوانن بچنە بەهەشتەوە.

یەکەمین هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ و، ئەو پیاوەی لەڕیزی پێشی پێشەوەی هاوەڵاندا دێت، ئەو هاوەڵەی کە خودا زۆری خۆشدەوێت (ئەبوبەکری صدیق) بوو (خوا لێی ڕازی بێت).

گەورەترین تایبەتمەندی ئەو هاوەڵە ئەوە بوو کە کەسێکی ڕاستگۆ و، موسوڵمانێکی زۆر سەرڕاست و ڕاستبێژ بوو.

پێغەمبەر ﷺ هەرچییەکی بفەرموایە، یان هەر شتێکی لەبارەوە بوترایە، ئەبوبەکر (خوا لێی ڕازی بێت) بێ دوودڵی باوەڕی پێ دەهێنا.

لەبەر ئەمە پێغەمبەر ﷺ نازناوی (الصدیق) واتە (ڕاستگۆ)ی پێ بەخشیبوو، چونکە ئەم هاوەڵە بەڕێزە هەرگیز لە ژیانیدا توخنی درۆ نەکەوتبوو.

* * *

مەزنترین سیفەتی هاوەڵان ئەوە بوو کە هەردەم لەبیری بە دەستهێنانی ڕەزامەندی خودادا بوون.

هەمیشە دەیان وت: "چی بکەین تا خوای گەورە لێمان ڕازی بێت؟ چۆن هەستین و دانیشین تا بە ڕەزامەندی خودا بگەین؟ پەروەردگارمان چی لێمان دەوێت؟ چ کارێکی لا خۆشەویستە؟".

هەموو خەم و هیوا و ئازاریان تەنها بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوایی بوو و، هەمیشە بیروهۆشیان لای ئەوە بوو.

لە بیر و هزر و ژیانی هاوەڵاندا جگە لەمە هیچی دیکە بوونی نەبوو.

ئەمە لە کاتێکدا کە ئەوانیش وەك هەر کەسێکی ئاسایی لەم دنیایەدا ژیاون و، خاوەن ئیش و کار بوون.

هەندێکیان بازرگان و، هەندێکیان جوتیار و، هەندێکییشیان خاوەن پیشە بوون.

زۆربەیان خاوخێزاندار بوون و، ماڵ و منداڵیان هەبوو و، کاریان دەکرد و، هەوڵیان دەدا و تێدەکۆشان تا بژێوی ژیانیان دابین بکەن، بەڵام دەستیان بە هەر کارێك بکردایە ڕەزامەندی خودایان دەکردە بناغە بۆ دەستبەکاربوونیان.

هەر کارێك کە خوا پێی خۆش نەبێت و، قەدەغەی کردبێت، ئەمان (خوا لێیان ڕازی بێت) هەرگیزا و هەرگیز بەلایدا نەدەچوون.

دنیایان لەبەر ئەوە خۆشدەویست کە بەدیهێنراوی خودایە.. هەر بوونەوەرێکیشیان بدیایە خودای بیردەهێنانەوە.

وەك ئاوێنەی ڕەحمەتی خوایی لە هەموو بوونەوەرێکیان دەڕوانی.

هەموو شتێك ئەوانی بەرەو ڕەزامەندی خوایی پەلکێش دەکرد؛ چونکە دڵنیا بوون دنیا و هەموو بوونەوەران موڵك و سامانی خودان و، پێناسەیەکن بۆ قودرەت و کاربەجێی ئەو زاتە.

بەم شێوەیە لای ئەوان کارکردن بۆ دنیا و بەڕێکردنی کاروبارەکان، بە واتای کارکردن دەهات لەناو موڵکی خوای گەورەدا.

چۆن لەکاتی پەرستشەکاندا خودایان دەهاتەوە بیر و یادیان دەکردەوە، بەهەمان شێوەش لەکاتی کارکردندا خودا لە دڵ و

دەروونیـان دەرنەدەچـوو؛ چـونکە دڵنیـا بـوون ئـەم دنیایـە کێڵگـەی دوارۆژە، واتــە ئـەوەی لێـرە دەیکـەیت و دەیچـێنیت لـە بەهەشـتدا بەروبەرهەمەکەی دەچنیتەوە.

* * *

لـە ڕاسـتیدا ئێمـە زۆر قـەرزاربارى هـاوەڵانین (خـوا لێیـان ڕازى بێـت)، ئـەوان منـەتیان زۆر بەسـەرمانەوە هەیـە، بۆیـە باشـتر وایـە هەمیشـە بـە سوپاسـەوە یادیان بکەینـەوە و، لـە دڵمانـدا جێگـەیان هـەبێت و، هـەرگیز لـەبیریان نەکـەین و، هـەردەم بـەڕێزەوە باسـیان بکــەین؛ چــونکە ئــەوان بناغەدانــەر و ســەرەتاکانى ئیســلام و موسوڵمانێتین.. موسوڵمانە یەکەمینەکانن.

یەکەمین باوەڕدار بە خودا پاشان بە پێغەمبەرن ﷺ.

هەمیشە ئەوان لە ڕیزى پێشەوەدان.



لــــە هــــەموو بابەتێکدا ڕابـەرن، لـە هــــەموو کارێکــــدا سەرمەشــــــق و پێشڕەومانن.

هــــەر لەبــــەر ئەمەشە کە تا کۆتایى

دنیا لە پاداشتی هەموو موسوڵمانێکدا بەشی ئەوانی تێدایە؛ چونکە هەر کەسێك پێشەنگی کاری چاکە بوو، ئەوا بەقەد پاداشتی هەموو ئەو کەسانەی شوێنی کەوتوون چاکە و پاداشتیش بۆ ئەم دەنووسرێت.

– بەڕاست.. ئەو هەموو پاداشتە زۆر نییە؟

– نا، ئاخر ئەو خزمەتەی ئەوان لەکاتی خۆیدا پێشکەشی ئیسلام و موسوڵمانانیان کرد کەم نەبوو و، بچووك و سادە و ساکار نەبوو، بەڵکو زۆر مەزن بوو، یەك نەبوو بەڵکو هەزار و هەزاران بوو...

هەر لەبەر ئەمەشە هیچ کەسێك لە کاروکردەوەی چاکدا بە هاوەڵان (ڕەزای خوایان لێ بێت) ناگاتەوە؛ چونکە بۆ ئەوەی پێیان بگەینەوە دەبێت ئێمەش ببین بە هاوەڵ! ئەمەش خۆ ناگونجێت و ڕێی تێ ناچێت.[1]

١– لە (وتەی بیست و حەوتەم)ەوە وەرگیراوە.

خوشەویستی و برایەتی ئایینی چیە و چۆن دەبێت؟

خۆشەویستی هەستێکی زۆر جوان و ناوازەیە کە خودا لە دڵەکاندا بەدیهێناوە.

خۆشەوستی ئەو هەستەیە کە ئێمە وابەستەی ژیان دەکات و، ژیانمان دەڕازێنێتەوە.

خۆشەویستی هۆی بەردەوامبوونی ژیان و بوونمانە.

هەر بەم هەستە سەرەڕای خۆشویستنی خودا، بڕوادارانیشمان خۆشدەوێت، واتە هەموو موسوڵمانان و بڕواداران خوشك و برای دینیمانن، بۆیە ئێمەش خۆشماندەوێن.

چونکە لەگەڵ ئەو کەسانەدا باوەڕ و ئیمانمان یەکە.

دڵەکانمان بەهەمان باوەڕەوە لێ دەدات و، ناخ و دەروون و سینەمان بەهەمان جۆش و خرۆشەوە دەهەژێت.

هەر مرۆڤێك باوەڕ لە دڵیدا بچەسپێت بەشێوەیەكی سروشتی خۆشەویستی هەموو بڕواداراانی تریش دەچێتە دڵیەوە، هەر دەشبێت خۆشیبوێن...

چونكە خوای گەورە خۆی ئێمەی كردووەتە خوشك و برای یەكتر، ئەوەتا لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: (ئەوانەی ئیمانیان بە خوا و بە پێغەمبەری خوا هەیە برای یەكن) الحجرات:١٠.

خوشك و براش پێویستە یەكتریان خۆش بوێت و، دوژمنایەتی یەكتر نەكەن و، لە ئاست یەكدی كینەلەدڵ نەبن و، ئیرەیی (حەسودی) بەیەك نەبەن و، ڕوو لە یەكتر وەرنەگێڕن و پشت لەیەك نەكەن و، خراپە لەگەڵ یەك نەكەن و، هەرگیز زیانی یەكتریان پێ خۆش نەبێت.

هەروەها گەر برا یا خوشكێكی موسوڵمان خوویەكی ناشیرین یا خراپی هەبوو، ئەوا نابێت ئێمەی باوەڕدار ڕقمان لێی بێت و، ئیتر قسەی لەگەڵ نەكەین.

ڕەنگە برایەك یا خوشكێكمان خوویەكی هەبێت كە بە دڵی ئێمە نەبێت و پێی پەست بین، بەڵام خۆ لە پاڵ ئەو خووە خراپەیدا هیچ نەبێت نۆ دانە خووی باشی هەیە.

کەواتە ناگونجێت لە بەرامبەر نۆ ڕەوشتی باشیدا هەر تەماشای ڕەوشتێکی خراپی بکەین، بەڵکو پێویستە گەر ئەو خووەشمان زۆر بە زەقی لێ بینی ئەوا لەبیر خۆمانی ببەینەوە.

نموونەیەك:

کەشتییەك بێنە بەرچاوت کە نۆ کەسی چاك و بێتاوانی تێدایە، بەڵام کەسێکی خراپ و بەدکاریشی تێدایە، خۆ ناکرێت بڵێین: وەڵا لەبەر ئەوەی ئەو کەشتییە یەك کەسی خراپی تێدایە، کەواتە دەبێت نوقمی بکەین!

ڕاستە کەسە خراپەکە تاوانبار و بەدکارە، بەڵام خۆ نۆ کەسی بێتاوانی دیکەش لە کەشتییەکەدان، بۆیە لەبەر خاتری ئەو نۆ کەسە زیان بە کەشتییەکە ناگەیەنین.

هەروەك ئەم نموونەیەی باسمان کرد: دەگونجێت برایەکی دینیمان هەڵوێستێکی هەبێت کە بەدڵی ئێمە نەبێت، یان پێچەوانەی بیروڕای ئێمە بێت، بۆیە ناشێت تەنها لەبەر ئەو خووە ناشیرینە دژایەتی هاوەڵەکەمان بکەین؛ چونکە ئەو نۆ ڕەوشتی بەرزی تر و ڕەنگە زیاتریشی تێدا بێت.

بۆ نموونە، موسوڵمانە، ئیماندارە، هاوڕێیەکی باشە، حەزی لە هاوکاری کردنی کەسانی ترە، ڕووخۆشە، تێکۆشەرە، دراوسێیەکی باشە، مرۆڤێکی بەڕەوشتە، داوێنپاکە...

دژایەتیکردنی برا یا خوشـکێکمان لەسـەر یـەك خـووی ناشـیرین، لەکاتێکدا ئـەم هـەموو خـووە باشـەی هەیـە، وەك ئەوەیـە بـە وێنـەی کەشتییەکە لەناوی بەریت.

* * *

ڕەنگە لەگەڵ برایەکی زۆر خۆشەویستماندا لەسەر بابـەتێك ڕێـك نەکەوین، لەبەر ئەوەی هەریەکەمان قەناعەت و ڕای جیـاواز و تایبـەت بەخۆی هەبێت، خـۆ ئەگـەر بـێین تـەنها لەبـەر جیـاوازبوونێکی سـادە پەیوەندیمان بپچڕێنین، ئەوا کارێکی ناژیرانە و نادروستمان کردووە.

هەروەك ئەگەر چەند بەردەوردەیەکی بێ نرخ بە گەورە بزانیـت و پێت وابێـت لـە (کەعبـە) پیرۆزتـر و لـە کێـوی (ئوحـود)یش گـەورە و بەرزترن، ئەوا یەکسەر بە نەفام دادەنرێیت.. هـەر بـەو جـۆرەش گـەر چەند هەڵەیەکی ساکاری کەم نرخ و بـێ بایـەخی وەك بـەردەوردەکان لـە براکەتـەوە دەربکـەوێت و، تـۆ لـە ئیمـان و موسـڵمانێتییەکەی بەقورستر و گەورەتری بزانیت –کە وەك کەعبە و کێوی ئوحود بەرز و گەورەن– ئەوا ئەم کارەی تۆش بە هەمان جـۆر بـە کـارێکی نەفامانـە دادەنرێـت.

واتە ناشێت لەبەر خوویەکی خراپی کە هێنـدەی دەنکـە چـەوێکە نرخـی پەیوەنـدی و دۆسـتایەتیتان لـەناو بـەریت و لێـی زویـر ببیـت. چونکە:

خـــوداى هـــەردووكتان يەكێكـــە.. بەديهێنـــەرتان يەكێكـــە.. ڕۆزيـدەرتان يەكێكـە.. پێغەمبـەرتان يەكێكـە.. ئاييندتـان يەكێكـە.. قيبلەتان يەكێكە.. ولاّتتان يەكێكە.. ميللەتتان يەكێكە...

بێگومان ئـەم هـەموو (يـەك)ە هـەوێنى يـەكرِيزى و، هاوكـارى و، هاوخەمى و، خۆشەويستى و برايەتيمانە.

كەواتـە نابێـت ڕێ بـدەين هـيچ شـتێك جياكـارى و دڵشـكاوى و زويربوون و تورِەبوون لە نێوانماندا بسازێنێت...[1]

١- لە (مەكتووباتى بيست و دووەم)ەوە وەرگيراوە.

پێویست دەکات هەموو ڕاستییەك بڵێین؟

"پێویستە هەموو قسەیەکت حەق بێت، بەڵام بۆت نییە
هەرچی حەقێك دەزانیت بیلێیت و بلاوی بکەیتەوە.
هەروەها پێویستە هەموو وتەیەکت ڕاست بێت، بەڵام وتنی
هەموو ڕاستییەکیش کارێکی دروست و ڕەوا نییە".

– باشە (حەق) چییە؟

– ئەو شتانەیە کە ڕاست و دروستن، واتە دوورن لە درۆ و هەڵە و خراپە و بیرە پووچەکان.

ئیسلام ئاینێکی حەقە، قورئان پەرتووکێکی حەقە، پێغەمبەرمان ﷺ پێغەمبەرێکی حەقە، فریشتەکان حەقن، بەهەشت و دۆزەخ حەقن و، ئێمەی موسوڵمان لە بوونی ئەمانە و حەقبوونیان بچووکترین گومانمان نییە.

- ئەی (قسەی حەق) چییە؟

- واتە وتەی ڕاستیی، ئەو وتانەی سوود بە خەڵك دەگەیەنن.

پێش هەموو شتێك وتەکانی خودا لە هەموو وتەیەك حەقترە، پاشان وتەکانی پێغەمبەر ﷺ، دوای ئەویش وتەی هاوەڵان و پیاوچاکان حەقە.

مرۆڤی باش هەمیشە لایەنگری حەق و ڕاستییە و، کاتێك قسە دەکات ڕاستییەکان دەڵێت و، قسەی ڕاست و ڕەوا دەکات، واتە قسەی ناشیرینی بە زماندا نایەت و، قسەی خراپ و نارەوا ناکات.

ئەو شتانە باس دەکات کە بە حەق و ڕاستی دەزانێت و باوەڕی پێیەتی. هەرگیز خۆی نادات لە قەرەی باسکردنی شتێك کە بە ڕاستی نەزانێت و لەگەڵ قەناعەت و بیروباوەڕیدا نەگونجێت و، دڵی پێی ڕازی نەبێت.

مرۆڤ پێویستە هەمیشە لایەنگری ڕاستی بێت و، ڕاستیش بڵێت، هەروەها خۆی بەدوور بگرێت لە لایەنگری هەڵە و ناهەقی و شتێك کە بڕوای پێ نەبێت.

* * *

یەکێك لە ناوەکانی خوداش (الحق)ە، بەڕاستی ئەو زاتە خودی حەقە، هەموو حەق و ڕاستییەکان لە زاتی موبارەکییەوە سەرچاوە دەگرن.

لەبەر ئەوە پێویستە قسە و وتەکانمان، تەنانەت ئەو شتانەش کە گوێیان بۆ دەگرین، بە شێوازێك بن کە خودا لێیان ڕازی بێت و، بەپێی ویست و ڕەزامەندی ئەو زاتە بن.

ئیتر ئەو کاتە حەق دەڵێین و، لایەنگری حەق دەکەین و، دەبینە کەسێکی ڕاستگۆ و حەقبێژ.

بەڵام چۆن هەموو شتێك شوێن و کاتی دیاریکراوی خۆی هەیە، حەق وتنیش شوێن و کاتی خۆی هەیە.

ڕۆژێك لە قوتابخانە لە پۆلدا دانیشتوویت و، وانەی بیرکاریتان هەیە، مامۆستاش لەسەر تەختەکە شیکاری پرسیارێکتان بۆ دەنووسێت، لەو کاتەدا تۆ دەستت بەرز کردەوە و ویستت پرسیارێك بکەیت و، مامۆستا ڕێگەی پێدایت، کەچی وتت: "مامۆستا! (لا اله الا الله) یەعنی چی؟"

- باشە ئەوەی کە وتت ڕاستە؟
- بە دڵنیایەوە کە ڕاستە.
- حەقە؟
- حەقە.

- هیچ هەڵەیەکی تێدایە؟

نەخێر، چونکە شەهادەیە، واتە "جگە لە (الله) هیچ پەرستراوێك بە حەق شایەنی پەرستن نییە".

بێگومان مامۆستاکەت لە وەڵامدا دەڵێت: "ڕۆڵە ئێستا کاتی ئەم پرسیارەیە؟ ئەمە چ پەیوەندییەکی بە وانەکەمانەوە هەیە؟"

هەرچەندە تۆ حەق و ڕاستت وت، بەڵام لەبەر ئەوەی پرسیارەکەت لە کات و شوێنی خۆیدا نەبوو هەڵەت کرد، هەر بۆیە لە کاتێکدا چاوەڕوانی بە ڕێزەوە وەڵامدانەوەی بەرامبەرەکەت بوویت، کەچی شەرمەزار بوویت.

* * *

<u>نموونەیەکی دیکە:</u>

سوار پاسێك بوویت و دەچیت بۆ سەفەرێك، کەسێك لە تەنیشتتەوە دانیشتووە، کە نایناسیت و نازانیت خاوەن چ بیروباوەڕێکە و، هیچ بە سروشتیی کەسایەتیشی ئاشنا نیت.. بەڵام هەر ئەوەندە ناوەکەیت زانی و لەگەڵ ئەو جێیەی کە بۆی دەچێت، ئیتر یەکسەر دەستت کرد بە باسکردنی بابەتی یەکتایی خودا و ژیاننامەی پێغەمبەر ﷺ و فەرموودە و ئایەت و، هەرچیەکت زانی بۆت هەڵڕشت...

ئەویش کەمێك گوێی لێ گرتبێت، بەڵام پاش ماوەیەکی کورت دەستی کرد بە ڕەخنەگرتن و ڕووبەڕووت بوویەوە.. لە ئەنجامدا کەوتنە موناقەشە و، خەریك بوو کار بگاتە دەمەقالێ و شت.

– ئێستا ئەوەی تۆ باست کرد حەق بوو؟

– بەڵێ حەق بوو.

– هیچ هەڵەیەکی تێدا بوو؟

– نەخێر.

– کەوابوو کابرا بۆ لە خۆیەوە هەڵچوو؟

لە ڕاستیدا پیاوەکە دژی خۆت وەستایەوە و، ڕەخنەی لە شێوازەکەت گرت، نەك لەوەی کە باست کرد؛ چونکە با تۆ باسی حەق و ڕاستیشت بۆ کردبێت، بەڵام ئەوێ جێگا و کاتی ئەوە نەبوو.

جگە لەوەش بێ ئەوەی ڕاوبۆچوونی کابرا بزانیت، یەکسەر قسەوباست کردەوە لەگەڵی، کەوابوو لە کاتێکدا تۆ ویستت قسەی ڕاست و حەقی بۆ بکەیت کەوتیتە باری ناحەقیەوە.

* * *

نموونەی سێیەم:

هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویستت هەیە و، یەکتریتان زۆر خۆشدەوێت، بەڵام ئەو نوێژ ناکات.. تۆش هەر جارێك دەیبینیت دەست پێدەکەیت: "بۆچی فەرمانی خوا بەجێ ناهێنیت؟ موسوڵمان

نابێت نوێژ نەکات؟ هەر کەسێك دوو ڕکات نوێژی بچێت ئەوەندە سـاڵ لە دۆزەخدا دەسوتێـت"..

وتەکانت هیچ هەڵەیەکی تێدایە؟

- نەخێر.

- حەقە؟

- حەقە.

بەڵام خۆ ڕاستییەکان بەم جۆرە باس نـاکرێن. بـە تاوانبـارکردنی بەرامبـەر و بەچـاودادانەوەی کەموکورتییـەکانی و، دڵشـکاندنی و، بـە ئاگری دۆزەخ ترساندنی... و ئەمانە، قسە و ئامۆژگارییەکانت نە جێی خۆیان دەگرن و نە هیچ کاریگەریشیان دەبێت، سـەرەڕای ئـەوەی کـە دۆستایەتییەکەشـتان کـاڵ دەبێتـەوە و دەشـێوێت و گـەرد لـە دڵتـان دەنیشێت. بـەم شـێوەیە تێگەیشـتین کـە: دەبێـت هەرچـییەکمان وت حەق بێت، بەڵام نابێت هەموو حەقێکیش بڵێین.

هـەروەها: "بـا هـەموو وتەیـەکت ڕاسـت بێـت، بـەڵام هـەموو ڕاستییەك مەڵێ".

ڕاسـتی وتـن کـارێکی درووسـتە، بـەڵام وتـنی ڕاسـتیش لـە جێـی ڕاستدا بۆخۆی ڕاستییەکی دیکەیە.

- یەعنی چـی؟ بـۆ جێگـەش هەیـە ڕاسـت نـەبێت ڕاسـتیی تێـدا بوترێت؟

باسـێك هەیـە دەڵێـت: لـە سـەردەمانی کۆنـدا، لـە شـارێکدا فەرمانبەرێك هەبوو بە نـاوی (دۆروجـو داود) واتـە (داوودی ڕاسـتگۆ)، ئەم پیاوە هەر هەڵەیەك یـان شـتێکی بدینیبایـە کـە بەدڵی نەبووایـە، بەڕووی هاوڕێکانی و تەنانەت بەڕێوبەرەکەشیدا دەدایەوە.

ڕۆژێـك کۆمـەڵێك فەرمانبـەر، کـە بەتـەواوی لـەم خـووەی بێزاربووبـوون، چـوون بـۆلای دادوەر (قـازی) و سـکالآیان لەدەسـت دەربڕی، وتیـان: "جـەنابی قـازی، تکایـە ئـەم (دۆروجـو داود)ە لێـرە شاربەدەر بکەن، کە هەر خەریکی ڕاست وتنە"!

دادوەریش لەدوای گوێگرتنی بۆ سکالآکەیان وتی:

"ئەوە ئێوە ئەڵێن چی؟ ئێمە لێرە هەموو هـەوڵ و تەقەلایـەکمان بۆئەوەیە کە ڕاستی و حەق بهێنینە گۆڕێ و بەرقەراری بکەین و، حەق و ناحەق لەیەك جیا بکەینەوە".



پاشان سکالاکارەکانی بەدەستی خاڵی ڕەوانە کردەوە.

لەدوای ماوەیەك هەمان کۆمەڵ دووبارە چوونەوە لای قازی و شکاتیان لە (دۆروجو داود) کردەوە و، وتیان: "جەنابی قازی، چی دی بەرگە ناگرین و، ئەبێ چارەیەکمان بۆ بدۆزیتەوە".

پاش ئەمە قازی زۆر مەراقی بوو بزانێت ئەم پیاوە کێیە، بۆیە داوای کرد کە (دۆروجو داود) ببینێت.

(دۆروجو داود)یش هەر لەگەڵ چووە لای قازی وتی: "سلاوتان لێ بێت جەنابی قازی چاو خێل".

لە ڕاستیدا قازی هەر کە لەدایك بووبوو بە زگماکی چاوەکانی خێل بوون، بۆیە بەم قسەیەی ئەو زۆر خەفەتی خوارد و پیشێکی خواردەوە و، وتی: "ئەوەنەش ڕاستگۆیی باش نییە"و، دواتر بڕیاری دا (دۆروجو داود) لەسەر کارەکەی لابدات.

(داوود)یش دەستی کرد بە پاڕانەوە لە قازی و، لە لایەکی دیکەشەوە وەك بەرگرییەك لە خۆی وتی:

"جەنابی قازی! خۆ من شتێکی هەڵەم نەوتووە، تەنها بە ئێوەم وت: (خێل)، مەگەر چاوی ئێوە خێل نییە؟"

بەلام کەس دادی نەدا و، بەم جۆرە لەسەر زیاد لەپێویست ڕاشکاوبوونی سزا درا و، لە کاروکاسپییەکەشی بێ بەش بوو.

* * *

زۆر کەس تەنها بۆ ئەوەی پێیان بوترێت: ڕاستی وتووە، خۆیان چارەڕەش دەکەن، بەڵام خۆ ناکرێت هەموو ڕاستییەك لە هەموو شوێنێکدا بوترێت.

لەبەر ئەوە گەر لە هەر ڕاستییەك ئاگادار و دڵنیاش بوویت، لە هەموو جێیەك باسی مەکە.

هەر قسەیەکی ڕاستت بەرگوێ کەوت خێرا دنیای لێ تێمەگەیەنە.

هەر ڕاستییەکت زانی لە هەموو شوێنێك باسی مەکە.

دەبێت چاوەڕوانی کات و شوێنی گونجاو بکەیت و، لە جێی خۆیدا باسی بکەیت.

بەم جۆرە هەم قسەکانت جێی خۆی دەگرێت، هەم بێ هیچ کاردانەوەیەکی خراپ کارێکی باشتان ئەنجام داوە.

گەر وا نەبێت و بڵێیت: "وەڵا من لە ڕاستی لانادەم، جا هەرچییەك دەبێت با ببێت" ئەو کات چی دەرد و ئازار و نەهامەتییە بەسەرتدا دێت و، خۆت تووشی دەردەسەریی دنیا دەکەیت.

کەوابوو وەرن با ڕێك بکەوین لەسەر ئەوەی:

"وتەی ڕاست، ئەوەیە کە لە شوێن و کاتی خۆیدا بوترێت". [1]

١- لە (مەکتووبی بیست و دووەم)ەوە وەرگیراوە.

کەسی باش کێیە؟ ئەی کەسی خراپ کێیە؟

"واقیعی ژیان شایەتە لەسەر ئەوەی کە ئەگەر بە کەسی خراپ بوترێت: "تۆ کەسێکی باش و بەڕێزیت" ئەوا دوور نییە ئەم وتەیە هانی بدات بۆ ئەوەی ببێت بە کەسێکی باش.. هەروەها ئەگەر بە مرۆڤی باشیش بوترێت: "تۆ کەسێکی خراپیت" ئەوا لەوانەیە ئەم وتەیە بەرەو خراپە پاڵی پێوە بنێت".

– مەبەستت چییە؟ چۆن کەسی خراپ باش دەبێت و کەسی باشیش خراپ دەبێت؟

باشبوونی خراپەکار بە "تۆ باشیت! کەسێکی باشیت! " و، خراپبوونی چاکەکاریش بە "تۆ خراپیت! کەسێکی خراپیت! " شتێکی هێندەش دەگمەن و ئەستەم نییە.

کەسێك کە ڕووی خراپی زۆرە و، هەمیشە لە ناخیدا حەزدەکات خراپە لەگەڵ خەڵکیدا بکات و، هەر دەرفەتێکی بۆ ڕەخسا دەگەیەك دەوەشێنێت.

درۆ دەکات و، لە دژی خەڵکی قسە دەکات، بە کورتی: بە قسەکانی زیان بەخەڵك دەگەیەنێت.

هەمووتان کەسێکی لەم جۆرە لە شوێنێکەوە دەناسن، ئیتر یا لە قوتابخانەکەتاندایە، یا هاوپیشەتانە، یان دراوسێتانە، یان خزمتانە، یاخود بەشێوەیەك لە شێوەکان دەیناسن.

لە هەمان کاتدا دەزانن کە ئەم کەسە کەسێکی بەخشندە و دەستکراوەیە، واتە لەگەڵ ئەو هەموو لایەنە خراپەیدا ئەم خووە باشەی پاراستووە.

ئەم کەسە هاوڕێیەکی باشیشە، تەنانەت ئامادەیە بە هەموو توانایەوە کۆمەکیی هاوڕێکانی بکات و خاوەن قسەی خۆیەتی.

لەبەر ئەم هەموو لایەنە باشانەی کەسێتیی دەتانەوێت لەو چەند خووە ناشیرینەشی دوور بخەنەوە.

بۆیە گەر ڕۆژێك هات و بوویت بە هاوڕێی نزیکی و، لە ئەنجامدا یەکترتان خۆشویست و متمانەی ئەوت بەدەست هێنا. هەر کاتێك دەرفەتی قسەکردنت لەگەڵ ئەم کەسەدا بۆ هەڵکەوت، کە هەمووان بە خراپی دەزانن، پێت وت: "بەڕاستی تۆ کەسێکی باشیت، لەبەر ئەوەشە کە تۆم خۆشدەوێت".

یەکسەر هەڵیدایە و وتی: "ئەوە تۆ ئەڵێیت چی؟ من لە کوێ و چاکە و باشی لەکوێ! چیت لە من بینیوە وا بە باشم دەزانیت؟"

جارێکی تر لە کاتی قسەکردندا لایەنێکی باشی دیکەت وەبیر هێنایەوە و، وتت: "تۆ چەند بەخشندەیت! بەڕاستی حەزت لە هاوکاری کردنە!"، هەرچەندە یەکسەر دەڵێت: "أستغفر الله، ئەوە تۆ وای ئەبینیت"، بەڵام ئەم جارەیان هەست بە جوانییەکانی ناخی دەکات.

بە بیانووی هۆکارێکی دیکە، پێت وت: "تۆ زۆر دڵسۆز و سەرڕاستیت"، ئەو کات ئەویش دەڵێت: "إن شاء الله وا ئەبم، بەخوا من هەموو کەسێکم خۆشدەوێت".

پاشان گفتوگۆکانتان لەو بارەیەوە چڕتر کردەوە و، پێت وت:

"لەڕاستیدا تۆ زۆر کەسێکی باشیت، بەڵام خۆت باش ناناسیت، هەر لەبەر ئەوەی جارێك ناوت بە خراپە براوە، ئیتر دەستت لەخۆت شتووە. کەمێك وره بەره بەر خۆت، تا خووە ناشیرینەکانت بگۆڕیت، چونکە هەموو کەس وا دەزانێت تۆ تازە ئەم ڕێگەیەت گرتووە و لێی لانادەیت و، تا ماویت هەر بەم خووانەتەوە دەژیت".

بەم شێوەیە بە تێپەڕبوونی کات دەبینیت ئەم کەسە وردەوردە لایەنە باشەکانی دەردەکەون و لایەنە خراپەکانیشی کەم دەبنەوە و، کەسێکی ڕووخۆش و خۆشەویستی لێ دەردەچێت.

لە ڕاستیدا تۆ خۆت کارێکی وات بۆ نەکردووە و، شتێکیشت نەوتووە کە لەودا نەبووبێت.

کەمێك ڕووخۆشی، کەمێك دڵسۆزی، کەمێك دۆستایەتی بۆ کەسی بەرامبەرت بنوێنە، ئیتر بەچاوی خۆت دەبینیت کەسەکە لە کۆتاییدا بە چ حاڵێك دەگات.

کەواتە پێویستە لە ڕووە باشەکانەوە لە مرۆڤەکان نزیك بینەوە و، هەوڵ بدەین بێ بەڕوودادانەوە و شەرمەزار کردن لە ڕووە خراپەکانیشیان ئاگاداریان بکەینەوە.

* * *

ڕەنگە پێچەوانەی ئەو دۆخەش ڕووبدات، واتە کەسێك هەیە زۆر چاك و فریشتەئاسایە و، هەمووان بە ئاواتی چاکی و باشیی ئەوەوەن.. چاکە لەگەڵ هەمووکەس دەکات و، کەسێکی زۆر لەسەرخۆ و نەرمونیانە.

هەرگیز وتەی خراپت لێ نەبیستووە، نە لە ماڵ و نە لە سەرکار و، نە لە هیچ کوێ. چاوی نەبڕیوەتە ماڵی کەس و، کەسێکی شەرمن و بە ئابڕووە.

کەچی تەماشادەکەیت دەوروبەرەکەی نارەحەتی دەکەن و، ڕووبەڕوو قسەی هەڵەق و مەلەقی پێ دەڵێن و، کار و تاوانێکی دەدەنەپاڵ کە ئەم بەستەزمانە هەر سەرییشی لێ دەرناکات و پێی دەڵێن:

"تۆ خۆت هەردیارە کەسێکی دووڕوویت و لەبەرچاو خەڵك خۆت باش دەرەخەیت".

"تۆ و چاکەکردن کوجامەرحەبا، ئەوەی خراپەیە لە تۆ دەوەشێتەوە".

"تۆ بۆ هەموو شتێ سەرشۆڕ دەکەیت و، چاکەی کەست ناوێت خۆت نەبێت".

"ئەریێ ئەو رۆژە تۆ نەبوویت واو وات کرد؟"

"چاوت بە خۆشی کەس هەڵ نایەت، حەز ئەکەیت هەموو شتێك بەس هی تۆ بێت و، کەس نینۆکی نەبێت سەری خۆی پێ بخورێنێت"...

قسەوقسەڵۆکی زۆری دیکەی وەکو ئەمانە و لەمانەش ژەهراویتر بەگوێی ئەو کەسە بەستەزمانەدا دەدرێت.

هەر بۆیە ئەو داماوەش ئیتر ورەی دەڕوخێت و، متمانەی بەخۆی نامێنێت و، لە ناخەوە دادەڕمێت و، سەری خۆی کز دەکات و حەز بە بینینی کەس ناکات و قسەش لەگەڵ کەس ناکات.

گەر دە ساڵ لەوەوپێش هەر گوناهێکی بچووکی کردبێت، ئێستە دێتەوە پێش چاوی و نەفس و شەیتانیش هێندەی دیکە مێشکی ئاڵۆز دەکەن و، قوڕەکەی بۆ خەست دەکەنەوە.

ڕۆژگار هات و ڕۆیشت و تێپەڕی و ئەم کەسە فریشتە ئاسایە بووە نێچیرێکی باڵشکاوی چنگی شەیتان و، هیچ کام لە تایبەتمەندییە جوانەکانی پێشووی نەما.

کەواتە ئەوەی مرۆڤ باش دەکات و خراپیشی دەکات، دەوروبەر و ئەو ژینگەیەیە کە تێیدا دەژی.

* * *

ڕەنگە مرۆڤ بە بیستنی دووبارە و سێبارەی خراپە و ڕستەی (تۆ خراپیت)، لە چاکە دووربکەوێتەوە. هەروەها گەر لەگەڵ کەسانی خراپدا مامەڵە بکات، ئیتر خووی ئەوان دەگرێت، چونکە پێشینان وتوویانە: "دوو گا لە دۆڵێکدا بن، ڕەنگی یەك نەگرن خووی یەك دەگرن".

ئەگەر لەگەڵ کەسانی تەمبەڵ و، شکستخواردوو و، ڕەشبین و، کەم ئەزموون و، زۆربڵێدا هەڵسوکەوت بکەیت، ئیتر ئەگەر هیچ کام لەو سیفەتانەشت تێدا نەبێت، لە ئاکامدا باری دەروونی خۆشت بەهۆی ئەو کەسانەوە هەر دەشێوێت..

چونکە هەستان و دانیشتن و هاودەمیکردنی کەسانی بێ هیوا و دڵڕەق و ڕەشبین و بیرتەسك، ژیانی مرۆڤ لەبن دەهێنێت.

خۆ ئەگەر هاودەمیی کەسێکی ڕووخۆش و زمانشیرین و لێوبەخەندەی وا بکەیت کە هەر بەدیتنی خەمەکانت دەڕەوێتەوە و،

بچێته هەر کوێ دەیکاته جەژن و خۆشی و، خەندە بە دەوروبەرەکەی دەبەخشێت، ئەوا پاش ماوەیەك بزانە ژیانت چۆن لەناکاو لا ئاسان و سانا و پڕ هیوا دەبێت!

ئینشائەڵڵا لەو کەسانە بین کە زمانشیرین و ڕووخۆشن و، دڵی دەوروبەرەکەیان خۆش دەکەن و، خەندە دەخەنە سەر لێویان... [1]

١- لە (مەکتووبی بیست و دووەم)ەوە وەرگیراوە.

ترس چییە؟ ئێمە بۆچی دەترسین؟

" خوای گەورە هەستی (ترس)ی پێ بەخشیوین تا ژیانی
پێ بپاێزین، نەك بۆ ئەوەی بیکەین بە هۆکارێك بۆ
لەناوبردنی ژیانەکەمان".

دەگونجێت بترسین لەوەی بەشەودا بچین بۆ مەتبەخ، یاخود بۆ حەمام، تەنانەت ڕەنگە لە چوونە ناو ژووری خۆشمان بترسین.

– بۆچی دەترسین؟

– چونکە تاریکە، ڕۆشنایی تێدا نییە، ڕووناك نییە.

– لەو شوێنە چی لێیە وا ئاوا لێی دەترسین؟

– هیچی لێ نییە! خۆشت کە دەچیت، گڵۆپەکان هەڵدەکەیت، دەبینیت هیچی لێ نییە.

– دەبێت کێی لێبێت؟ نەناسراوێك؟

– نەخێر، هەرگیز ! چۆن شتی وا دەبێت! لە کوێوە ڕۆیشتە ئەوێ! هەر کە ژوورەکە ڕووناك بووەوە دەزانیت کە کەسی لێ نییە.

– کەوابوو بۆچی دەترسین؟ لەچی دەترسین؟ بۆچی لە تەمەنی سێ چوار سالێدا لە هیچ نەترساوین، کەچی ئێستە لە ناخماندا ترس سەری هەڵداوە؟

– دەشێت لە ڕێی پەرتووکێکی ترسناکەوە بووبێت کە خوێندوومانەتەوە، یاخود فیلمێك یان هەر شتێکی دیکە.

گەر تەماشای فیلمێکی ترسناکت کردبێت.. ئەوا لەگەڵ بینینی هەر شوێنێکی تاریکدا ڕاستەوخۆ ڕووداوەکانی ناو ئەو فیلمەت بیر دێتەوە.

یان جاری وا هەیە شتێکت لە هاوڕێکەتەوە یان لە خزمێکتانەوە بیستووە و، بەو هۆیەوە ترسێکی زۆر ناخی تەنیویت.

هەندێ کەس لە سواربوونی فڕۆکە دەترسێت، هەندێك لە کەشتی و بەلەم...

– لە چ شتێکی ئەمانە دەترسێت؟

– لەوەی فڕۆکەکە بکەوێتەخوار! یا بەلەمەکە نوقم ببێت...

– باشە لە ڕۆژێکدا چەند فڕۆکە ئەکەوێتە خوار؟ یان چەند بەلەم نوقم دەبێت؟

باپیرە نوور ڕووداوێکمان لەم بارەیەوە بۆ دەگێڕێتەوە کە بەسەر خۆیدا هاتووە:

"زەمانێك زانایەکی مەزنی هاوڕێم (خوا لێی خۆش بێت) لە سواربوونی بەلەم دەترسا..

دەمەو ئێوارەی ڕۆژێك لەگەڵ ئەودا بەرەو لای پردەکەی ئەستەنبوڵ هاتین و، دەبوو سواری بەلەمێك ببین، چونکە ناچار بووین بچین بۆ مزگەوتی (ئەبو ئەییوبی ئەنصاری) و، ئەوەش تاکە ڕێگە بوو و، ڕێی وشکانی یا ئۆتۆمبێلی لەسەر نەبوو، بۆیە منیش زۆرم لێکرد بۆ ئەوەی سواری بەلەم ببین، چونکە ڕێگەچارەی ترمان لەبەردەستدا نییە.

وتی: – دەترسم، ڕەنگە بەلەمەکە نوقم بێت و، بخنکێین!

پێم وت: – ژمارەی بەلەمەکانی ئەم کەنداوە بە چەند بەلەم مەزەندە دەکەیت؟

وتی: – لەوانەیە هەزار بەلەمێك بن.

وتم: – باشە لە ساڵێکدا چەند بەلەم نوقمی ئاو دەبن؟

وتی: – یەك یان دووانێك، لەوانەشـە لـە چـەند سـاڵێكدا هیچیان ژێر ئاو نەكەوێت.

وتم: – ساڵێك چەند ڕۆژە؟

وتی: – سێ سەد و شەست و پێنج ڕۆژێكە.

وتم: – ئـەو گریمانەیـەی کـە لـە نـاخی تـۆدا جـێگیر بـووە و دەتترسێنێت، یـەك ئەگـەرە لـە سـێ سـەد و شەسـت و پێـنج هـەزار گریمان. جا ئەو کەسەی لە ئەگەر و گریمانێکی وا بترسێ نـە بـە مـرۆڤ دادەنرێت و نە ئاژەڵ!

پـێم وت: – باشـە تـۆ بـە مەزنـدەی خـۆت چـەند سـاڵی دیکـە دەژییت؟

وتی: – من پیرێکـی بەتەمـەنم، ڕەنگـە هـەر تـەنها دە سـاڵی تـر بژیم.

وتم: – بەوپێیە ئەجەل نادیارە و کەس نازانێـت کـەی دەمرێـت، ڕەنگە هەر ڕۆژێك بێت بمریت، کەواتە لە سێ سـەد و شەسـت و پێـنج ڕۆژی ساڵێکدا هەموو ڕۆژێك ئەگەری مردنـت هەیـە. کـەوابوو گریمـانی مردن وەك هی ژێرئاوکەوتنی بەلەمەکە نییە، کە گریمانێکـە لـە نێـوان سێ سەد هەزار گریماندا، بـەڵکو گریمانێکـە لـە نێوان سـێ هـەزاردا و لەوانەیە هەر ئەمڕۆ ئەو گریمانەش ڕووبـدات! کەواتـە ئـەبێ ترسـت لێ

بنیشێت و دەست بە گریان بکەیت و هەر لە ئێستاوە وەسیەتەکەشت بنووسیت!

ئەم قسەیەم کاری تێکرد و هۆشی بەخۆی هاتەوە و، بە لەرزێکەوە سوار بەلەمەکە بوو، لەناو بەلەمەکەدا پێم وت:

خوای گەورە بۆیە هەستی (ترس)ی پێ بەخشیوین تا ژیانی پێ بپارێزین، نەك بۆ ئەوەی بیکەین بە هۆکارێك بۆ لەناوبردنی ژیانەکەمان، واتە (ترس)مان بۆ خۆناڕەحەتکردن و بارگرانکردن و ئازاردان پێ نەبەخشراوە.

ترس لە ئەگەرێك لەناو سێ چوار ئەگەردا، تەنانەت لەناو پێنج شەش ئەگەریشدا هەر ئاساییە، بەڵام ترس لە ئەگەرێك لە ناو سی چل ئەگەردا بە ترس دانانرێت، بەڵکو وەهم و وەسوەسەیەکە بەسەر مرۆڤدا زاڵ بووە و ژیانی لێ دەکات بە ئەشکەنجە و دەردی سەری.

* * *

مرۆڤی ترسنۆك هەرگیز سەرکەتوو نابێت، ئەوەتا بە کەسی ترسنۆك دەڵێن: "لە سێبەری خۆشی دەترسێت!".

– بۆ.. مرۆڤ هەیە لە سێبەری خۆی بترسێت؟

– بەڵێ، هەیە.

ئەو کەسانەی کە لە شتی خەیاڵی و وەسوەسە دەترسن، ئەوا لە بری ترسان لە شتێك کە شیاوی ترس بێت، هەردەم دواکەوتوو دەبن.

- کەواتە لەچی بترسین؟

- لەو شتانەی کە ئەگەری زیان و مەترسییان زۆرە.

لەو کەسانەی کە دەتوانن زیان بە خۆمان و ماڵ و ئابڕوو و ناموسمان بگەیەنن.

لەو شوێنانەی کە زیان بە بەها ئایینی و ئیمانی و ئەخلاقییەکانمان دەگەیەنن.

هەروەها لەو کەسانەش کە لە خودا ناترسن، وتراویشە: "لەو کەسە بترسە کە لەخوا ناترسێت".

کەوابوو پێویستە هەستی ترس لە کات و شوێنی خۆیدا بەکار بهێنرێت.

گەرنا، ئەم هەستە، کە خودا بۆ پارێزگاری لە ژیانمان پێی بەخشیوین، تەمەنمان لێ دەکاتە ژەهر و دنیامان لێ دەکاتە چەرمە چۆلەکە.[1]

١- لە (مەکتووبی بیست و نۆیەم)ەوە وەرگیراوە.

کاتێک تاوان دەکەین ئیمانمان نامێنێت؟

"تاوان کار لە دڵ دەکات و لەکە و تاریکاییەکانی خۆی بەناویدا بڵاو دەکاتەوە و، هێندە دڵ ڕەق دەکات، کە نووری ئیمانی لێ دەردەکات.. هەموو تاوانێکیش ڕێگایەکی بەرەو کافربوون لێ دەبێتەوە".

تاوان، ئەو کارە خراپەیە، کە خودا لێمانی قەدەغە کردووە.

تاوان، ئەو بارودۆخەیە کە ئێمە لە خۆشەویستی خودا دوور دەخاتەوە.

تاوان، ئەو دڕکەیە کە شەیتان لەسەر ڕێگای بەهەشت دایناوە.

تاوان، ئەو ڕێگەیەیە کە ئێمە لە پەرستشەکان سارد دەکاتەوە و، بەرەو سەرپێچیکردنمان دەبات.

تاوان، ئەو خوو و ڕەوشتەیە کە ئێمە دەداتە دەست شەیتان، تا جڵەوگیرمان بکات.

تاوان، واتە هاوکاری کردنی شەیتان و، هەڵسوڕان بە وەسوەسە و فەرمانەکانی.

تاوان، ئەو کارە فریودەرەیە کە بیروهزرمان بێزار دەکات و، ڕۆحمان ئازار دەدات و، ئیرادەمان دەداتە دەستی نەفسمان.

تاوان، ئەو گێژاوەیە کە ئێمە لە خۆشەویستی و ڕێز و سۆز و میهرەبانییەوە بەرەو بێڕێزی و ڕقلێبوونەوە دەبات و هەستەکانمان چەواشە دەکات.

تاوان هەنگوینێکی ژەهراوییە؛ سەرەتا شیرینە، بەڵام دواتر کز و گرمۆڵەت دەکات و، ئێش و ئازارت پێدەدات و، ناخت تێك دەدات.

تاوان پەشۆکاوی و نەهامەتی و، کەندەڵانێکی فانییە.

تاوان، گەوجی و، بەهەندوەرنەگرتن و، سنوورشکێنییە و، قایل بوونە بە هاوکاریکردنی شەیتان.

تاوان ڕق لێبوونەوە لە ڕاستی و، بەگژداچوونەوەی حەقە و، هەڵسوکەوتکردنە بە ویست و ئارەزووی نەفست و، ئەڵقەلەگوێبوونی کەیف و ئارەزووەکانتە.

***

خراپترین ڕووی تاوان ئەوەیە کە دڵ ڕەشدەکاتەوە.

ڕۆژگاری دەکاتە شەوەزەنگ و، ڕۆشناییشی دەکاتە تاریکستان.

تاوان، نووری دڵ ناهێڵێت و، ڕووناکییەکەی دەکوژێنێتەوە و، گەشی و درەوشاوەیی ناهێڵێت و بریقەی لێ دەبڕێت و، ژەنگاوی دەکات و، بەتەمومژ دایدەپۆشێت.

ئەما جاری وا هەیە، کاتێك وزەی کارەبای ماڵەکەتان کز دەبێت، گڵۆپەکان بە کزی هەڵدەبن و ڕوناکییان کەم دەبێتەوە.. دەی گوناهیش هەر وایە. دڵ بە ئیمان ڕووناك دەبێتەوە و، بە ئیمان نوورانی دەبێت، واتە وزەی خۆی لە ئیمانەوە وەردەگرێت.

گوناهیش نووری ئیمان لاواز دەکات و، کەمی دەکاتەوە و، شەوق و زەوق و کاریگەریی ناهێڵێت، تا وای لێدێت دڵ، بەتەواوی تاریك دادێت و، ئیمانیش فڕێدەداتە دەرەوە.

لە کۆتاییدا -خوا پەنامان بات- مرۆڤ پێی هەڵدەخلیسکێتە چاڵی پشت ئیمان و، لە بیری کوفردا نوقم دەبێت و، لە زۆنگاوی بێباوەڕیدا دەچەقێت.

* * *

- چۆن مرۆڤ دەگاتە ئەم حاڵە؟ چۆن شتی وا دەبێت؟

- کەسێك بهێنە پێش چاوی خۆت کە لە نوێژەکانیدا ساردوسڕە و تەمبەڵی دەکات.

بەیانیان دەڵێت خەبەرم نابێتەوە و نوێژی بەیانی ناکات، شەوانیش دەڵێت خەو دایگرتووم و نوێژی خەوتنانیش ناکات، لەملاشەوە ئیشوکاری زۆرن و فریای نوێژی نیوەڕۆ و عەسر ناکەوێت.

ئەمە ڕۆژێك، دووان، سیان.. ئیتر وای لێ دێت کە نوێژی بەلاوە گران دەبێت و، لێی بێزار و وەڕس دەبێت.

هەموو جارێك كە گوێبیستی بانگ دەبین، واتە كاتی نوێژێك بەسەرچوو و، ئیتر كاتی نوێژێكی دیكەیە.

خوای گەورە هەموو ڕۆژێك و هەموو فەرزێك ئەمەمان بیردەهێنێتەوە.



كەچی ئەم كەسە هەندێك جار تەنانەت گوێش بۆ بانگەكە ناگرێت.

هەندێك جاریش دەڵێت: "كورە خۆ هێشتا كاتی ماوە و، جارێ نایكەم".

تەنانەت كار بەوە دەگات كە ئەو كەسە دەڵێت: "ئەرێ فەرزێك نییە، دووان نییە، تا ماوین ئەبێت خەریكی نوێژكردن بین، خۆ هەر تەواو نابێت!" .

بەم جۆرە ئیتر گوێ بۆ فەرمانی خوا ڕانادێرێت و، هیچ باكی پێوەیان نابێت، ئاخر هەر كە بەم شێوەیە پەتی تەزبیحی باوەڕی پچڕاند ئیتر بە تەواوی واز لە نوێژ دەهێنێت؛ بەڵام ناڕەحەتی نوێژنەكردنی هەر لەسەر دڵ لاناچێت و، بەردەوام دڵتەنگی دەكات.

بەڵام ئا لەم كەینوبەینەی نەفسدا ئیتر شەیتان دێتە كایەوە و وەسوەسەی بۆ دەكات و دەڵێت:

"کوڕێ نوێژ نوێژی چیته! بیکەیت چی دەبێت و نەیکەیت چی دەبێت؟ خۆ ئەو کەسەش کە نایکات هیچی لێنەهاتووە".

کار هەر بەوەشەوە ناوەستێت، بەڵکو زۆر نابات و پاش ماوەیەك ئەم کەسە سەرلێشێواوە گومان لە بوون و یەکتایی خوای گەورەش دەکات، واتە ئیمان و باوەڕی دەکەوێتە مەترسییەوە و، ئەو تۆوی کوفرەی شەیتان لە دڵیدا چاندوویەتی وردەوردە گەشە دەکات.. ئەم داماوەش هەنگاو بە هەنگاو لە دەرگایەکی مەترسیدارەوە دەچێتە ژوور.

* * *

بۆ نموونە:

کەسێك تاوانێکی شەرمەزارکەر دەکات، بەڵام حەز ناکات کەس لەم دۆخەیدا بیبینێت و هەوڵ دەدات دوور لە چاوی هەموو کەس ئەو گوناهەی بکات.

باشە با دوور لە چاوی مرۆڤەکان ئەم گوناهەی کردبێت، خۆ بوونەوەری دیکە هەیە کە ئەو لەو حاڵەیدا دەبینن.

بۆ نموونە فریشتەکان دەیبینن، چونکە فریشتەی بەرپرس هەیە لە تۆمارکردنی کار و کردەوەی مرۆڤەکان.

ئەو کەسەی کە لەم بارەدایە، کاتێك کە بیری هەبوونی فریشتەکانی دەکەوێتەوە، ناڕەحەت دەبێت لەوەی فریشتەکان ئەویان

بینیوە، بۆیە نائارام دەبێـت و، بـە خـەیاڵی ئاسـوودەوە گوناهەکـەی ناکات، واتە چێژ لە گوناهەکەی نابینێت.

بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بێباکانە بـەگوێی نـەفس و ئارەزووەکـانی بکات، وردەوردە بەرەو نکوڵیکردن لە هەبوونی فریشتەکان دەچێـت.

لـە ئەنجامـدا یـەکێك لـە پایـە سـەرەکییەکانی ئیمـان لەدەسـت دەدات کە بریتیە لە (باوەڕبوون بە فریشتەکان).

بەکورتی، ئیمانی لاواز دەبێت و دوای ماوەیەك ئـیتر کەسێـتی و بوونی خۆی ون دەکـات و، ڕۆژگارێـك بەسـەر دەبـات کـە بەتـەواوەتی ئیمانی لە دڵی داماڵیوە.

پێشـینانیش وتویانـە: "لـە گەسـتنی مێشـوولەیەك ڕا دەکـات و، خۆی دەداتە بەردەم گازەکانی مار!"[1].

١- لە (بریسکەی دووەم)ەوە وەرگیراوە.

پەرستشی نەرێنی چیە؟

"پەرستش دوو بەشە: بەشێکی نەرێنی (ئیجابی)یە و، بەشەکەی تری نەرێنی (سەلبی)یە.
بەشە ئەرێنییەکەیان زانراوە، بەشە نەرێنییەکەشیان ئەوەیە کە تۆ لە کاتی نەخۆشی و نارەحەتییەکاندا هەست بە لاوازی و کەمدەستەڵاتی خۆت بکەیت و، بە تەوەککولەوە ڕوو لە خوای پەروەردگاری بەسۆز بکەیت و، لێی بپاڕێیتەوە و بە پاك و بێگەردی بیپەرستیت".

پەرستش دوو جۆرە:

- یەکێکیان ئەرێنییە.

ئەرێنی واتە: (باش، چاك، ئاسایی).

ئەمە ئەو پەرستنەیە کە هەموومان دەیزانین و هەوڵ دەدەین بیکەین، وەك: نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەج و چاکەکردن لەگەڵ دایك

و باوك و دەوروبەر و قورئانخوێندن و سەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەرﷺ.

- جۆرێكی دیكەی پەرستش نەرێنییە.

نەرێنی واتە: (شتێك كە باش نەبێت، حەزلێكراو نەبێت، بەدڵمان نەبێت، ئاسایی نەبێت).

- بەڵام كە دەڵێین پەرستش نابێت شتی ناخۆش و خراپی تێدا بێت، ئەی نەدەبوو شتی ئەرێنی و جوانی تێدابووایە؟

- لە ڕاستیدا (پەرستشی نەرێنی)یش هەر واتە پەرستش، نەك شتێكی خراپ و ناخۆش.

وەرن با هەوڵ بدەین بەم جۆرە لە پەرستشی نەرێنی تێبگەین:

مەرج نییە ئێمەی مرۆڤ هەموو شتێك بە ویستی خۆمان بێت. هەروەك چۆن ڕۆژە خۆشەكان لە بەرژەوەندیی ئێمەدان، ڕۆژە ناخۆشەكانیش هەر لەبەر ئێمەن...

هەندێك جار پێدەكەنین و هەندێك جاریش دەگرین...

زۆر كات كاروبارەكانمان زۆر بەڕێكوپێكی بەڕێوەدەچن و، هەموو شتێك وەها دەبێت كە دەمانەوێت و، هەندێك جاریش بە پێچەوانەوە دەبێت.

ڕۆژێك دێت نەخۆش دەكەوین، یا بەڵایەكمان بەسەردا دێت، یا تووشی ڕووداوێك دەبین، یا كەسێكی نزیكمان شتێكی بەسەر دێت، یا

خۆشەویستێکمان لەدەست دەدەین، بەکورتی پێشهاتێکی ناخۆشمان دێتەڕێ و، بێتاقەت دەبین، خەندە لە لێوانمان دەتۆرێت، دنیامان لەبەرچاو دەبێتە چاڵێکی تەسك و تار.

ئیتر دەست دەکەین بە سکاڵا دەربڕین و شیوەن و ناڵاندن و، دەڵێین:

"ئەی ئەم بەڵایە لە کوێوە هات؟ ئەڵێی چی بەڵای دنیا هەیە ڕووی لە من کردووە؟"

* * *

زۆرجار مرۆڤ لە حیکمەتی کارەکان تێنەگەیشتووە و، تەنها تەماشای ڕووی دەرەوەی ڕووداوەکان دەکات، هەر بە بیریشیدا نایەت بزانێت دیوی ناوەوەی ئەم ڕووداوانە چۆنییە.



پەروەردگار دەیەوێت بەم پێشهاتانەی ئێمە حەزمان لێیان نییە، ئێمە لە خۆی نزیك بکاتەوە و بۆلای خۆیمان ڕابکێشێت.

خوای گەورە و میهرەبان هەرگیز ئێمە بە دەردی خۆمانەوە جێ ناهێناڵێت.. ڕۆژگارێك دێتەپێشەوە کە نەخۆش دەکەوین و ئازارەکانمان زیاد دەکەن، لە هێز و توانا و بازوو دەکەوین و، سەرمان قوس دەبێت و،

هیچ دەرمانێك دادمان نادات. هەرچەندە گەنج و لاویش بین، بەڵام ناتوانین سەرمان لەسەر سەرینەکەمان بەرز بکەینەوە.

بەم جۆرە تێدەگەین کە بوونەوەرێکی چەندە لاوازین و هیچ پشتوپەنایەك شك نابەین و، تەنها چارەمان ڕووکردنە قاپی خوای گەورەیە.. بۆیە دەردەڵی خۆمان بۆ خوای گەورە هەڵدەڕێژین و، داوای یارمەتی لێ دەکەین و، بە تەوەککولەوە لێی دەپاڕێینەوە.

چاوەڕوانی شیفا لە زاتی موبارەکییەوە دەکەین، چونکە تەنها ئەو سارێژکاری دەردمانە.. چونکە ئێمە بێ دەستەڵاتین و، ئەویش بە توانا و کاربەجێیە.

ئێمە نەدارین و، تەنها زاتی موبارەکی ئەو هەموو پێداویستییەکانمان دابین دەکات.

با دەنگیشمان لەرزۆك و نوساو بێت، بەڵام ئەو هەر گوێی لە دەنگمانە و، وەڵامی نزاکانمان دەداتەوە.

دەردەکانمان زۆر زۆرن، بەڵام هەمیشە ئەو بە هانامانەوە دێت.

هەرچەندە دڵشکاو و غەمبار بین، ئەو خۆشبەختی و ئاسودەییمان پێ دەبەخشێت.

کاتێك بەدەست نەخۆشی و بەڵاوە دەتلێینەوە، یەکسەر خوای گەورەمان دێتەوە یاد و، خۆمان دەهاوینە ئامێزی ڕەحمەتی زاتی موبارەکییەوە.

هەر بۆیە ئەو نزایانەی مرۆڤ لە ناڕەحەتیدا دەیانکات، پاك و بێ گەرد و دڵسۆزانەن و، دوورن لە ڕووپامایی و ڕیابازی.

بەم جۆرە، هەموو ئەو حاڵە نەرێیانانەی کە خراپ و نەخوازراو دەردەکەون، هەر یەکەیان دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی زمانمان ئەرکی ڕاستەقینەی خۆی بەجێ بهێنێت و بکەوێتە نزا و پاڕانەوە.

* * *

وەك ناوی خۆمان دەزانین کە ئەگەر خوا ویستی لەسەر نەبێت، هیچ کەس ناتوانێت ئازارێکمان بدات.

هەر دەرد و بەڵا و موسیبەتێکیش ئیزنی لەوەوە وەرگرتووە، پاشان ئێمەی بەخۆیەوە گرفتار کردووە.

کەواتە مادام ئەو دەرد و بەڵایاناش لەلایەن خوای گەورەوە هاتوون، ئەوا پێویستە بڵێین: "بەخێر هاتیت!".

ئا بەمەش جۆرە پەرستشێکی نەرێنیمان ئەنجامداوە.

واتە کاتێك لەدەست نەخۆشی و دەرد و مەینەتی سکاڵا دەرنابڕین، ناخمان ئاسوودە دەبێت.

مادەم ئەم ئازار و نەخۆشیانە لەلایەن خوداوە هاتوون، کەواتە پێویستە بە پشوودرێژی و ئارامگرییەوە ڕووبەڕوویان ببینەوە، تا بەری ئارامگرییەکەشمان بنۆشین.

لە ڕاستیدا هەرچەندە ئارامگرتن ناخۆش و تاڵە، بەڵام ئەنجام و بەرەکەی شیرینە.

لەهەمان کاتدا پێویستە ئارامگرتنیش لە کات و شوێنی گونجاوی خۆیدا بێت، بۆ نموونە ساتەوەختی سەرەتای هەست بە نەخۆشی کردن، یا لەگەڵ ڕووداوی ڕوودانی ڕووداوێکدا ...

بەم شێوەیە، پاش چەشتنی ئەم ئازارانە پەرستشێکی دیکەشمان ئەنجام داوە، ئەویش ئارامگرتنە...

* * *

نەخۆشی و ئازارەکان جۆرە ئاگادارکردنەوەیەکن لەلایەن خوداوە، یادخستنەوەیەکی خوداییین، واتە هەم خودامان بیردەخەنەوە، هەم لە هەندێك گوناهیش پاکمان دەکەنەوە؛ چونکە بەشێکی بەڵاکانمان دەرەنجامی هەندێك تاوانن کە پێشتر ئەنجاممان داون.

ئەگەر لەسەر ئازارەکان ئارامگر بین، ئەوا ئەم هەڵوێستەمان دەبێتە مایەی لێخۆشبوونی خوای گەورە لە تاوانەکانمان، واتە هەروەك چۆن گەڵا زەردەکان دانەدانە هەڵدەوەرێن، بەو جۆرەش نەخۆشییەکان گوناهەکانمان هەڵ دەوەرێنن و، لە ئەنجامدا لە گەردوباری تاوانەکان پاك دەبینەوە.

بڕوانن، پەرستشە نەرێنییەکان ئێمە بەکوێ دەگەیەنن و، چیمان دەست دەخەن!

کاتێك کە نووری ئیمان ژیانی بۆ ڕۆشن کردینەوە، هەر یەك لە ڕۆژە خۆشـــەکان و ڕۆژە ناخۆشـــەکان و ڕۆژە ئارامـــەکان و ڕۆژە پڕکێشەکان، بە پەرستش و بەندایەتی بەڕێ دەکەین.[1]

١- لە (بریسکەی دووەم)ەوە وەرگیراوە.

بەڵا و ناخۆشییەکان چۆن کەم دەکەن؟

"ئەگەر بەڵا و موسیبەتە مادییەکان بە گەورە بزانین ئەوا گەورە و گەورەتر دەبن، گەر بە بچووکیشیان بزانین بچووك دەبنەوە، بەڵای هەرەگەورە و دژوار و زیانبەخش ئەو بەڵایەیە کە ڕوو لە ئایینمان دەکات".

بەڵا دوو جۆرە:

(یەکێکیان دنیایی و مادییە، ئەوی دیکەیان مەعنەویی و ئایینیە).

هەموومان دەزانین بەڵا دنیایی و مادییەکان چین، وەك:

نەخۆشی و دەرد و ئازارەکان و، ئەو زیانانەی کە بەر گیان و ماڵمان دەکەون و، ئەو ڕووداوانەی کە دەبنە هۆی لەدەستدانی گیان و ماڵمان.

ئاگرکەوتنەوە، کارەساتە سروشتییە جۆراوجۆرەکان: بوومەلەرزە، لافاو، پەتا و دەردی کوشندە... قات و قڕی و، وشکە

ساڵی.. ئەمە سەرەڕای جەنگ و هەر شتێکی دیکە کە بەهۆی مرۆڤەکانەوە دێتە کایەوە و، مرۆڤایەتی پەرێشان دەکات.

ئێمەی مرۆڤ بەردەوام بەم بەڵایانە دەورمان تەنراوە و، هەمیشە ڕووبەڕوومان دەبنەوە، جا ئیتر بەڵاکە بەسەر خۆمان یان کەسێکی نزیکماندا بێت.

جاری وا هەیە بەدەست کێشەیەکەوە دەڵێین: "ئاه! ئەوە چی بوو؟"، بەڵام زۆر بۆی داناچین و، لەبیرمان دەچێتەوە.

جاری واش هەیە، بۆ چەند ڕۆژێك لەژێر کاریگەرییدا دەمێنینەوە.

هەروەها جاریش هەیە تووشی ڕووداوێك دەبین و، چەندین مانگ بە ئازارەکانییەوە دەناڵێنین، تەنانەت ڕەنگە خۆمان بۆ نەگیرێت و دەست بکەین بە گریان.

دەبێت لە ئاست ئەم هەموو بەڵایەدا چی بکەین و، چۆن هەڵسوکەوت بکەین؟ چۆن لێیان بڕوانین؟ چ ڕێ و شوێنێك لە میانەیاندا بگرینەبەر؟

* * *

سەرەتا پێش هەموو شتێك: نابێت بەڵاکان لە بەرچاومان زەق و گەورە بکەین، بەڵکو دەبێت بە بچووك و سادەوساکار لێیان بڕوانین.

نابێت لەناو ئازارەکاندا نوقم ببین و بەچۆکدا بێین و پاڵی لێ بدەینەوە، بەڵکو پێویستە بەدوای ڕێگەچارەیەکدا بگەڕێین، کورتترین ڕێگەش ئەوەیە موسیبەتەکان بە کەم تەماشا بکەین.

– چۆن؟

– ئەها هەندێك جار لە تاریکیدا خەیاڵێك بەرچاوی مرۆڤ دەگرێت.

هێندە چاو لە پەتێك دەبڕێت کە لە سووچێکدا دەلەرێتەوە، تا ئەو پەتەی لێ دەبێت بە مار و، ئیتر خۆی خۆی دەترسێنێت.

یاخود لە باخچەیەکدا دانیشتووە و لە دەوروبەری دەڕوانێت و، لەناکاو بایەك دارەکە دەلەرێنێتەوە، ئیتر ئەو وا دەزانێت دارەکە بووەتە گیانەوەرێکی ترسناك و، هاکا پەلاماری ئەمی دا!

ئەمە لە کاتێکدا نە پەتەکە مارە و نە دارەکەش گیاندارێکی ترسناك، بەڵکو تەنها شتەکانی لەبەرچاوی خۆی گەورە کردووە و، لە هیچی خۆڕایی ترس و لەرزی لەخۆی هێناوە.

خۆ ئەگەر یەك تۆز بوێر بوایە و، بچوایە ئەو پەتەی بەدەست بگرتایە، یا بڕۆشتایە و لە نزیکەوە تەماشایەکی دارەکەی بکردایە، ئەوا نە ترسی لە دڵدا دەما و نە هیچ...

ئەو بەڵایانەش کە بەسەرمانا دێن هەر وەك ئەمەن، واتە گەر لەبەرچاو گەورە بکرێن، ئەوانیش گەورە دەبن و داهاتوو تاریك دەکەن

و هیواکانمان لەناو دەبەن و، بە خەم و پەژارە ژیانمان بەرەو هەڵدێر دەبەن.

بەڵام بزانە: بەڵاکان هەرچییەك و هەرچۆنێك بن، خۆ هەر تەواو دەبن.

هەمیشە ئازاری یەکەم ڕۆژ و یەکەم ساتیان نابێت، بەڵکو ڕۆژ بەڕۆژ کەم دەکات.

لەبەر ئەمە دەبێت هەوڵ بدەین هەر بەڵایەکمان بەسەردا هات بە سووك و سادەیی بیگرین و، بە دەروونێکی دڵنیاوە مامەڵەی لەئاستدا بکەین و، بەتەواوی ژیانمان نەخەینە ژێر کاریگەرییەوە.

گەورەترین هۆکار بۆ ئەوەی ئازارەکانمان لەسەر زیاد بکات، ئەوەیە کە بەردەوام مەراقیان لێ بخۆین.

ئەگەر هەر بڵێین: "تۆ بڵێی چاك ببمەوە؟ باشە خراپتر نابم؟ ئادەی بزانم چەند کەس بەم دەردەی من مردووە" و مەراقی لێ بخۆین، بەم شێوەیە تا دێت خراپتر دەبین و، ئەمجارە ئیتر نەخۆشییەکەت لە ئازارێکی مادیی و جەستەییەوە دەبێتە ئازارێکی مەعنەوی و، لەناو دڵدا ڕەگ دادەکوتێت و، باری دەروونی مرۆڤ بە تەواوی تێك دەدات.

بۆ ئەوەی گرفتاری حاڵێکی دەروونیی وا خراپ نەبین، پێویستە هەرچییەکمان بەسەردا هات، بەشتێکی جوان و باشی ببینین و، بەوە ڕازی بین کە لەلایەن خوداوە بۆمان هاتووە و، بە تەواوی پشت بە خودا ببەستین و، خۆمان تەسلیمی میهرەبانی و دانایی ئەو زاتە بکەین.

بەم جۆرە مەراقت نامێنێت و ئازارەکانیشت لەسەر لادەچن و، لە ئەنجامدا کێشەکە لە ڕەگ و ڕیشەوە چارەسەر دەبێت.

ئەم بابەتە وەك بڕینی ڕەگی درەخت وایە، واتە هەروەك چۆن گەر ڕەگی درەختێك ببڕیت ئەوا تەواوی درەختەکە وشك دەبێت، کێشە مادییەکانیش گەر بە سادە وەریانبگرین وشك دەبن و نامێنن.

* * *

نموونەیەکی دیکە:

ئەوانەی بە ژینی لادێ ئاشنان ئەم باسە باش دەزانن.. کاتێك لە شوێنێك بیت کە هەنگی کێوی لێ بێت، ئەوا هەنگەکانی تاکە تاکە هێرشت بۆ دەکەن، جا ئەگەر تۆش زۆر خۆتیان لەگەڵ خەریك بکەیت و مەشغوڵ بیت پێیانەوە، ئەوا دەیانوروژێنیت و بە جارێك تۆپەڵێك هەنگ لێت دەئاڵێن و، ڕەنگە یەك دوانێکیان پێتەوە بدەن.

بەڵام گەر هیچ هەقت بەسەریانەوە نەبێت و خۆت نەشڵەژێنیت، ئەوانیش بڵاوەی لێ دەکەن و هیچ زیانت پێ ناگەیەنن.

ئێمەش هەروەك ئەم نموونەیە نابێت زۆر بە بەڵاکانەوە سەرقاڵ بین و مەراقیان لێ بخۆین و، بیر لە ئەگەری خراپتربوونیان بکەینەوە، بەڵکو پێویستە پاش گرتنەبەری ڕێگەچارەی پێویست ئیتر لێیان بگەڕێین و ئەنجامەکان حەواڵە بە خوای گەورە بکەین.

جگە لەوەش نابێت لە ئاست بەڵاکاندا پەست و تووڕە بین و هاوار و ناشوکری بکەین، بۆ نموونە گەر هەنگێك پێوەی داین بڵێین: "ئەمە لە کوێوە هات؟ هەر منی دۆزیەوە یەکسەر پێمەوە لکا!".

مرۆڤ ئەگەر زەردەخەنەیەك بێتەسەر لێوی بەڕووی ئەو کەسەی وا هەڵچووە و هاوار دەکات، ئەوا ئەویش یەکسەر جۆرە هێوربوونەوەیەکی بەسەردا دێت و، وردە وردە بابەتەکەی لا بچووك و سادە دەبێتەوە و، لە کۆتاییدا هەموو شتێك بە خێر و خۆشی تەواو دەبێت. هەروەها ئەگەر مرۆڤ لە بەرامبەر بەڵاکانیشدا پشت بە خودا ببەستێت و، بڕوای وابێت کە هەموو شتێك لەلایەن ئەو زاتەوەیە، ئەوا بە تێپەڕبوونی کات کۆڵ و باری بەڵاکانی لەسەر شان سووك دەبێت و شوێنەوارەکانیشیان نامێنێت.

* * *

جگە لەوانەش، بەلا و موسیبەتی ئایینیش هەیە، کە پێویستە هەمیشە پەنا بەخودا بگرین لە شەڕیان.

– موسیبەتی ئایینی چییە؟

- ئەو هەموو هێرش و پەلامارانەن کە بۆ سەر ئایین و، ئیمان و، قورئان و، بەها پیرۆزەکانمان دەکرێن.

بۆ نموونە ڕێگەت پێ نەدرێت بە سەربەستی نوێژ و، ڕۆژوو و، یان فێربوونی قورئان و پەیڕەوکردنی ڕێنماییە ئایینەکانت بکەیت.

یا کەس و لایەنێك لە ئاست بەها پیرۆزەکانی ئایینەکەتدا زماندرێژیی بکەن و سنوور ببەزێنن و، بیروباوەڕی ئیسلامەتیت بە بچووك و کەمنرخ و دواکەوتوو وەسف بکەن.

تۆش ناتوانیت هەمیشە وەڵامی پێویستیان بدەیتەوە و، ناچار زۆربەی کاتەکان بێدەنگ دەبیت. واتە گەر گاڵتەش بە ئیمانداران بکەن تۆ ناتوانیت دەمیان پێ دابخەیت. ئیتر لەم کاتەدا جگە لە پشت بەستن بەخودا و ڕووکردنە قاپیی میهرەبانیی ئەو، هیچ دەروو و دەرگایەکی دیکەت بۆ نامێنێتەوە.

- باشە لەم کاتەدا چی بکەین؟

- دەستت بەرز بکەوە و لە خودا بپاڕێوە و، داوا لەو بکە و، بۆلای ئەو بگەڕێوە.

ئیتر لەبەر ئەمەیە کە موسیبەتی هەرە سامناك و زیانبەخش ئەوەیە کە ڕوو لە ئایین دەکات.[1]

١- لە (بریسکەی دووەم)ەوە وەرگیراوە.

خوایه گیان، دیسانەوە وەسوەسە!

دووباره بیروهۆشم پەرتەوازە بووەوە!

هەروەك چۆن دەتوانیت بیر لە شتی جوان بکەیتەوە، هەر واش دەتوانیت بیر لە شتی خراپە بکەیتەوە.

چۆن بیرۆکەی ڕاست و دروست بە بیروهۆشماندا دێت، واش بیرۆکە و شتی هەڵە بە بیروهۆشماندا دێت.

چۆن شتێکی جوان بە خەیاڵماندا دێت، بەو جۆرەش دەکرێت شتێکی ناشیرین بە خەیاڵماندا بێت.

هەروەك چۆن شتی گونجاومان سەبارەت بە ئیسلام بەبیردا دێت، ئاوەهاش شتی نامۆ و دژ بە ئیسلاممان بە بیردا دێت.

هەروەك چۆن بیری باش و جوان دەربارەی خودا پاشان پێغەمبەرەکەی ﷺ بە خەیاڵماندا دێت، بەو جۆرەش دەشێت بیری خراپ و نابەجێ بە بیرماندا بێت.

بۆ نموونە، هەر کە (الله أکبر)ت کرد و نوێژت دابەست، یەکسەر... ئەی خوایە! ئەوە چییە؟ لە ناکاو خەیاڵت بۆ شوێنێکی بەدڕەوشتی و خراپ و نەشیاو دەچێت.

* * *

– (وەسوەسە) چییە؟ بۆچی تووشی دەبین؟ خۆمان دەیسازێنین؟

– سەرەتا ئێمە خۆمان نامانەوێت بیر لەو شتە خراپە بکەینەوە، واتە بە ویستی خۆمان نایەتە خەیاڵمانەوە.

– دەی باشە کێ خەیاڵمان بەو شتە نابەجێیانەوە قاڵ دەکات؟

– بێگومان شەیتان... خۆ ئیشەکەی هەر ئەمەیە، واتە عەقڵ و خەیاڵ و بیروهۆشمان بە شتی واوە قاڵ دەکات. هەروەها دڵ و گیان و دەروونمان دەشێوێنێت و، ورەمان دەڕوخێنێت.

ئەو شەیتانە هەوڵ دەدات لە نوێژ ساردمان بکاتەوە و، بێزارمان بکات و، حەزمان بۆ نوێژکردن نەهێڵێت...

– باشە لەم بارەدا چی بکەین؟

- سەرەتا نابێت هەڵەشە بین و پەژارە دامان بگرێت و لە خودی خۆشمان پەست و بێزار بین، هەروەها خۆمان تاوانبار ناکەین و، نالێین: "ئەرێ بۆ کارمان بێرە گەیشت؟".

پاشان زۆر لەسەریان ناوەستین و، گرنگییان بۆ دانانێین و، لەبەر چاومان گەورەیان ناکەین و، لە مێشکی خۆماندا نایانهێڵینەوە و، بیرمانی پێوە خەریك ناکەین.

چونکە ئەو خەیاڵانە هەمووی کاری شەیتانی نەفرەتلێکراوە.

* * *

- وەسوەسە لەچی دەچێت؟

- لەو مار و ئەژدیها و شتانە دەچێت کە لە تەلەفزیۆندا دەیانبینین.

خۆ وێنەی ماری سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکە ئازارتان نادات و زیانتان پێ ناگەیەنێت، بەڵام ئەگەر لە هیچی خۆڕایی خۆتان بترسێنن، ئەوا کارێکی هەڵەتان کردووە.

گەر لە تەلەفزیۆنەکەدا دیمەنی شتێکی پیس ببینیت و بڵێیت: "دەستم پیسبووە و با بچم بیشۆم"، هەمووان پێت پێ دەکەنن.

لەبەر ئەوە پێویستە بە ژیرانە مامەڵە بکەین و درێژە بە نوێژەکەمان بدەین و نەیبڕین، چونکە زانیمان و دڵنیابووین ئەو

وەسوەسە و دیمەنە ناشیرینانە لەلایەن شەیتانەوەن و، دەبێت ئێمە لە کار و پەرستنی خۆمان بەردەوام بین.

* * *

هەموو ئەو بیرە خراپانەی شەیتان لە بارەی پێغەمبەرەوە ﷺ لە خەیاڵماندا دەیسازێنێت بێ نرخ و بەهان.

پێغەمبەر ﷺ مرۆڤێکی ئاسایی و سادە بوو نەك فریشتەیەك.

پێغەمبەریشمان ﷺ وەك ئێمە برسی بووە و، تینووی بووە و، نانی خواردووە و، ئاوی خواردووەتەوە.

نەخۆش کەوتووە و، گەرما و سەرما کاری تێکردووە و، ڕێوشوێنی پێویستی لەبەرامبەر دوژمنەکانیدا گرتووەتەبەر. لە کاتی پێویستیدا ناچاربووە شەڕی لە دژی دوژمن کردووە و، برینداریش بووە.

منداڵی بووە، منداڵی وەفاتی کردووە، بە مردنیان خەمبار بووە و بۆیان گریاوە.

بەڵام هیچ کاتێك وەك پێغەمبەرێك تاوانی ئەنجام نەداوە و، هەرگیز توخنی کاری ناشیرین و ناڕەوا نەکەوتووە.

هەمیشە بە پاك و بێگەردی ماوەتەوە و، بە داوێنپاکی ژیاوە و، مرۆڤێکی بێ کەموکورتی بووە و، ژیاننامەیەکی پڕ پەند و ئامۆژگاریشی بۆ ئێمەی موسوڵمان جێ هێشتووە.

لەبەر ئەوە هەر وەسوەسەیەك كە شەیتان دەربارەی پێغەمبەرمان ﷺ بیخاتە بیر و خەیاڵمانەوە ڕاست نییە و هیچ بنەمایەكی نییە، چونكە خۆ نابێت بڕوا بە هیچ شتێك بكەین كە سەرچاوەكەی شەیتان بێت، بەڵكو پێویستە لەسەری ڕانەوەستین و، لامان گرنگ نەبێت، هەروەها بە هەموو شێوەیەك بەرپەرچی بدەینەوە و، بەرەنگاری ببینەوە.

– ئەو شتە خراپانەی دەربارەی پێغەمبەر ﷺ دێت بە خەیاڵماندا ئەگەری ڕوودانیان هەیە؟

– بەڵێ دەكرێت، بەڵام خۆ نەبووە.

بۆ نموونە، ئا لەم ساتەدا دەكرێت دەریای (ناوەڕاست) وشك بكات و، شوێنەكەی ببێت بە بیابانێكی وشك و كاكی بەكاكی.

– بەڵام ئایا لە ئێستادا ئەو شتە ڕوویداوە؟

– نەخێر.

– قەت دیوتانە "ڕەنگە ببێت" و "بووە" یەك واتایان هەبێت؟ بێگومان نەخێر، یەكسانی واتای ئەم دووانە لەگەڵ عەقڵ و ژیریدا یەكناگرێتەوە.

جارێ هیچ هۆكارێك نییە بۆ ئەوەی ئەو ئەگەرە ڕوو بدات، پاشان تا ئێستە شتێكی وا ڕووی نەداوە.

لەبەر ئەمە زۆر بیرکردنەوە لە شتێك کە "دەشێت ڕووبدات" زیانە بۆ عەقڵ و، نەك هەر هیچ پێویست نییە، بەڵکو زیانیشی هەیە.

هیچ پێویست ناکات لەسەر ئەو بیرە نەشیاوانە هەڵوێستە بکەیت کە شەیتان دەربارەی پێغەمبەر ﷺ لە خەیاڵتدا دەیانسازێنێت.

هیچ پێویست ناکات کە خۆمان بە گومانێکەوە یان بە وەسوەسەیەکەوە بخافڵێنین کە ڕووی نەداوە و، بوونی نییە.

لەلایەکی دیکەشەوە گەر ئەم خەیاڵ و بیرە نادروستانەی بە خەیاڵماندا دێن، هیچ زیانێك بە ئیمانمان نەگەیەنن، ئەوا هیچ بەرپرس نین لێیان.

گەر توانیمان ئەم وەسوەسە شەیتانیانە کۆنترۆڵ بکەین و، پشتگوێیان بخەین، ئەوا هیچ تاوانێکمان لەسەر تۆمار ناکرێت.[١]

١- لە (بریسکەی سیازدەیەم)ەوە وەرگیراوە.

یارییە ترسناکەکەی شەیتان

شەیتان لە قورئاندا بە (ئیبلیس) ناوی براوە.

ڕەنگە بیستبێتتان کە ئەگەر کەسێك خەڵك فریو بدات و، چەواشەیان بکات و، کاری ڕەوا و ناڕەوا لەیەك جیانەکاتەوە و، زۆربڵێ و، تەڵەکەباز بێت، ئەوا پێی دەڵێن: "هەر ئەڵێی ئیبلیسە!".

تەنها ئەرکی ئیبلیس ئەوەیە مرۆڤەکان و، بە تایبەت موسوڵمانەکان فریو بدات و، لەڕێیان لا بدات و، بەرەو درۆکردن و بێ باوەڕی و تاوان و حەرام ڕایان بکێشێت.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا شەیتان فێڵ و یارییەکی هەیە، کە زۆر هەستی پێ ناکرێت، ئەویش ئەوەیە کە لای ئەو کەسانەی کە خواپەرست و گوێڕایەڵی خوان هەستی ئینکاری لە بوونی خۆی (واتە بوونی شەیتان) گەڵاڵە دەکات و، وا تێیان دەگەیەنێت کە ئەم (واتە شەیتان) بوونی نییە.

ئەو کەسانەی گرفتاری ئەم یارییەی شەیتان بوون، باوەڕیان لاواز بووە و، دەڵێن: "بابە شەیتانی چی؟ بۆ کەس دیویەتی تا من بڕوام پێی هەبێت! ئەوەنەش بڕوا بە قسەی ئەم و ئەو مەکەن!".

ئەم کەسانە هەروا هەڕەمەکی قسە دەکەن و دەڵێن: "جنۆکە و فریشتە و شەیتان و ئەم شتانە قسەی هیچن، ئەمانە هیچ بنەمایەکیان نییە، هەمووی قسەی هەڵبەستراون و خەڵکی ساویلکەی پێ ئەترسێنرێ!".

لە ڕاستیدا قسە و قەناعەتەکەی ئەمان ساویلکانەیە، چونکە هیچ بەها و سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو و ڕاستیان بەدەستەوە نییە.

ئەو کەسەی نکوڵی لە بوونی شتێك دەکات، بوونی شتێك ڕەت دەکاتەوە کە هەیە.

تۆ دەتوانیت بڵێیت: "بەڕای من ئەو شتە نییە"، بەڵام ناتوانێت بڵێیت: "بەدڵنیاییەوە ئەو شتە نییە".

ئەگەر لەخۆتەوە و بێ هیچ بنەمایەك بڵێیت: "بە دڵنیاییەوە ئەو شتە نییە"، ئەوا پێت دەڵێن: "فەرموو نەبوونی بسەلمێنە"، دیارە لێرەشدا دەستەوەسان دەبیت و نازانیت چۆن بیسەلمێنیت.

ئێمە لە وەڵامی ئەو کەسانەدا کە نکوڵی لە بوونی شەیتان دەکەن، دەڵێین: "ئەگەر لەسەر زەوی نەبن، دەشێت لەسەر هەسارەکانی دیکە یاخود لەسەر ئەستێرەکان هەبن".

ئەگەر بەچاو نایانبینین، خۆ بە هەستەکانی دیکەمان دەیانبینین. بۆ نموونە، بە عەقڵ و دڵ و ڕۆحمان هەست بە بوونیان دەکەین، چونکە فریشتە و جنۆکە و ئەو شتە ڕۆحانیانە بەچاوی خۆمان نابینین، بەڵام بە زۆر شێوازی جیاوازی دیکە هەست بە بوونیان دەکەین.

* * *

بۆ نموونە:

ناتوانین بڵێین لەناو مرۆڤەکاندا کەسانی خراپ و، بێ ڕەوشت و، درۆزن و، فێڵباز و، پیاوکوژ و، ئابڕووبەر نین، چونکە بێگومان کەسانی لەمشێوەیە هەن، بگرە زۆریش نەك کەم، هەر لە دەوروبەری خۆمان بڕوانین ئەو جۆرە کەسانە دەبینین.

خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرمووێت: (هەموو پێغەمبەرەکانی تریش دوژمندار بوون لە گومڕاکانی بنیادەم و جنۆکە، ئەو دوژمنانە لەناو خۆیاندا قسەی ڕووکەش و درۆودەلەسەیان بە یەکتر ئەگەیاند و ئەیانچپاند بە گوێی یەکتردا و بە هەموویانەوە خەریکی بەدکاری و

دوژمنایەتیی پێغەمبەران بوون و سەرکەش و لەخودانەترس بوون..)

الأنعام:١١٢.

لە ناو پەری (جنۆکە)کانیشدا جنۆکەی باش و خراپ هەیە، بە خراپەکانیان دەوترێت شەیتان.

ئەوە نییە خودا لە قورئاندا دەفەرموێت: (..شەیتان نەبێ کە لە بەرەی جین بوو لە فەرمانی خودا دەرچوو و سوجدەی نەبرد..)

الکهف:٥٠.

واتە ئەگەر لە ڕستەیەکدا کۆی بکەینەوە، ئەگەر مرۆڤی شەیتانناسای بینراو هەبێت، ئەوا جنۆکەی شەیتانناسای نەبینراویش هەیە.

تێکچوونی شتێکی باش و بەنرخ هەر وەك تێکچوونی شتێکی سادەوساکار نییە، چونکە تێکچوونی شتە باشەکان زۆر خراپتر دەبێت.

بۆ نموونە، گەر ماست تێك بچێت، واتە ترش ببێت، دەیژەنین و دەیکەینە دۆ و هەڵی دەقوڕێنین، بەڵام ئەگەر ڕۆنەکەرە خراپ ببێت، دەبێتە ژەهر و بە هیچ کەس ناخورێت و، کەڵکی هیچی پێوە نامێنێت.

دەی کەواتە بەنرخترین و بەڕێزترین بوونەوەریش کە مرۆڤە، گەر تێکچوونێکی بەسەردا بێت و، لەڕێ دەربچێت، دەبێتە جانەوەرێکی ترسناک.

هەر وەك مار و دووپشك کە چێژ لە پێوەدان و ژەهراویکردنی دەوروبەریان وەردەگرن، ئەم کەسە خراپەش چێژ و خۆشی لە بێباوەڕی و، بێڕەوشتی و، ستەم کردن دەبینێت، واتە وەك شەیتانی لێ دێت.

دەی گەر لە نێوان مرۆڤەکاندا کەسانێك هەبن وەك شەیتان و شەیتانئاسابن، کەواتە لە ناو جنۆکەکانیشدا جنۆکە هەیە کە بووبێتە شەیتانی نەفرەتلێکراو.

* * *

لە نێوان مرۆڤ و جیهانی گەردوونی مەزندا، زۆر لەیەکچوون و پەیوەندیی نزیك هەیە.. واتە ئێمەی مرۆڤ جیهانێکی بچووکین و، جیهانیش مرۆڤێکی گەورەیە.

گەر ئەم گەردوونە بچووك بکرێتەوە دەبێت بە مرۆڤ و، گەر مرۆڤیش گەورە بکرێت دەبێتە گەردوون.

ئێمە وەك مرۆڤەکان پوختە و کورتەی گەردوونین.

لە ئێمەدا هەرچیەك هەبێت لەو گەردوونە زەبەلاحەشدا هەیە.

ئـەو شـتانەی لـە ئێمـەدان بچووکن و تـەنها نموونەیـەکن، شـتە سەرەکییەکان لە ناو گەردوون و جیهانی گەورەدان.

- چۆن؟ وەکو چی؟

- گـەر ئیمـە توانـای یادگـە و لەبـەرکردنمان هـەبێت، لـە گەردوونیشدا (لەوحی مەحفوظ) هەیە.

(لەوحی مـەحفوظ) خشـتە و دەفتـەری تۆمـاری قـەدەری هـەموو بوونەوەرانە.

شەیتان لـەناو دڵەکانمانـدا ناوەنـدی وەسوەسـەی هەیـە، کـە لـە ڕێگەی ئەم ناوەندانـەوە وەسوەسـەمان بـۆ دروسـت دەکـات و، ئێمـە بەرەو تاوان و هەڵەکردن دەبات.

* * *

شەیتان لە دڵەکانمانەوە نزیکـە، هـەر لەبـەر ئەمەیـە کاتێـك کـە ڕووبـەڕووی تاوانێـك دەبینـەوە، سـەرەتا دڵمـان بـۆی لـێ دەدات و بێتاقەت دەبێت.

گەر بە وردی سـەرنج بـدەین، دەتـوانین بڵـێین دڵمـان زەنـگ لـێ دەدات و، لە مەترسـییەك بـۆ سـەر گیانمـان ئاگادارمـان دەکاتـەوە و، دەڵێـت: "ئاگاداربـە، ئەمـە لەلایـەن شـەیتانەوەیە، ئاممـان بـەگوێی نەکەیت!".

هەر وەك ئەوەی کە لە نزیك دڵمانەوە شوێنێك یا ناوەندێك هەیە بۆ تەڵەکانی شەیتان، لە گەردوونیشدا (ئیبلیس)ی سەرگەورەی شەیتانەکان هەیە.

هێزێك لە ناخماندا هەوڵ دەدات لە ڕێگەمان لا بدات و، بەرەو تاوان و سەرپێچی کردن ڕامان بکێشێت، کەواتە هێزێکیش هەیە لە جیهانی دەرەوەدا کە ئەم دەنگەی لێوە دێت، ئەویش شەیتانە.

واتە کەس ناتوانێت نکوولی لە بوونی شەیتان بکات.

چۆن دەگونجێت مرۆڤ دوژمنی خۆی بە نەبوو دابنێت و، هیچ حسابێکی بۆ نەکات و، هەروەها بزانێت کە هەواڵی نەبیستووە و، بڕوا بە بوونی نەکات؟!

پەروەردگاری مەزن، لە شەیتان و کەوتنە یارییەکانی و فریوخواردن بە فێڵەکانی بمانپارێزێت.[1]

١- لە (بریسکەی سیازدەیەم)ەوە وەرگیراوە.

ترسناکترین تەڵەی شەیتان

"نەبینینی هەڵە و چەوتی، هەڵەیەکە کە لە خودی هەڵە نەبینراوەکە هەڵەترە.

دان بە هەڵەدا نەنان، لەکە و نەنگییەکی زۆر گەورەیە، بەڵام ئەگەر تۆ هەڵەی خۆت ببینیت، ئەوا ئەو هەڵەیە لە هەڵەیی دەردەچێت. هەروەها ئەگەر ئاوڕێك لە هەڵەکانت بدەیتەوە و لە ئاستیاندا بەداخەوە بیت، ئەوا شایستەی بەخشین دەبێت".

شەیتان بەردەوام داو لەدوای داومان بۆ دەنێتەوە و، هەمیشە خەریکی تەڵەکەبازییە بۆمان.

بێ وەستان، چاڵمان بۆ هەڵدەکەنێت و، بەربەستمان لە ڕێ دادەنێت...

واتە هەرگیز ناهێڵێت هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵبمژین.

دەست لە هەموو کارێکمان وەردەدات، خۆی لە هەموو ئیشێکمان هەڵدەقورتێنێت.

بەردەوام بەدوای خاڵی لاوازماندا دەگەڕێت تا بیقۆزێتەوە.

هەر هەلێکی بۆ بڕەخسێت، بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە و، یەکسەر بە فێڵێك فریوی دەدات و چەواشەی دەکات.

هێندەش بە وەستایانە کارەکەی خۆی دەکات، کە موسوڵمانانی لاواز هەر زوو گوێڕایەڵی دەبن.

لەبەر ئەمە پێویستە لە بەرامبەر ئەم گەمانەی شەیتاندا زۆر وریا و چاوکراوە بین و، نابێت بواری بدەین فێڵمان لێ بکات.

یەکێك لە یاریەکانی شەیتانیش ئەوەیە کە:

وا لە مرۆڤەکان دەکات دان بە هەڵەکانیاندا نەنێن، لە بەرامبەریشدا هەر وەك پارێزەر پاساو بۆ هەڵە و تاوانەکانیان دەهێنێتەوە.

بۆ نموونە دەڵێت: "تۆ هیچ تاوان و هەڵەیەکی وات نەکردووە، هەموو کەسێك ئەم کارەی تۆی کردووە، کەواتە هەر بیریشی لێ مەکەوە، خۆ ئەوانەی بە تاوانبارت دەزانن لە تۆ تێناگەن، چونکە تۆ لەسەر هەقیت. ئەصڵەن هەرچیەك هەیە لەبن سەری ئەوانەدایە ! " .

ئیدی شتگەلێکی وەك ئەمە و زۆر زیاتریشمان لا گەلاڵە دەکات.

ئەوەی ئەم هەستانەمان بۆ دەسازێنێت (شەیتان)ە.

ئیتر هەر کەسێك گوێ بۆ شەیتان بگرێت و شوێنی بکەوێت، نایەوێت هیچ هەڵە و کەموکورتییەك و، تاوانێکی خۆی ببینێت.

گەر بیشیبینێت، دانی پێدا نانێت، گەر قبوڵیشی بکات هەزار بیانووی بۆ دەهێنێتەوە تا خۆی بەڕاست نیشان بدات؛ چونکە لەم کاتەدا بە چاوێکی باش لە خۆی دەڕوانێت و، هەموو کارەکانی بە باش دەزانێت.

جگە لەوەش گەر ئەو هەڵانەی کردبێتە خوو، نایەوێت هەرگیز وازیان لێ بهێنێت.

هەرچەندە دەزانێت کە بە خووگرتنی بەم هەڵانەوە دەبێتە بنێشتەخۆشەی سەر زاری خەڵك، بەڵام لەو خووە ناشیرینانەی پاشگەز نابێتەوە و، بەردەوام دەبێت لەسەریان.

بەڵام ئەگەر بێتو هەڵەکانی قبووڵ بکات و، دان بە تاوانەکانیدا بنێت و، پاساو و بیانوو بۆ خۆی نەهێنێتەوە، ئەوا قازانجێکی زۆری دەست دەکەوێت.

یەکەم شت تەوبە دەکات، واتە دان بەهەڵەکەیدا دەنێت و هەست بە پەشیمانی دەکات.

دووەم، داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە دەکات و، لە کردەوەکانی پەشیمان دەبێتەوە و، زۆر وریا دەبێت بۆ ئەوەی دووبارە ئەو هەڵانە نەکاتەوە.

سێیەم، لەبەر ئەوەی لە تەڵەی شەیتان کەوتبوو، ئیتر پەنا بە خودا دەگرێت لە شەڕی شەیتان، بەم جۆرەش لەو داوانەی شەیتان ڕزگاری دەبێت.

* * *

ئەی ئەگەر تەوبە نەکات، چی لێ دێت؟

پێش هەموو شتێك دەبێتە گاڵتەجار و یاری دەستی شەیتان؛ چونکە گەر مرۆڤ هەڵەی خۆی نەبینێت، ئەوا ئەم هەڵوێستەی هەڵەیەکی گەورەترە لە خودی ئەو هەڵەیەش کە نایەوێت بیبینێت.

واتە مرۆڤ دەکەوێتە بارێکەوە کە پێی دەڵێن: "هێشتا ئەویش قسە ئەکات؟ وەڵا هەر ناشڵێیت هەڵەی کردووە! ئەڵێی نە بای دیوە و نە بۆران".

بەڕاستی هەستکردن بە هەڵە و تاوان و دانپێدانانیان، فەزڵێکی زۆر مەزنە.

ئەگەر هەڵەیەکمان کردبێت، یان تاوانێکمان ئەنجام دابێت، بەڵام لە یادمان نەمابن، ئەوا خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فێرمان دەکات، چی بڵێین، کاتێك دەفەرموێت: (خاوەن ئیمانەکان لە خودا ئەپاڕێنەوە و ئەڵێن: خودایا لێمان مەگرە و سزامان مەدە ئەگەر واجبێکمان لەبیرچوو یا هەڵەیەکمان کرد. خودایا! باری گران مەخەرە سەرشانمان وەك ئەو بارە گرانەی خستبووتە سەر شانی نەتەوەکانی

پـێش ئێمـه. خودایـا ! بارێکمـان مـەدە بەسـەردا توانامـان بەسـەریا نەشکێ، لە گوناهمان ببوورە و تاوانمـان بپۆشـە و بـەزەییت پیامانـدا بێتــەوە و میهرەبانیمـــان لەگـــەڵ بفـــەرموو. تـــۆ گـــەورەمانی. تـــۆ پەروەردگارمانی و سەرپەرشتیمان ئەکەیت، زاڵمان بکە بەسەر کـافرە بێ دینەکاندا) البقرة:٢٨٦.

واتە بە کورتییەکەی داوای لێبووردن بکەین و بڵێین: "خودایـە، داوای لێبووردن دەکەم، جارێکی دیکە دووبارەی ناکەمەوە". [١]

١– لە (بریسکەی سیازدەیەم)ەوە وەرگیراوە.

نەتەوە و ڕەگەزپەرستی کارێکی دروستە؟

مرۆڤـەکان هەنــدێکییان ئینگلیــزن، هەنــدێکیان فەڕەنســین، هەندێکیشـیان ئیتـاڵین، هەندێکیشـیان ڕووســن، تـوورکن، کـوردن، عەرەبن...

ئــەم مرۆڤانــە هەنــدێکیان مەســیحین، بەشـێکی دیکەشـیان بیروباوەڕی دیکەی تایبەت بەخۆیان هەیە.

گـەر بێینـە سـەر موسـوڵمانان، ئـەوا ئـەوانیش بەسـەر میللـەت و نەژادی جیاجیادا دابەشبوون.

هەنـدێکیان عـەرەبن، هەنـدێکیان تـوورکن، هەنـدێکیان کـوردن، هەندێکیان شیشانین، هەندێکیان مالیزی و، هەندێکیشیان پاکستانی و هنـدین، لـەپاڵ ئەمانەشـدا لـە نـاو هـەموو میللەتەکانـدا کـەم تـا زۆر موسوڵمان هەیە.

هیچ کەسێك بەر لەوەی بێتە دنیا و، پاش لەدایکبوونیشـی نـەژاد و نەتـەوەی خـۆی هەڵنابـژێرێت، چـونکە ئـەم هەڵبژاردنـە لەدەسـتی

خۆیدا نییه، واته هەروەك چۆن كەسمان توانای هەڵبژاردنی دایك و باوكمان نەبووه، توانای هەڵبژاردنی میللەتەكەشمان نییه.

كەواته تورك بوون، یان كورد بوون، یان عەرەب بوون، یان هەر نەژادێكی تر بوون شتێك نییە مایەی لەپێشینەبوون و، خۆ بەباشترزانین بێت.

تەماشا بكەن خودا چۆن ئەم ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەكاتەوه كاتێك له قورئاندا دەفەرموێت: (ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوه! با هیچ كۆمەڵە پیاوێ گاڵته به كۆمەڵه پیاوێكی تر نەكا، لەوانەیە ئەو كۆمەڵه پیاوه گاڵتەپێكراوه له كۆمەڵە پیاوه گاڵتەپێكەرەكە چاكتر بن و، با هیچ كۆمەڵە ئافرەتێ گاڵته به كۆمەڵە ئافرەتێكی تر نەكا، لەوانەیە كۆمەڵە ئافرەتە گاڵتەپێكراوەكە لە كۆمەڵە ئافرەتە گاڵتەپێكەرەكە چاكتر بن و، غەیبەتی یەكتر مەكەن چونكه كه غەیبەتی یەكترتان كرد ئەوه وەك ئەوه وایه خۆتانتان عەیبدار كردبێ لەبەر ئەوە كه موسوڵمانان هەموو یەكن و، ناو و ناتۆرەی ناشیرین و خراپیش به یەكترا هەڵمەدەن، زۆر بەدناوییه بۆ موسوڵمان ئەمە كه پاش ئیمان هێنانی به خوا و، موسوڵمان بوونی ناوبانگی به لەدیندەرچوون بزرێ و، هەر كەسیش تۆبه نەكا له گوناهی ئەم كردەوانه و پاشگەز نەبێتەوه لێیان، ئەوانه ستەمكارن و ستەمیان له خۆیشیان و له خەڵكیش كردووه) الحجرات: ١١

هـەر ئـەو زاتـەی دایـك و بـاوكی بـۆ هەڵبـژاردووین، میللـەت و نەژادیشمان بۆ دیاری دەكات.

لەبەر ئەمەیە كـە هـیچ میللـەتێك و هـیچ نـەژادێك لـە میللـەتێك و نەژادێكی دیكە بەڕێزتر و مەزنتر نییە.

– كەواتە كێ باڵادەست و بەڕێزە؟ ئەی پێوەری ڕێزداری چییە؟

– خـوای گـەورە لـە قورئانـدا دەفەرموویـت: (ئـەی خەڵكینـە! بێگومان ئێمە هەموو ئێوەمـان لـە پیـاو و ژنـێ دروسـت كـردووە كـە ئـادەم و حـەووان و، ئێوەمـان كـردووە بـە چـەند نەتـەوە و هـەر نەتەوەیەك بە چـەند خێـڵ و هـۆز كـە بچنەوە سـەر یـەك بنەچـە، بۆ ئەوەی لەناو خۆتانا یەكتر بناسن. بەڕاستی بـە قـەدر و حورمـەتترتان لای خوا ئەوەتانە زۆرتر لە خوا بترسێ و خۆی لە گوناهـ بپارێزێ. خوا هەموو شتێ ئەزانێ و لە هەموو شتێ ئاگادار و شارەزایە) الحجرات: ١٣.

واتـە بـەڕێزترین و مـەزنترین مـرۆڤ، ئـەو كەسـەیە كـە خـودا زۆر بەباشـی دەناسـێت و، زۆری خـۆش دەوێـت و، وەك پێویسـت لێـی دەترسێت.

– ئـەی خـوای گـەورە نەیـدەتوانی هـەموو مرۆڤـەكان بـە یـەك میللەت و یەك نـەژاد و نەتـەوە بـەدیبهێنێت؟ لەبـەر چـی ئـەم هـەموو میللەتە جیاواز جیاوازانەی بەدیهێناوە؟

- بێگومـــان خـــوای گـــەورە دەیتـــوانی، بـــەڵام نـــەیکرد، حیکمەتەکەشی لە ئایەتەکەدا ڕوون کردووەتەوە..

واتــە ئــەم فــرە نەژادییــەمان بــۆ ئەوەیــە کــە یــەکتر بناســین و پەیوەندی کۆمەڵایەتیمان بەهێزتر بێت و، هاوکـاری یـەکتر بـین، نـەك بۆ ئەوەی وەك بێگانـە مامەڵـە لەگـەڵ یـەك بکـەین و، ببینـە دوژمنـی یەکتر..

* * *

بۆ نموونە:

هەموو سـەربازێك بـە پێـی پلـە و یەکـە و بەشـەکەی لـە سوپادا پەیوەندی و ئەرکی تایبەت بە خۆی هەیە. بەڵام لەهەمان کاتدا هەموو سـەربازەکان بـە پلەجیاوازەکانیانـەوە لـەکاتی هەسـتیار و هێرشـی دوژمندا هەمان هەڵوێست دەنوێنن، کـە بریتییـە لـە ئامـادە بـوون بـۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی دوژمن و بە ساغ و سەلامەتی دەرچوون.

خۆ ناکرێت بڵێین ئەم جۆرە دابەشکردنەی سوپا بـۆ سـەر چـەند بەش و یەکەیەکی جیاجیا بۆ ئەوەیە ببنە دوژمنی یـەکتر و بـە یەکـدا هەڵبشاخێن و ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە.

ئیدی هەروەك ئەمە، هەموو موسوڵمانانی ئـەم سـەردەمەش وەك سـوپایەکن، کـە دابەشـبوون بەسـەر میللەتانـدا و، هێنـدەش خـاڵی هاوبەشیان هەیە کە لە ژمارە نایەن.

یەکەم شت بەدیهێنەریان یەکە، ڕۆزیدەریان یەکە، پێغەمبەریان یەکە، پەرتووکیان یەکە و، سەدان و هەزاران یەك و خاڵی هاوبەشی دیکەشیان هەیە.

ئەم هەموو یەکبوون و یەکسانییە پێویستی بە خۆشەویستی و برایەتییە. کەواتە ئەم هەموو جیاوازییەش بۆ یەکتر ناسین و هاوکاری کردنە، نەك بۆ ڕق لەیەکتری بوون و دوژمنایەتی یەکتر کردنە.

* * *

ئایینەکەمان، هەستی نەتەوایەتی قبوڵە و لای پەسەندە و دژی نییە، بەڵام ڕەگەزپەرستی و میللەت سالاری بە باش نازانێت.

مێژووش شاهیدە کە چۆن بیری (میللەتی شکۆمەند و پلەیەك) و (نەژادی پلەیەك) بووەتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین جەنگ و، بە کوژرانی ملیۆنان خەڵك کۆتایی هاتووە.

لایەنگرانی ئەم جۆرە تێگەیشتنە کەسانی بەدەر لە میللەت و هۆزی خۆیان بە کەم وەسف دەکەن و، مرۆڤەکان بەپێی ڕەنگ و نەژادیان هەڵدەسەنگێنن.

تەنانەت تا ئەم ساڵانەی دواییش لە چەند وڵاتێکی پێشکەوتوودا ڕەشپێستەکان لە زۆر ماف بێبەش بوون و، بەیەکچاو لەگەڵ سپی پێستەکاندا سەیریان نەدەکرا.

* * *

هەموو کەسێك میللەتەکەی خۆی خۆشدەوێت و، خزمەتی دەکات و، دەیەوێت بەرەو گەشەسەندن ئاڕاستەی بکات.

هەر ئەمەش نیشتیمانپەروەریی ئەرێنی و، تێگەیشتنێکی ڕاست و دروستە، بەڵام بەو مەرجەی سەرنەکێشێت بەرەو بە کەم تەماشاکردنی میللەتەکانی دیکە و، دوژمنایەتی و دووبەرەکی نانەوە لە ڕیزی نەتەوەکانی دیکەدا.

خۆ گەر کەسێك بیەوێت بزانێت فلان لە چ نەژادێکە و فیسار لە کوێوە هاتووە، ئەوا دەبێت لە (لەوحی مەحفوظ)دا بۆی بگەڕێت، کە ئەمەش مەحاڵە! واتە عیلمی ئەمانە بەس لای خوا گەورەیە.[1]

١- لە (مەکتووبی بیست و شەشەم)ەوە وەرگیراوە.

خەون چۆن لێك دەدرێتەوە؟

خەونەکان هەندێك جار وەکو خۆیان دێنە دی، هەندێ جار لە پشت پەردەیەکی تەنکەوە مانایەك دەبەخشن و، هەندێك جاریش لەپشت پەردەیەکی ئەستورەوە مانایەکیان شاردووەتەوە.

زۆرجار بە هاوڕێیەکمان دەڵێین:

– ئەمشەو خەوێکم بینی.

ئەویش پێمان دەڵێت:

– خێربێت ئینشائەڵلا! خەوت بە چییەوە بینیوە؟

ئێمەش دەڵێین:

– بۆت دەگێڕمەوە، بەڵام دەبێت بۆم لێك بدەیتەوە...

ئیتر دەست بە گێڕانەوەی خەونەکەمان دەکەین و، چاوەڕێی ماناکەشی دەکەین.

چەنێکمان بیر مابێت بە جۆش و خرۆشەوە دەیگێڕینەوە، واتە هەر جێیەك گەڕابین، یا چیمان دیبێت، یا چیمان خواردبێت یا خواردبێتەوە؟ چیمان لەبەرکردووە؟...

هەندێك جار لە شیرینیی خەودا، خەونێکی زۆر خۆش دەبینین، بەڵام تاوێك بە خەبەر دێینەوە و دیسانەوە خەو دەچێتەوە چاومان، کەچی دەچینەوە سەر هەمان خەون.

جاری وا هەیە یەکێك خەبەرمان دەکاتەوە، بەڵام هێشتا چاوەکانمان نەکردووەتەوە، یا نامانەوێت بیانکەینەوە، چونکە حەز ناکەین لە خەونەکەمان بێدار بینەوە، لەبەر ئەوەی لە خۆشترین ساتی خەونەکەداین.

جار هەیە، چەند خولەك یا چەند کاتژمێر خەونێك بۆ کەسانی تر دەگێڕینەوە، کەچی هەر تەواو نابێت، یان چەندین لاپەڕەی لەسەر دەنووسین هێشتا هەر هەموو ئەوەمان نەگێڕاوەتەوە کە لە خەونەکەماندا دیومانە!

بە پێی توێژینەوەکان دوورودرێژترین خەون لە (٩٠) چرکە زیاتر ناخایەنێت، بەڵام خەونی ٣-٤ چرکەییش هەیە.

کەواتە خەون لەم ڕووەوە نیعمەت و بەخششێکی خودایە، فیلمێکی سینەماییە کە خودا لە خەوندا پیشانمان دەدات و، چێژێکە کە خۆمان یەك پێنج فلسیمان تێدا خەرج نەکردووە.

- چەند جۆر خەون هەیە؟

- سێ جۆر.

یەکەم: خەونی ترسناك، واتە مۆتەکە (کابوس)، کە شەیتان نیشانی مرۆڤی دەدات.

دووەم: ئەو خەونانەی کە وێنەی ئەو شتانەمان نیشان دەدەنەوە کە لە ڕۆژەکانی ژیانماندا گرنگیان پێ دەدەین و، سەرنجمان ڕادەکێشن.

سێیەم: خەونی ڕاست (الرؤیا الصادقة)یە.

یەکەم جۆری خەون باشتر وایە هەر بۆ کەسی باس نەکەیت.. هەروەها بۆ ئەوەی لەم خەونانە خۆمان بپارێزین پێویستە نزا بکەین و، پەنا بە خوای گەورە بگرین.

جۆری دووەمیش هێندە ئاڵۆز و تێکەڵ و پێکەڵە کە شیاوی لێکدانەوە نییە، ئەگەر بێتو کەمێکیشی بۆ لێکدانەوە بشێت واتایەکی گرنگی وای نابێت. لەبەر ئەوە پێویست بە لێکدانەوەی ناکات.

خەونی سەرەکی و ڕاستی، خەونی ڕاست (الرؤیا الصادقة)یە کە جۆری سێیەمە.

لە خەونی ڕاستدا مژدەگەلێکی زۆر هەن کە دڵخۆشمان دەکەن و ناخمان ئارام دەکەنەوە و، دڵمان پڕدەکەن لە ئاسوودەیی.

لەم جۆرە خەونەدا چەند پەڕەیەك بەڕووی جیهانی غەیبدا دەکرێتەوە و سەرەداوێك لەو ڕووداوانەی کە هێشتا ڕوویان نەداوە بەدەر دەکەوێت.

ئیدی ئەو خەونەی کە لێکدانەوە هەڵدەگرێت و قابیلی گێڕانەوەیە ئەمەیە.

پێغەمبەرمان ﷺ ئەم ئامۆژگارییەی کردووین دەربارەی ئەم چەشنە خەونە، کە دەفەرمووێت:

"خەونی خۆش لەلایەن خوداوەیە، هەرکەسێ خەونی خۆشی بینی، با تەنها بۆ خۆشەویستەکانی بگێڕێتەوە" .

* * *

– بۆچی دەبێت خەونی خۆش تەنها بۆ خۆشەویستانمان بگێڕینەوە؟

– چونکە دەشێت خەون هەموو کات ڕوون و ئاشکرا نەبێت، هەندێ جار وەکو خۆی دەردەچێت و، هەندێ جاریش لە پشت پەردەیەکی تەنك یان ئەستوورەوە مانایەکی شاراوەی تێدایە.

جاری وا هەیە خەونێکی ناخۆش دەبینین، هەر کە خەبەرمان بووەوە بێتاقەت دەبین و، ورەمان دەڕوخێت و، خەم داماندەگرێت، خۆ ئەگەر لە خەونەکەماندا کەسێك دۆستێك خزمێکمان دیبێت، ئەوا پاش لەخەوهەستانمان ئەو کەسەمان هەر لە خەیاڵ دەبێت.

هەر بۆیە گەر خەونی ئاوامان بینی ئەوا نابێت پەلە بکەین، بەڵکو دەبێت بە هێمنی و بێ شڵەژان هەڵسوکەوت بکەین، چونکە خەونی وا هەیە دیمەنەکەی ترسناك و تۆقێنەرە، بەڵام واتاکەی جوان دەردەچێت.

بەگشتی زۆر کەس ناتوانن خەون و ماناکەی لەیەك جیا بکەنەوە، بۆیە پێویست ناکات لە هیچی خۆڕایی خۆت خەمبار بکەیت و زۆر بیری لێ بکەیتەوە.

- ئەی چی بکەین؟ چۆن هەڵسوکەوت بکەین؟

- ئەمە ئاسانە.

کاتێك کە خەونێکی خۆش دەبینیت، بۆ دایکت یا باوکت یان گەورەیەکی بگێڕەوە و، داوای لێکدانەوەکەی بکە، تا ناخت ئارام ببێتەوە.

* * *

پێغەمبەرمان ﷺ خەونی زۆر خۆشی دەبینی و، کاتی نوێژی بەیانی بۆ هاوەڵانی دەگێڕایەوە.

هاوەڵانیش ئەو خەونانەی کە دیبوویان بۆ پێغەمبەریان ﷺ دەگێڕایەوە و داوای خەوپرژێنییان لێ دەکرد، واتە واتای خەونەکەیان بۆ لێك بداتەوە.

پێغەمبەریش ﷺ خەونەکانی وەك خۆی بۆ لێك دەدانەوە و، دواتر وەك ڕۆژی ڕووناك دەهاتە دی.

* * *

جوانترین لێکدانەوەی خەونیش لە قورئانی پیرۆزدا باسکراوە، کاتێك حەزرەتی یوسف (سەلامی خوای لێ بێت) مندالْ دەبێت خەونێك دەبینێت و، خەونەکەی بۆ باوکی دەگێڕێتەوە:

(باسی ئەوە بکە کە یووسف بە یەعقووبی باوکی وت: بابە من یازدە ئەستێرەم لە خەودا چاوپێ کەوت لەگەڵ خۆر و مانگدا، چاوم پێ کەوتن سوجدەیان بۆ ئەبردم.

یەعقووبیش لە وەڵامدا وتی: کوڕە بچکۆلانەکەم! ئەم خەوەت بۆ براکانت مەگێڕەوە؛ نەبادا مەعنای خەوەکەت بزانن و بەخیلیت پێ ببەن و، فێڵێکت لەگەڵ بکەن کە زیانت پێ بگەیێنن. بێگومان شەیتان دوژمنێکی ئاشکرایە بۆ ئینسان و لەوانەیە وەسوەسە بخاتە دڵی براکانتەوە و دەستت لێ بوەشێنن.

ئا وەها خودا هەڵتئەبژێرێت و مەعنای قسە گرانەکانی کتێبەکانی خۆی و قسەی حەکیمان و خەوبینین و شتی ترت فێرئەکات و نیعمەتی خۆیت بۆ تەواو ئەکات، هەم پێغەمبەری و هەم موڵك و دارایی و دەستەڵات بۆ تۆ و بۆ ئالی یەعقووب، هەروەك نیعمەتی گەورەی پێغەمبەرایەتی و جێگە و ڕێگەی پێش تۆ بۆ ئیبراهیم و

ئیسحاقی باپیرت، تەواوکرد. بەڕاستی خودای پەروەردگاری تۆ زانایە و کارەکانی پڕ حیکمەتن) یوسف:٤-٦.

حەزرەتی یوسفیش (سەلامی خوای لێ بێت) خەونلێکدەرەوەیەکی یەکجار بەتوانا بوو، هەر خەونێکی لێک بدایەتەوە بە تێپەڕبوونی کات وەکو خۆی دەردەچوو.

* * *

لە ڕاستیدا بەخەون کار ناکرێت و، بە گوێرەی خەونەکان کار و کردەوە ئەنجام نادرێت، چونکە خەون حوکمێکی ئایینی لە خۆ ناگرێت.

لەبەر ئەمە نابێت مرۆڤ، هەڵسوکەوتی بەپێی خەونەکانی ڕێک بخات.

خەونە خۆشەکان تەنها مژدە و ئومێد و، ترووسکەیەکی ڕۆشنایین بەرەو داهاتوو و، سەرچاوەیەکی خۆشحاڵکردنن.

بەڵام جاری وا هەیە خودا بە نسیبمان دەکات و پێغەمبەری نازدارمان ﷺ لە خەونماندا دەبینین، ئەم جۆرە خەونە بە تەواوەتی ڕاستە و، هیچ ئاڵۆزی و هەڵەیەکی تێدا نییە.

لەم بارەیەوە پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرمووێت:

"هەرکەس منی لەخەوندا بینی، ئەوا بەڕاستی منی بینیوە؛ چونکە شەیتان ناتوانێت لە شێوەی مندا بچێتە خەونی کەسەوە".

لەبەر ئەمە خۆشترین و، جوانترین و، شیرینترین و، تەواوترین خەون، ئەوەیە کە خەون بە پێغەمبەرەوە ﷺ ببینین.

بۆیە دەبێت نزا بکەین خوای گەورە ئەم جۆرە خەونە شیرینەمان بە نسیب بکات.[1]

١- لە (مەکتووبی بیست و هەشتەم)ەوە وەرگیراوە.

کێ ئەم بوونەوەرە ناسکانەی بەم ڕەنگاوڕەنگییە نەخشاندووە؟

ڕۆژێکی خۆشی بەهار...

وەرزێك، کە گوڵە کێوی و خۆرسکەکان وەك تارایەك زەوییان ڕازاندبووەوە.

ڕۆژێکی خۆرەتاو کە دەشت و کێو یەکپارچە سەوز داهاتبوون لە ماڵ چوومە دەرەوە، بۆ ئەوەی بۆنی بەهار بکەم.

خۆم لەناو گوڵە ڕەنگا و ڕەنگ و شێوە هەمەڕەنگ و ئاڵا و واڵاکاندا بینیەوە. بەڕاستی دیمەنی بەشەوق و زەوقی ڕەنگەکان، هەر لە سەوز و سوورەوە تا شین و پەمەیی و هەموو ڕەنگەکانی دیکەی پەلکەزێڕینە مرۆڤیان مەست دەکرد.

کرانەوەی گوڵی هەر درەختێك بە جۆرێکە و، گەڵاکانی جۆرێکی ترن، هەر یەك لە ڕەنگەکانیش لە جوانیی و گەشیی و بریقەیاندا لە یەکتری جیاواز بوون.

زۆر گەڕام و بە ناویاندا پیاسەم کرد و، تەماشای سروشتی ناوازە و دڵڕفێنم کرد و، سەرنجم لە نیگاری جوان و دڵڕفێنی بەهار دا...

هەموو ڕووەك و گوڵەکان هێندە ناسك و تەڕ و گەش و پاراو بوون کە بوێریم نەدەکرد دەستیان بۆ بەرم، بۆیە پڕ بە سینە و دڵم بە بۆن و بەرامەی گوڵەکان خۆم مەست کرد.



تەماشای ڕاست و چەپ و دەوروبەری خۆم دەکرد و، بیرم لەو زاتە هونەرمەندە دەکردەوە کە ئەم گوڵ و دار و درەخت و گیا و نەمامەی ڕەنگ کردووە، ئەو زاتەی بەم نەخش و نیگار و هونەرمەندییە ئەم بوونەوەرە ناسکانەی بەدیهێناوە، ئەو زاتەی ئەو نەمامە تەڕ و پاراو و سەوزانەی لەو خاکە وشك و ڕەقەوە دەرهێناوە!

ئای! چۆن کەمەندکێشی ئەم خەیاڵانەم بووبووم.. چ کەشێکی سەرسوڕهێنەر و ناوازە و لێوان لێو لە جوانی و ڕامان بوو!

هەموو ئەمەش دەرەنجامی ئەو هەستانەم بوو کە لە ئێوارە کۆڕێکدا لام گەڵاڵە بوو..

لەو کۆڕەدا مامۆستایەکی گەنج پەرتووکێکی گەورەی بەرگ سووری[1] پێبوو، دەستی کرد بە خوێندنەوەی. هێندە لە بابەتەکەدا ڕۆچووبوو، دەتوت لەنێو ئەو گوڵانەدا دانیشتووە کە باسمان کرد، نەك لەو ژوورەدا کە کۆڕەکەی لێ بەسترا بوو!

لە خوێندنەوە و شیکردنەوەی بابەتەکانی کتێبەکە بەردەوام بوو:

هەموو ڕووەکێك، لە کاتی پشکوتنیدا، بە پەخشکردنی خۆشی و جوانی، مەعنەویەن قسە دەکەن.

بە زمانی حاڵ دەڵێن ئەوان:

ئاوێنەیەکن و، ڕەنگدانەوەی جوانی و ناوازەیی ئەو زاتەن کە بەو شێوەیە نەخشاندوونی.

هەر لە گوڵە زەرد و سوور و سەوزەکانیانەوە بیگرە تا پەمەیی و مۆر، هەموویان دەیانەوێت بڵێن سەرچاوەی ڕەنگەکانیان ئەو خاکە بێگیان و بێ ڕۆح و بێ هەستە نییە کە تێیدان.

هەموو گوڵێك بە زمانی جوانی خۆیان شتێك بە گوێی تەماشاکەرەکەیاندا دەچرپێنن...

١- مەبەست لەم کتێبە گەورە بەرگ سوورە (پەیامەکانی نوور)ی مامۆستا (سەعیدی نوورسی)یە.

لە درێـژەی کۆڕەکـەدا یـەکێکی تـر لـە ئامـادەبووان درێـژەی بـە باسەکە دا:

وەرن بـا تەماشـای دارێـك بکـەین! لـە وەرزی بـەهاردا چـۆن بـە گـەڵای سـەوز و ناسـك خـۆی دەپۆشـێت، پاشـان بـە پێوانەیـەکی دیـاریکراو بـە چـرۆ خـۆی دەڕازێنێـەوە و، دوای ماوەیـەکیش خـوای گەورە بە حیکمەت و بەزەیی خۆی لەو گوڵانەوە میوەی تەڕ و پاراو و شـیرین و بەلـەزەت بەرهـەم دەهێنێـت، تـا ئێمـە بـە تـام و بـۆن و ڕەنگەکانی ئەم هەموو جۆرە بەرهەمە سەرسام بکات.

هـەموو گوڵـەکان بـە زمـانی حـاڵ و، بـە ڕووخسـار و شـێوەی سەرسوڕهێنەریان یادی ناوەکانی خوای بەدیهێنەریان دەکەن و، ئێمـە بە خالقی کاربەجێمان دەناسێنن.[1]

١– لە (وتەی سی و سێیەم)ەوە وەرگیراوە.



باپیرە نوور
فێرمان دەکات

کتێبی یەکەم

(باپیرە نوور) لە ماوەی نەوەد ساڵی تەمەنیدا لە هەموو پەرتووك و نووسراو و وانەکانیدا تەنها لەسەر یەك بابەت ڕاوەستاوە، ئەویش (ئیمان)ە.

– ئیمان چییە؟

– ئێمە چۆن بە ڕامان و بیرکردنەوە لە بوونەوەران بەدیهێنەرمان بناسین؟

– چۆن لەناوە پیرۆزەکانی خوای گەورە وردبینەوە و لێیان تێ بگەین؟

–چۆن بتوانین پەروەردگارمان بناسین و باوەڕی پێ بهێنین؟

– بە چ شێوازێك لە قورئان بڕوانین و لێی تێ بگەین؟

– پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) چیمان فێردەکەن؟

– بەهەشت و دۆزەخ چین؟

– مرۆڤ بۆ چ مەبەستێك لەم دنیایەدا بەدیهێنراوە؟ ئەرکەکانی سەرشانی کامانەن؟

– چۆن خودا بپەرستین؟ بۆچی دەبێت ملکەچی بڕیار و فەرمانەکانی خودا بین؟

هەوڵماندراوە بە ساناترین شێوە وەڵامی ئەم پرسیارە هەرە گرنگانەتان بدەینەوە و، سوودێك بە ئێوەی خوێنەری بەڕێز بگەیەنین...



باپیرە نوور

فێرمان دەکات

کتێبی دووەم

وانە شیرینەکانی (باپیرە نوور) سەرنجی منداڵ و گەنج و پیر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، لەبەر ئەوەی کە تەنانەت بابەتە هەرە سەخت و ئاڵۆزەکانی بە شێوازێکی سادە باسکردووە، ئەمەش وایکردووە هەموومان لێی تێبگەین و، زۆر حەز بە وانەکانی بکەین.

هەربۆیە (پەیامەکانی نوور) ی (باپیرە نوور) لای هەمووان زۆر پەسەند و خۆشەویستە و، زۆریش خوێندراوەتەوە..

بە گشتی (باپیرە نوور) لە هەموو کتێبەکانیدا و، لە بەرهەم و نووسراوەکانیدا و، لە سەرجەم وانەکانیدا لەسەر یەك بابەت زۆر وەستاوە و باسی کردووە، کە ئەویش (ئیمان)ە.

لەم پەرتووکەشدا، ئەو بابەتانە باسکراون کە پەیوەستن بە (ئیمان)ەوە.

- (ئیمان) چۆن نوێ دەبێتەوە؟
- چەند جۆر سوپاسگوزاریی هەیە؟
- مردن چ جوانییەکی تێدایە؟

ئەم کتێبەش هەروەك کتێبەکەی پێشوو، بە خۆشەویستییەوە بخوێننەوە، تا ببێتە ڕابەری ژیانتان.

باپیرە نوور
فێرمان دەکات

کتێبی سێیەم

وانە شیرینەکانی (باپیرە نوور) سەرنجی منداڵ و گەنج و پیر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، لەبەرئەوەی کە تەنانەت بابەتە هەرە سەخت و ئاڵۆزەکانی بە شێوازێکی سادە باس کردووە، ئەمەش وایکردووە هەموومان لێی تێبگەین و، زۆر حەز بە وانەکانی بکەین.

هەربۆیە (پەیامەکانی نوور)ی (باپیرە نوور) لای هەمووان زۆر پەسەند و خۆشەویستە و، زۆریش خوێندراوەتەوە..

بەگشتی (باپیرە نوور) لە هەموو کتێبەکانیدا و، لە بەرهەم و نووسراوەکانیدا و، لە سەرجەم وانەکانیدا لەسەر یەك بابەت زۆر وەستاوە و باسی کردووە، کە ئەویش (ئیمان)ە.

لەم پەرتووکەشدا (باپیرە نوور) لەسەر ڕوونکردنەوە و باسکردنی (ئیمان) بۆ مرۆڤەکان بەردەوامە.

ئەم پەرتووکەش، وەك پەرتووکەکانی دیکە، بە خۆشەویستی و پەند لێ بینینەوە بخوێننەوە، تا ببێتە ڕابەری ژیانتان.

باپیرە نوور
فێرمان دەکات

کتێبی چوارەم

وانە شیرینەکانی (باپیرە نوور) سەرنجی منداڵ و گەنج و پیر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، لەبەرئەوەی کە تەنانەت بابەتە هەرە سەخت و ئاڵۆزەکانی بە شێوازێکی سادە باس کردووە، ئەمەش وایکردووە هەموومان لێی تێبگەین و، زۆر حەز بە وانەکانی بکەین.

هەربۆیە (پەیامەکانی نوور)ی (باپیرە نوور) لای هەمووان زۆر پەسەند و خۆشەویستە و، زۆریش خوێندراوەتەوە..

بەگشتی (باپیرە نوور) لە هەموو کتێبەکانیدا و، لە بەرهەم و نووسراوەکانیدا و، لە سەرجەم وانەکانیدا لەسەر یەك بابەت زۆر وەستاوە و باسی کردووە، کە ئەویش (ئیمان)ە.

لەم پەرتووکەشدا ئەم بابەتانە باسکراون کە پەیوەستن بە (ئیمان)ەوە:

- چۆن بتوانین تەمەنمان درێژ بکەینەوە؟ بەهەشت چەندێك هەرزانە. حەزرەتی ئادەم چۆن لە بەهەشت دەرکرا؟ ئایا خزری پیاوچاك دەژی؟ بۆچی دەترسین؟ خەون چۆن لێکدەدرێتەوە؟

ئەم پەرتووکەش، وەك پەرتووکەکانی دیکە، بە خۆشەویستی و پەند لێ بینینەوە بخوێننەوە، تا ببێتە ڕابەری ژیانتان.

پێڕست

حیکمەتی شوانێتی کەڵەشێر و دایکایەتی مریشك ٣
پەیوەندی چاوی مێشوولە بە کۆمەڵەی خۆرەوە چییە؟............ ٩
چۆن دەتوانین تەمەنمان درێژ بکەین؟....................... ١٤
چۆن سەربەرزیی دواڕۆژ بەدەستدەهێنرێت؟ چۆن خەمی دواڕۆژمان
نەمێنێت؟ ٢١
ئەرکی ئێمەی مرۆڤ چییە؟ ٢٩
بەهەشت ئاسان دەست دەکەوێت؟.......................... ٣٦
بۆچی حەزرەتی ئادەم (سەلامی خوای لێ بێت) لە بەهەشتەوە
نێردرایە سەر زەوی؟ ٤٤
ئایا حەزرەتی خضر (سەلامی خوای لێ بێت) لەژیاندا ماوە؟ ٥٢
ئەو نەهەنگەی کە حەزرەتی یوونسی(سەلامی خوای لێ بێت) قوت دا!
.... ٦٠
ئازارەکانی حەزرەتی ئەییوب (سەلامی خوای لێ بێت)............ ٧٠
پێویستە چۆن نەوەکانی پێغەمبەرمان ﷺ خۆش بوێت؟ ٧٧
چۆن سوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺ لە ژیانماندا پەیڕەو بکەین؟ ٨٣
زیندووڕاگرتنی سوننەتەکان چ سوودێکمان پێ دەگەیەنێت؟ ٨٨
ئاکار و ڕەوشتی پێغەمبەرمان ﷺ چۆن بووە؟ ٩٥

ئێمە تا چەند هاوەڵان (الصحابة) دەناسین؟................ ١٠٣
خوشەویستی و برایەتی ئایینی چیە و چۆن دەبێت؟............ ١١٢
پێویست دەكات هەموو ڕاستییەك بڵێین؟...................١١٧
كەسی باش كێیە؟ ئەی كەسی خراپ كێیە؟..................١٢٦
ترس چییە؟ ئێمە بۆچی دەترسین؟........................١٣٣
كاتێك تاوان دەكەین ئیمانمان نامێنێت؟....................١٣٩
پەرستشی نەرێنی چییە؟................................ ١٤٥
بەلا و ناخۆشییەكان چۆن كەم دەكەن؟.....................١٥٢
خوایە گیان، دیسانەوە وەسوەسە! دووبارە بیروهۆشم پەرتەوازە
بووەوە! ١٥٩
یارییە ترسناكەكەی شەیتان ١٦٥
ترسناكترین تەڵەی شەیتان ١٧٢
نەتەوە و ڕەگەزپەرستی كارێكی دروستە؟................. ١٧٧
خەون چۆن لێك دەدرێتەوە؟.......................... ١٨٣
كێ ئەم بوونەوەرە ناسكانەی بەم ڕەنگاوڕەنگییە نەخشاندووە؟. ١٩١

NUR DEDE ANLATIYOR

MEHMED PAKSU

زنجیرەی
(باپیرە نوور فێرمان دەکات)
چەند کتێبێکە بۆ
تێگەیاندنی منداڵان لە
بنەما سەرەکییەکانی
(باوەڕ) و، لێوانلێوە لە
وەڵامی ئەو پرسیارانەی بە
خەیاڵی هەموو منداڵێکدا
دێت و دایکان و باوکان
زۆبەی کات لەئاستیدا
دۆش دادەمێنن.



ناوەندی راگەیاندنی ئارا
www.aramediacenter.com
info@aramediacenter.com

0-0193-0000-X
9 780019 300001

نرخی (٤٠٠٠) دینارە